لە شوباتی 2023 دەرچووە

# پێداچونەوەیەک بۆ گۆڕانکاری کاری مرۆیی

## عێراق



# دەربارەی ئەم بەڵگەنامەیە

ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی یەکخراوە لەجیاتی تیمی مرۆیی لەعێراق و هاوبەشەکانی. تێگەیشتنێکی هاوبەش دابین دەکات لە بارەی قەیرانەکە، لەوانە ئەو پێویستیە مرۆییانەی کە زۆرترین جەختیان لەسەر کراوەتەوە لەگەڵ ژمارەی خەملێندراوی خەڵک کە پێویستیان بە هاوکاریە. لەسەر بنەمای بەڵگەنامەیەکی لێکدراو دەبێت و یارمەتیدەر دەبێت بۆ پلاندانانی بەهاناوەچوونێکی ستراتیجی هاوبەش.

هێلکاریەکانی کە دانراون و ئەو بابەتانەی کە پێشکەشکراون لەم ڕاپۆرتە زادەی هیچ دەربڕینێك نیە یان هەر ڕایەکی کە هەبێت لەسەر بەشی سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی بارودۆخی یاسایی هەر وڵاتێك، خاکێك و شار یان ناوچەیەکی دەسەلاتدارانی، یان لە بارەی سنورداریەکانی سەر سنور یان هێلەکانی سەر سنور.

### *وێنەی سەر بەرگ*

سندوقی مرۆیی عێراق لەگەڵ هاوبەشە جێبەجێکارەکەی، COOPI، کردنەوەی وێستگەی پاککردنەوەی ئاو لە الرواشید لە بەلەد دوای نۆژەنکردنەوە، باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئاوی پاک لە ناوچەکە، بەلەد، سەلاح الدین، هیوا صادق، UNOCHA © 2023

## تازەترین هەواڵەکان بە دەستبهێنە

OCHA

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی هەماهەنگی کاری مرۆیی دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو کەسانەی کە زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی قەیرانەوە ئەو هاوکاری و پاراستنەی کە ئەوان پێویستیانە وەریدەگرن. کار دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکانی کە دێنە پێشەوە بۆهاوکاری مرۆیی لە دەستگەیشتن بەو کەسانەی کە بەهۆی قەیرانەوە زیانیان پێگەیشتووە، و سەرکردایەتی دابین دەکات لە جولەپێکردنی هاوکاری و سەرچاوەکان بە ناوی سیستەمی مرۆیی.

www.unocha.org/iraq
www.twitter.com/ochairaq

rw response

بەهاناوەچوونی مرۆیی ئامانجی ئەوەیە کە ببێتە ماڵپەرێکی ناوەندی بۆ ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی زانیاری و خزمەتگوزاریەکان، تواناپێدان بە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان گروپەکان و ئەندامانی لێژنەی فرە ئاژانس کە کاردەکەن لە ناو خودی قەیرانی درێژبووەوە یان لە دەستپێکی سەرەتای قەیران.

https://response.reliefweb.int/iraq

Humanitarian InSight

تێڕوانینی مرۆیی هاوکار دەبێت بۆ بڕیاردەران و دەستگەیشتنیان پێدەدات بۆ داتای سەرەکی مرۆیی. تازەترین زانیاری پشتڕاستکراو دابین دەکات لەسەر پێویستیەکان و گەیاندنی بەهاناوەچوونی مرۆیی و هەروەها بەشداریە داراییەکانیش.

www.hum-insight.info/plan/1035

fts Financial Tracking Service

خزمەتگوزاری بەدواداچوونی دارایی بریتی یە لە دابینکاری سەرەکی داتای تازەکراوەی بەردەوام لەسەر پاڵپشتی کردنی دارایی جیهانی، و بریتی یە لە بەشداریکارێکی گەورە بۆ بڕیاردانی ستراتیجی بۆ تیشك خستنە سەر بۆشاییەکان و کارە لەپێشینەکان، بەمەش بەشدار دەبێت بۆ هاوکاری مرۆیی کاریگەر و تەواو و بنەماداری مرۆیی

https://fts.unocha.org/countries/106/summary/2022

HDX

گۆڕینەوەی داتای مرۆیی بریتی یە لە مێزگەردێکی کراوە بۆ بەشداری پێکردنی داتا لە سەرانسەری قەیرانەکان و ڕێکخراوەکان. ئامانجی ئەم مێزگەردە بریتی یە لە دروستکردنی داتای مرۆیی بە ئاسانی بۆ دۆزینەوە و بەکارهێنانی شیکاری. لەم ماڵپەڕە

https://data.humdata.org/group/irq

# خشتەی ناوەرۆک


دەربارەی ئەم بەڵگەنامەیە ٢

خشتەی ناوەرۆک ٣

پێشەکی ٤

ئامانجەکان ٥

بەشی یەکەم
پێداچوونەوەیەک بۆ بارودۆخی مرۆیی ٦

بەشی دووەم
ئەو پێداویستییە مرۆییانەی کە ماون ٨

بەشی سێیەم
کارە لەپێشینەکان بۆ وەڵامدانەوەی مرۆیی ١٣

بەشی چوارەم
وەڵامدانەوەی ئەکتەرەکانی تر ١٦

بەشی پێنجەم
پێداچوونەوەی گۆڕانکارییەکان ٢٠

بەشی شەشەم
هاوپێچەکان ٢٧

کورتکراوەکان ٥٠

# پێشەکی

سیستەمی کاری مرۆیی نێودەوڵەتی- نەتەوە یەکگرتوەکان, ڕێکخراوەناحکومیەکان- دەستیان کرد بە ئۆپەراسیۆنی وەڵامدانەوە لە ساڵی ٢٠١٤ دا لەسەر بنەمای داواکاری حکومەتی عێراق بۆ هاوکاریکردن و دابینکردنی پێداویستییەکی زۆر کەبەهۆی توندوتیژیەکانی داعشەوە دروست بوو. ئەو کاتە سەردەمی قەیرانێکی بێوێنە بوو چ بۆ خەڵک و چ بۆ حکومەت لە عێڕاقدا و ئەمەش پێویستی بە پشتگیری و هاوکاری جیهانی هەبوو.

دوای پێنج ساڵ لە تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەرفراوانەکان دژی داعش لە ساڵی ٢٠١٧دا، بارودۆخی مرۆیی لە عێراق زۆر بەرەو پێش چوو، لەگەڵ کەمبوونەوەی بەرچاو لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە داوای یارمەتی مرۆییان دەکرد لە ١١ ملیۆن کەس لە ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢,٥ ملیۆن سەرەڕای ئەوەش بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنی دیموکراسی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا لەگەڵ گەڕانەوەی داهاتی دەوڵەت لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ەوە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو پێگەیەکی باشتریان هەیە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بە کوالێتی باش و پاراستنی دانیشتوانەکەیان لەوانەش ئاوارە ناوخۆکان و دانیشتوانە گەڕاوەکان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیران لە وڵاتانی تر کە زیاتر پێویستی بە توانا ناوخۆییەکان هەیە، پارەدانی ساڵانەی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیە مرۆییەکان لە عێراق بە خێرایی دەستی بە کەمبوونەوە کرد و پێشبینی دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا بەردەوام بێت لە کەمبوونەوە دوای گەیشتن بە کۆی گشتی ١,٨ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٦دا لە کاتی پێشڕەوییکردنی ئازادکردنی شاری موسڵ لەلایەن حکومەتی عێڕاقەوە و ٤ سالی دواتر کە بە باشترین کۆمەکی کراوە لە ئاستی جیهاندا لەگەڵ زیاتر لە ٩٥٪ ی پێداویستیەکانی دارایی جێبەجێکرا. پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی ساڵی ٢٠٢١ بۆ عێراق تەنها ٦٣٪ ی پارەی داواکراوی وەرگرت، و ئاستی پارەدان بۆ پلانی وەڵامدانەوەی مرۆڤدۆستانەی ٢٠٢٢ بە ئەستەم گەیشتە ٦٧٪ تا کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی - ٢٠٢٢ و دواتریش ئەو بڕە هاوکاریە هەر نزیکەی ٦٠٪ بوو بۆ زۆربەی ساڵەکە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١دا، حکومەتی عێراق پلانێکی نیشتیمانی دەرکردووە لەسەر ئاوارەبوونی ناوخۆ و بە هاوبەشی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان- چوارچێوەی هاریکاری گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDSCF) هەردووکیان پێشوازییان لە نیشانەکانی توانای حکومەت کرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بەردەوام بۆ ئەوانەی کە لە ئاوارەیی دەمێننەوە و پابەندبوونی بە ئاشتی و خۆشگوزەرانی داهاتووی عێراق و بە هاوکاری ئەکتەری جێگیرکردن و گەشەپێدان تیمی دەوڵەتی مرۆیی دانیان بەوەدا نا کە هۆکاری سەرەکی زۆربەی پێداویستییە بەردەوامەکان لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی گەشەپێدانی ئەو پرسانەی بە هەڵپەسێراوی ماونەتەوە بەڵام ستراتیژیەکانی پەرەپێدان زیاتر کاریگەرن لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا.

نەتەوە یەکگرتووەکان تەرکیزەکەی خۆی لە پلانێکی وەڵامدانەوەی مرۆییەوە گۆڕیوە بۆ ڕێبازی گرنگیدان بە گەشەپێدان، چونکە ئەمە باشتر خزمەتی پێویستیەکانی هەموو هاوڵاتیانی عێراق دەکات نەک تەنها ئەوانەی کە بەهۆی قەیرانی داعشەوە زیانیان بەرکەوتوە. ڕێکخەری مرۆیی لەڕێگەی دانیشتنە ئاساییەکان و نامەیەکی فەرمییەوە ئەم گۆڕانکاریەی بەحکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندوە. دەرچوونی یاسای فریاکەوتنی ئاسایشی خۆراک و گەشەپێدانی خۆراک لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢دا بەتایبەتی توانای حکومەتی زیادکردووە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی هەموو هاووڵاتیان. ژینگەی دارایی حکومەت بەردەوام لە گەشەکردندایە بەتایبەتی بەهۆی گرانی نرخی نەوتەوە. لە ئەنجامی کەمبوونەوەی پێداویستییە مرۆییەکان و هەبوونی چارەسەرە دوورمەوداکان و چارەسەرەبەهێزەکان، وەڵامی مرۆیی نێودەوڵەتی لە عێراق دادەبەزێنرێت و لە ژێر سایەی UNSDF دا ڕێبازی حکومەت جێبەجێ دەکرێت بە هاوکاری چوارچێوەی هەماهەنگی کاری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەروەک لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە، نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارەکانی پابەندن بە بەردەوامبوون لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕادەستکردنی ئۆپەراسیۆنە مرۆییەکان و پشتگیریکردنی حکومەت لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی دابینکردنی خزمەتگوزاری پاراستنی ژیان و خزمەتگوزاریە پێویستیەکان بۆ ژیانی خەڵکی بەشێوەیەکی دوور مەودا. هەروەها لە چوارچێوەی هەماهەنگیکردنی کاری مرۆیی نەتەوە یەکگرتوەکان بە تایبەتی ئەولەوییەتی ستراتیجی ٥ (ئێس پی ٥) لە "بەدەست هێنانی ڕێگاچارەی شکۆمەندانە، سەلامەت و خۆویستانە بۆ چارەسەرکردنی دوورمەودای پرسی ئاوارەبوون لە عێراق"، ئەویش بە هاوکاری و تەواوکردنی هەر پێداویستیەک کە پێویست بوو بە دەستێوەردانە مرۆییەکان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

# ئامانجەکان

لەژێر ڕۆشنایی گواستنەوە و کەمکردنەوەی پێوەری وەڵامدانەوەی مرۆیی نێودەوڵەتی لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٢ و لە هەوڵێکدا بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامبوونی پشتیوانی بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستیە مرۆییانەی ماون لە ساڵی ٢٠٢٣ دا، تیمی نێودەوڵەتی کاری مرۆیی عێراق رازی بوو بۆ پەرەپێدانی ئەم پێداچوونەوەیە، کە باس لە پێداویستییە مرۆییە گرنگەکانی دەکات کە حکومەت و هاوبەشە گەشەپێدراوەکان لە ٢٠٢٣دا لە پێگەیەکی تەواو پێویستدا نین، وە پێناسەی ئەولەوییەتیەکانی تیمی کاری مرۆیی وڵات بۆ بەرنامەسازی و کۆکردنەوەی پارە ئەم کورتە گشتیە هەروەها یارمەتی بەخشەرەکان و ئاژانسەکان دەدات بۆ ئەولەویەتی پشتگیری لە ساڵی ٢٠٢٣. ئەم پێداچونەوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەخشەر و ئاژانسەکان بۆ ئەوەی ئەولەویەتی هاوکاریەکانی خۆیان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ دیاری بکەن.

ئەم پێداچونەوەیە بۆ ڕوانگەی گواستنەوەی کاری مرۆیی لەلایەن نوسینگەی هەماهەنگی بۆ کاروباری مرۆیی ( ئۆچا) وە ئامادەکراوە بەهاوکاری تیمی هەماهەنگی کاری مرۆیی وڵات و گروپی هەماهەنگی نێوان کۆمەڵەکان لە نێوان ئەیلولی ٢٠٢٢ بۆ کانونی دووەمی ٢٠٢٣. ئەم بەڵگەنامەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوبەش دەکرێت و دەبێتە بەڵگەنامەیەکی گشتی کە وەک ڕێنوێنێک خزمەت دەکات بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوبەشان و بەخشەرەکان بۆ کاری مرۆیی لە ساڵی ٢٠٢٣دا.

پێداچوونەوەی ڕوانگەی گواستنەوەی مرۆیی لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ٢٠٢٢ هەڵسەنگاندنی پێداویستی کۆمەڵەکان و خەمڵاندنی دروست دەکات بۆ گرووپ و شوێنەکانی دانیشتوان و ئەولەویەت بۆ کرداری تیمی کاری مرۆیی وڵات لە ساڵی ٢٠٢٣ دیاری دەکات. هەرچۆنێک بێت، تیمی کاری مرۆیی وڵات ئەو ژمارانە دەستنیشان ناکات بۆ ئەوەی خەڵک بکرێتە ئامانج وە نە پێداویستی داراییش دیاری دەکات. تیمی کاری مرۆیی وڵات نە چاودێری دەکرێت و نە بەشداری پێدەکرێت لە پێداچوونەوەی ڕوانگەی کاری مرۆیی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٢٣.

بەشی یەکەم


# پێداچوونەوەیەک بۆ بارودۆخی مرۆیی

سیستەمی مرۆیی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٤دا لە عێراق ئۆپەراسیۆنەکانی دەستپێکرد بۆ پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی ئەنجامی چالاکیەکانی داعش و ئاوارەبوون و توندوتیژییەکانی لێیکەوتەوە. لە نێوان کانوونی دووەمی ٢٠١٤ و کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارە مرۆییەکانی یارمەتی ژیانیان پێشکەش بە نزیکەی حەوت ملیۆن هاووڵاتی عێراقی کرد، لە نێوان نۆ پارێزگادا، لە دەیان کامپی ئاوارەکان و هەزاران شوێنی دیکە لە چەندین پارێزگای جیاواز کە کاریگەر بوون بە توندوتیژیەکانی داعش.

بەخشەری نێودەوڵەتی ٨ ملیار دۆلاری مەزەندەکراوی بۆ ئەم هەوڵە فریاگوزارییە دابین کرد. هاوتەریب، بە ملیارەها پارەی زیاتر لەگەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و جێگیرکردن یارمەتی حکومەتی عێراقی داوە لە گێڕانەوەی سیستەمی کارەباو ئاوی گشتی و ئاوەدانکردنەوەی ڕێگاوبانەکان و ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەکان و ئاسانکاری تەندروستی و خانووبەرەو ئاوەدانکردنەوە.

لەماوەی ساڵی ٢٠٢٢دا ٩٩١,٠٠٠ کەس کە لە پێگەیەکی لاوازدا بوون کراونەتە ئامانج لەلایەن پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی عێراق لەوانە ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپەکان و ئاوارە ناوخۆکانی دەرەوەی کامپەکان و گەڕاوەکان.

ئەو وێنەیەی خوارە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ ژمارەی دانیشتوانی کاریگەر کە نزیکەی ٩٩١ یەک هەزار خەڵک بوون لەگەڵ پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ ١,٥ ملیۆن کەس لەوانەش ٢٢٧ هەزار ژن و ٢٧٣ هەزار پیاو و ٣٩ هەزار بەساڵاچوان و ٢١٩ هەزار کچ و ٢٢٢ هەزار کوڕ و ١٤٩ هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت.




لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، هاوبەشە مرۆییەکان هاوکاریان گەیاندوە بە زیاتر لە سەدا سەدی ئاوارەکان.س لە ساڵی ٢٠٢٢دا ٢ ئامانجیان دەستنیشان کرد بە لایەنی کەمەوە یەکەم شێوەی یارمەتی مرۆیی بۆ ١٨٠,٠٠٠ کەس لە ئاوارەکانی ناوەوەی کامپەکان (لەسەدا سەد لە هەر ١٨٠ هەزار کەسی بەئامانجکراو هاوکاری کرا) هەروەها ٦٠٥,٠٠٠ هەزار ئاوارەی دەرەوەی کامپەکان کە زیاتر بوو لە جەماوەری بە ئامانجکراوی پێشووتر کە ٢٣٤ هەزار کەس بوون لەگەڵ ٧٣٦,٠٠٠ هەزار کەسانی گەڕاوە کە زیاتر بوو لە ئامانجی سەرەتای کە ٥٧٧ هەزار گەڕاوە بوون) هاوکاری کراون.



# دەستکەوتە سەرەکیەکان بەگوێرەی هەر کۆمەڵێک

| کەرت / گروپ | ئەو کەسانەی بە ئامانج کراون | ٪ ئامانجی بە دەستهاتوو | ئەو کەسانەی هاوکاری کراون | هاوکارانی مرۆیی (کۆی گشتی/ چالاك) | ئەو پاڵپشتیە داراییەی داواکراوە (دولاری ئەمریکی) | **پاڵپشتی دارایی وەرگیراو (دولاری ئەمریکی) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە | 250 هەزار | 86 | 221 هەزار | 2 / 7 | 15.2 ملیۆن | 1.2 ملیۆن | 8 |
| پەروەردە | 354 هەزار | 5 | 159 هەزار | 12 / 26 | 17.0 ملیۆن | 4.7 ملیۆن | 28 |
| ژیان و گوزەرانی تەنگتاوی | 49 هەزار | 20 | 23 هەزار | 5 / 35 | 10.6 ملیۆن | 7.5 ملیۆن | 71 |
| ئاسایشی خۆراك | 336 هەزار | 61 | 195 هەزار | 3 / 32 | 54.4 ملیۆن | 19.3 ملیۆن | 35 |
| تەندروستی | 388 هەزار | 67 | 623 هەزار | 14 / 29 | 46.8 ملیۆن | 59.6 ملیۆن | 100 |
| پاراستن و کاری مین هەڵگرتنەوە و خانووبەرە و زەوی و موڵك | 630 هەزار | 34 | 672 هەزار | 22 / 44 | 65.3 ملیۆن | 40.5 ملیۆن | 62 |
| پاراستنی منداڵ | 303 هەزار | 26 | 200 هەزار | 21 / 45 | 30.1 ملیۆن | 0.5 ملیۆن | 2 |
| توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی | 353 هەزار | 30 | 272 هەزار | 23 / 39 | 36.2 ملیۆن | 1.3 ملیۆن | 3 |
| پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی | 311 هەزار | 9 | 64 هەزار | 6 / 19 | 47.4 ملیۆن | 10.8 ملیۆن | 23 |
| ئاووخاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی | 730 هەزار | 22 | 732 هەزار | 13 / 32 | 33.4 ملیۆن | 22.5 ملیۆن | 67 |
| پارەی کاش بۆ فرە مەبەست | 135 هەزار | 1 | 52 هەزار | 3 / 12 | 28.6 ملیۆن | 4.4 ملیۆن | 16 |
| هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان | - | - | - | - | 15.0 ملیۆن | 10.7 ملیۆن | 72 |

## بەشی دووەم


# ئەو پێداویستییە مرۆییانەی کە ماون

خولی هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە کۆمەڵ لە نێوان حوزەیران و ئابی ٢٠٢٢ لە ٣٦ کامپی ئاوارەی ناوخۆیی و لە ٢٦ کامپی ئاوارەکان لە ٦٤ ناوچە کە هەریەک لەوانە ٢٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی یان خێزانە گەڕاوەکانی گرتوەتە خۆ بەپێی لیستی ماستەری داتای ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی کە لە ئازاری ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجام درا.هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە-کۆمەڵ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە ١٢,٨٣٩ خانەوادەی گەڕاوەی وەک خشتەی خوارەوە خراوەتە ڕوو ئەنجام درا بە مەبەستی ڕووماڵکردنی ئەو ناوچانەی کە پێویستی زۆریان هەیە بۆ چارەسەری دووڕەمەودا و ئەمەش بە داتا سەلمێنراو بۆ بکەرەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانی داهاتوو ڕێک بخرێت و زانیاری دابین بکات لە بەرنامەسازی داهاتوودا.

| پێگە | ژمارەی خانەوادە |
|---|---|
| ئاوارەی ناوخۆی ناو کامپەکان | 2.3 هەزار |
| ئاوارەی ناوخۆی دەرەوەی کامپەکان | 5.9 هەزار |
| گەڕاوەکان | 3.7 هەزار |
| کۆمەڵگای خانەخوێ | 0.9 هەزار |
| **کۆی گشتی** | **12.8** هەزار |

### پێنج بەرزترین پێوستی ڕاپۆرتکراو دیاریکرا لەلایەن کرداری هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە کۆمەڵ

بەرزترین ئەولەویاتی خێزانەکان لە ئاستی نیشتمانیدا بەم شێوەیە بوون:
١) پشتگیری بژێوی ژیان/دامەزراندن، ٢) پەناگە/خانووبەرە، ٣) چاودێری تەندروستی، ٤) خۆراک ٥) پێویستی دانەوەی قەرز وەک لەو وێنەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە




### پێنج هۆکاری ڕاپۆرتی سەرەوە بۆ نەگەڕانەوە بۆ ناوچە و زێدی خۆیان

١. ماڵ تێکچوو/وێران بوو.

٢. کەمی بژێوی/ چالاکی بەرهەمهێنانی داهات.

٣. ترس/شۆکی پەیوەست بە گەڕانەوە بۆ شوێن و زێدی خۆیان.

٤. هیچ هاوکاریەکی دارایی نیە بۆ گەڕانەوە و دەستپێکردنەوە.

٥. نەبوونی ئاسایش.


## ٢.١

# دانیشتوانی کاریگەربوو


## جوڵەی دانیشتوان، ئاوارە ناوخۆکان و کەسانی گەڕاوە

لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢ لە شەش ملیۆن کەس کە لە کاتی قەیرانی داعشدا ئاوارە بوون، زیاتر لە سەدا ٨١ گەڕاونەتەوە، لە کاتێکدا ١,٢ ملیۆن عێراقی لەناوخۆدا ئاوارە بوون لە ساڵی ٢٠١٤ەوە تا ئێستا ئاوارە بوون، کە ١٨٠ هەزار کەس لە ٢٦ کامپی ئاوارەکاندان (٢٥ لە هەرێمی کوردستانی عێراق و یەک کامپیش لە پارێزگای نەینەوا). ئەم وێنەیەی خوارەوە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ جوڵەی دانیشتوان بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن.


## جوڵەی دانیشتووان بەپێی تێپەڕبوونی کات




## ئاوارەکان بەپێی پۆلی پەناگە




## گەڕاوەکان بەپێی پۆلی پەناگە





لە ٣٠ ئەیلولی ٢٢٠٢٢دا، ماتریکسی شوێنکەوتنی ڕاگوێزراوان ١,١٧٣,٨١٢ ئاوارەی دیاری کرد (٢٠١,٦١٤ خێزان)، کەمبوونەوەی ٣٤٢٢ ئاوارە لەوەتەی خولی پێشوو لە نیسان - حوزەیرانی ٢٠٢٢ کۆکراوەتەوە ئەو شوێنەی کە ناوچەکانی تکریت و حەمدانیە و موسڵ لە ژمارەی ئاوارەکاندا گەورەترین کەمییان هەبوو. کەمبوونەوەی ئاوارەکانی ناو ئەو ناوچانەش بۆ ئاوەدانکردنەوەی خانووبەرە و باشترکردنی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی زێدی بنەڕەت، لەگەڵ کەمی بژێوی و مانای مانەوەیان لە ناوچەی ئاوارەبوون.

لەکۆی ٨٦٧٠ جوڵە لەنێوان مانگی تەمموز و ئەیلولی ٢٠٢٢دا ٨٦٧٠ جوڵەی ئاوارەی ناوخۆ دیاری ئەمەش ١٩٧٤ کەس لەخۆدەگرێت کە بۆ یەکەم جار ئاوارە بوون هەروەها ٥٨٦٧ کە بۆ دووەم جار ئاوارە بوون و نزیکەی ٨٢٩ کەس کە نەیان توانیوە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. لە ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٢، ماتریکسی شوێنکەوتنی ڕاگوێزراوان ٤,٩٧٨,٦٧٤ گەڕاوەی دیاری کرد (٨٢٩,٧٧٩ خێزان) کە ٨,٨٨٦ گەڕاوە لە خولی پێشووەوە کە کۆکراوەتەوە لە نیسان – حوزەیرانی ٢٠٢٢.

ناوچەکانی موسڵ و توز خورماتوو و حەویجە گەورەترین ڕێژەیان تۆمارکرد لە ژمارەی گەڕاوەکان کەمی زیادبوونی ئەو ناوچانە هۆکاری وەک پارمەتی دارایی بۆ ئەو خێزانانە دەردەخات کە بەنیازن بگەڕێنەوە، دەستگەیشتنی باشتر بەخزمەتگوزاری لە ناوچەی زێدی نیشتەجێ بوون و تەحەدای پێدانی کرێ لە ناوچەی ئاوارەبووندا لەکاتێکدا قەزاکانی خالس و حەترا و ڕوتبە بەهۆی نەبوونی دەرفەتی بژێوی و خزمەتگوزارییەوە لە ناوچەی بنچینەدا کەمتر دیاردەی گەڕانەوەیان بەخۆوە بینی بەهۆی کەمی پاڵپشتی بژێوی و خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی زێدی خۆیان.

### بارودۆخی ژیان

- پەناگەی پێویست و لەبار لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢دا کەمی کردوە بەهۆی کەمی گەڕانەوە لەناوچەکانی حەترەو بەعاج و سنجار و خالس و توز خورماتوو و داقووق و روتبە و حەویجە و موقدادیە و فەلوجە.
- دەست گەیشتن بۆ یەکەی پارێزراو و تەندروست لە گەڵ پەناگەی گرنگ لە ساڵی ٢٠٢١ەوە پەرەی پێدرا
- زۆرینەی خێزانەکان لە پەناگەی هەستیاردا لە شوێنە نافەرمییەکان دەژین.




## ٢.٢
## مەترسیەکانی پاراستن

ونبوونی بەڵگەنامەی مەدەنی رێگرە لە توانای خەڵک بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک پەروەردە و تەندروستی و سوودی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی سنووردارکردنی ئازادی جووڵانەوە و زیادبوونی مەترسی گرتن و دەستبەسەرکردن و دوورخستنەوە لە سوودمەندبوون لە پرۆگرامەکانی بونیاتنانەوە هەروەها بەشدارینەکردن لە کاروباری گشتی وڵاتدا.

ئەو منداڵانەی کە بەڵگەنامەی لەدایک بوونیان نییە، مەترسی بێدەوڵەتییان هەیە. هەروەها، نەبوونی بەڵگەنامەی مەدەنی دەتوانێت رێگری بکات لە دەستتێوەردانە گرنگەکانی پاراستن، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە منداڵپارێزن و پێویستی بە ئاماژەدان بە ئەوانەی کە پێویستە منداڵەکانیان بپارێزن وە پێداویستی پاراستن لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و پێویستی بۆ سیستەمی ڕەوانەکردن بۆ دەسەڵاتدارانی گشتی.

دەست گەیشتن بە بەڵگەنامە مەدەنیەکان خاڵی سەرەکی چوونەژوورەوەیە بۆ عێراقییەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان بەڵام وەک تەحەدایەک دەمێنێتەوە بۆ ئاوارەکان و گەڕاوەکان و هەروەها ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ، لەوانەش بۆ ئەوانەی کە بە ڕاستی پەیوەندیان هەیە یان ئەو هەستە هەیە کە پەیوەندیان بە گروپە توندڕەوەکانەوە هەیە.

کۆمەڵەی پاراستنی نیشتمانی بە فراوانی کاری لەسەر بەڵگەنامە مەدەنییەکان کردووە و لە ساڵی ٢٠١٩ەوە زیاتر لە ٣٦٥,٦٠٠ دۆکیومێنت دەرکراون کە زیاتر لە ١٥٣,٤٠٠ دۆکیومێنت لە ڕێگەی لیژنەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتی پەنابەران پارێزراون.

هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە کۆمەڵ لە ٢٠٢٢ پیشانی دەدات کە ٤٣٣,٠٠٠ کەس لە هێڵی سەرەکی ٦,٢ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی/ گەڕاوەکان هێشتا بەلایەنی کەمەوە یەک دۆکیومێنتی سەرەکیان بزرە. بە بەراورد بە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢١ تێبینی کراوە کە کەمبوونەوەی ژمارەی خێزانەکان کە بەلایەنی کەمەوە یەک ئەندام بەڵگەنامەی سەرەکی دیارنەبووە، کە دیارترینیان لەناو ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکە (لە ٢٥٪ لە دەرەوەی ماڵەکانی کامپ لە ٢٠٢١ بۆ ١٥٪ لە ساڵی ٢٠٢٢).

هەروەها پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە لە ئێستادا هیچ هێڵێکی سەرەکی نییە کە پەیوەندی بە دانیشتوانی عێراقەوە هەبێت کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان نەبووە لە لایەن داعشەوە/ ئاوارەبوونی بەزۆر کە لەوانەیە کێشەیان هەبووبێت لەگەڵ گەیشتن بە دۆکیومێنتە مەدەنییەکان.

بەربەستی سەرەکی بۆ گەیشتن بە دۆکیومێنتە مەدەنییەکان کە لە هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە کۆمەڵدا بڵاو کراوەتەوە بریتین لە گرانیی دەستکەوتن/نوێکردنەوەی بەڵگەنامەکان و ئاڵۆزیی ڕێکارەکان، کە لەوانەیە ئەو بەربەستانەش بێت کە ڕووبەڕووی دانیشتوانە لاوازەکانی دیکە دەبنەوە لە عێراقدا کە ئاوارە نەبوون یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەر نەبوون بە توندوتیژیەکانی داعش. بەم شێوەیە، بۆ دڵنیابوون لە گەیشتن بە ناسنامە، پێویستیەکی بەردەوام هەیە بۆ ئەرکی بەڵگەنامەی مەدەنی مۆبایل کە لەگەڵ داکۆکی و یارمەتی یاسایی بۆ لابردنی بەربەستەکان، بەتایبەتی بۆ کەیسە ئاڵۆزەکان.

ژنان و کچان بەتایبەتی ئافرەتانی سەر بە خێزانەکان و ئافرەتانی کەمئەندام و ئەوانەی وا هەستیان دەکرد کە سەر بە گروپە توندڕەوەکانن مەترسی توند و تیژی لەسەر بنەمای جێندەری زیاتریان لەسەرە.

ئافرەتانی سەرۆکی خێزانەکان، ژنان و کچان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە لە پێگەیەکی لاوازترن بە بەراورد لەگەڵ دانیشتوانی نێر، ئەمەش دەبێتە هۆی نائارامی خۆراکی زیاتر، هەروەها بەکارهێنانی زیاتری ستراتیژییەتی گونجانی زیانبەخش، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی دەروونی و سێکسی و زاوزێی ی ئافرەتان و دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە وەک زوو بەشوودانی کچان و سێکس لەسەر بنەمای مامەڵەکردن.

سەرەڕای ئەوەش، سێکسێکی مامەڵەیی وەک ستراتیجیەکی نەرێنی بۆ مانەوە بەکاردێت، بە زۆری بەهۆی سەختی ئابووری و ئاوارەبوونی درێژکراوە. هەروەها ئافرەتانی سەرۆک خێزانەکان بەلایەنی کەمەوە یەک دۆکیومێنتی سەرەکی مەدەنی و یاساییان لە دەست داوە کە ڕێگرە لە گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان.

هەروەها ژنان راپۆرتی سنوردار/سنووردارییان داوە بۆ پاراستن، کاش، بژێوی، پەناگە، تەندروستی دەروونی تایبەت، و یارمەتی یاسایی. ٢٠٪ ی خێزانەکان رایانگەیاندووە، کە ئافرەتانی تەمەنی زاوزێ (١٥-٤٩)

ڕووبەڕووی سەختی دەبنەوە لە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە تایبەتەکانی تەندروستی زاوزێ، لەنێو ئەو خێزانانەی کە تەمەنی زاوزێیان هەیە.

نەبوونی، یان کۆسپەکان بۆ ئەم خزمەتگوزارییە بنەڕەتیانە، زیاتر دەبێت لە بەرکەوتنیان بۆ هەندێک جۆری مەترسیداری توندوتیژی جێندەر، کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی ڕزگاربووانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری و هەوڵدانی دووبارە یەکخستنەوە و گەشتی گواستنەوەیان لە قوربانیەوە بۆ ڕزگاربوو.

قوربانیان و ڕزگاربوانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لە ساڵی ٢٠٢١دا ڕێژەی ٦٣ لە سەدی ڕووداوەکانی ڕاپۆرتکراویان تۆمار کرد. لەسەدا ٨٣ی ڕووداوەکانی توندوتیژی جێندەری پەیوەستن بەتوندوتیژی خێزانیەوە لەلایەن ئەندامانی خێزانە نزیکەکانەوە کە بەپێی ڕاپۆرتەکان بەبەراورد بە ساڵی ٢٠٢١ زیادیکردووە کە لەسەدا ٧٧ بووە کاریگەری لەسەر لاوازترینیان هەیە، واتە کەسانی بەساڵاچوو و کەمئەندام.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، هاوسەرگیری زۆرەملێ لە ٪ ٦ی ڕووداوەکانی ڕاپۆرتکراو تۆمارکردووە لە کاتێکدا هاوسەرگیری پێشوەختە ٧٪ ی تۆمارکردووە کە دەتوانرێت هۆکارەکەی بۆ زیادبوونی میکانیزمە نەرێنییەکانی گونجاندن بێت، هەروەها بەرەنجامی هەڵە تێگەیشتنە لە ڕەگی بێ ئاگایی لە ماف و تواناکانی ژنان؛ ئەمەش پەیوەندی هەیە بە نەریت و کەلتور و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان وە بەربەستی پێکهاتەیی و یاسایی بەشدارییان کردووە لە بەردەوامی پەراوێزخستنی ژنان و دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و نزمی سوودمەندبوون لە باشبوونی دۆخیان بە بەراورد لەگەڵ هاوتا نێرەکانیان.

تەقەمەنیەکان بەردەوامن لە هەڕەشەکردن و کاریگەری لەسەر سەلامەتی کۆمەڵگاکان و ڕێگریکردن لە گەیشتن بە زەوییە بەرهەمدارەکان و گەرانەوەی بەربەست لە ناوچە زیان لێکەوتووەکان بەپێی ئەو داتایەی لە بنکەی کاری مین هەڵگرتنەوەی نیشتمانیدا تۆمارکراوە ٢٥٣٠ کیلۆمەتر دووجا زەوی بە تەقەمەنی پیس بووە و پێویستی بە سەرچاوەی فراوان هەیە بۆ ڕووپێوکردن و پاککردنەوە یان هەڵگرتنەوەی تەقەمەنیەکان.

## ٢.٣
## کەمی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان

### تەندروستی

- ٣٦٪ ی خێزانەکان ئاماژەیان پێکردوە کە بەلایەنی کەمەوە یەک کەسیان هەیە کە پێویستیان بە چاودێری تەندروستی هەیە لە ماوەی سێ مانگ لە کۆکردنەوەی داتا، لەناو ئەو خێزانانەی کە راپۆرتیان کردوە پێویستیان هەیە.
- زۆرترین ٥ بەربەستی ڕاپۆرت کراو بۆ تەندروستی: تێچووی خزمەتگوزاری/دەرمان، سەنتەری چارەسەر زۆر دوور بوو/هیچ ئامرازێکی گواستنەوە نیە، کلینیکی تەندروستی گشتی هیچ چارەسەرێکی دابین نەکرد بۆ نەخۆشیەکەم لە بنکەی تەندروستی، هیچ دەرمانێک بەردەست نیە لە بواری تەندروستی/ دەرمانخانە.

### ئاو, پاکژی و پاکوخاوێنی (واش)

- بەلایەنی کەمەوە لە ٩٥٪ ی هەموو گرووپی دەستنیشان کراوی دانیشتوان لە سەرانسەری وڵات ئاماژەیان کردوە کە دەستگەیشتنیان هەیە بۆ باشتربوونی ئاسانکاریەکانی چاکردنی تەندروستی و باشتر پێشکەشکردنی کارئاسانکاری بۆ دەست شوشتن.
- ٩٢٪ ی ئاوارەکانی ناوخۆ لە کەمپەکان و ٩٣٪ ی ئاوارەکان لە دەرەوەی کامپەکان ڕایان گەیاند کە دەستیان دەگات بە سەرچاوەیەکی باشترکراوی ئاو. ساڵی ڕابردوو ئەم ژمارەیە ٨٤٪ ی ئاوارەکان بوو لە کامپەکان و ٩٠٪ بۆ ئاوارەکان لە دەرەوەی کامپەکان.
- سەبارەت بە ڕێژەی ٨٠٪ ی ئەو خێزانانەی کە راپۆرتیانداوە بۆ دەستگەیشتن بە ئاوی پێویست بۆ خواردنەوە و بەکارهێنانی لە ماڵەوە، لە ساڵی ڕابردووەوە لە نێوان ئاوارەکانی کامپەکان (لە ٨٠٪ بۆ ٨٢٪) و گەڕاوەکان (٨٥٪ بۆ ٩٠٪) پێشکەوتنێکی کەم هەیە لە ئاوارەکانی ناو کامپەکاندا (لە ٦٧٪ بۆ ٤٨٪).
- بە شێوەیەکی گشتی باس لە کێشەی کوالێتی ئاو کراوە لە هەموو دانیشتوان لە سەرتاسەری وڵات کە پەیوەندی بەنەبوونی ئاوی ڕوون و تامی ئاوی ناخۆش و بۆنی ناخۆشی ئاوەوە هەیە.

### پەروەردە

- ٨٣٪ ی منداڵانی تەمەن قوتابخانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک (بەلایەنی کەمەوە ٤ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا) لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ لە کاتی کردنەوەی قوتابخانەکاندا ئامادە بوون.
- ٢٨٪ ی ئەو خێزانانەی کە بەلایەنی کەمەوە منداڵێکی تەمەن یەک ساڵیان هەیە بەپێی ڕاپۆرتەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک (بەلایەنی کەمەوە ٤ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا) لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ لە کاتی کردنەوەی قوتابخانەکان ئامادەبون، ئەمەش لە نێوان ئەو خێزانانەی کە منداڵیان هەیە. لەناو ئاوارەکانی ناوخۆ لە کەمپەکاندا، زۆرترین بەربەستی ڕاپۆرتکراو بۆ ناونووسین لە قوتابخانە ئەوەیە کە "ئێمە ناتوانین منداڵەکانمان لە قوتابخانە تۆمار بکەین یان ناونوس بکەین" و "نەبوونی خواستی چوون بۆ قوتابخانە لای منداڵان " لە کاتێکدا بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ لە کامپەکان و گەڕاوەکان بەربەستی سەرەکی "نەبوونی حەزی منداڵانە لە پەروەردە" لەکاتێکدا بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ لە کامپەکان و گەڕاوەکان بەربەستی سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین پارە بدەین بۆ خەرجییە پەیوەندیدارەکانی قوتابخانەکە".

## ٢.٤
# کەمی داهات بۆ بەردەوام بوون لە ژیانی ڕۆژانە


### ڕێژەی فریاگوزاری

- ٦١٪ ی ئەو خێزانانەی بەهای قەرزی ڕاپۆرتکراو زیاتر بووە لە ٩٠,٠٠٠ دیناری عێراقی بۆ هەر ئەندامێکی خێزان.
- ٣١٪ ی خێزانەکان بەپێی ڕاپۆرتەکان زیاتر لە ٢٥٪ خەرجی تەواویان خەرج کردووە بۆ چاودێری تەندروستی.
- ٧٤٪ ی خێزانەکان بەپێی ڕاپۆرتەکان زیاتر لە ٤٠٪ خەرجی تەواویان بۆ خواردن خەرج کردووە.
- ٢٤٪ ی خێزانەکان بەلایەنی کەمەوە یەکێک لە پێگەیشتووەکانیان کە تەمەنیان لە سەرووی (١٨+) بێکارە و بەدوای کاردا دەگەڕێن.


### ئاسایشی خۆراک

- ٩٠٪ ی خێزانەکان بە ڕێژەی بەکارهێنانی خواردنی ماڵ یەکسانە بە ڕێژەی - ٪ 'قەبووڵکراو' (بەرزترین پۆلێن).
- ٩٠٪ ی خێزانەکان بە پێی پۆلێنی پێوەری برسیەتی ماڵ یەکسانە بە ڕێژەی - ٪ 'کەم یان هیچ برسێتی' (بەرزترین پۆلێن).
- لە نێو زۆرینەی زۆری خێزانەکان کە ڕاپۆرتیان داوە ناتەواوەیی هەیە لە دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان ٣٦٪ ڕاپۆرتیان داوە کە قەرزیان وەرگرتووە بۆ کڕینی خۆراک زیاتر لە ٥٠٪ ی خێزانەکان ڕاپۆرتیانداوە بۆ خەرجکردنی زیاتر لە نیوەی تەواوی داهاتەکان لە خەرجی خۆراکدا لەگەڵ لوتکەی ٧٥٪ بۆ ٥/١ لە خێزانەکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی زیادبوونی لاوازی ئابووری ئەوان دەخاتە ڕوو.
- ئافرەتانی سەرۆکی خێزانەکان کەمتر پێداویستیەکانی خۆراکیان بۆ دابینکراوە ئەمەش بە ڕێژەی(٦٦٪)، بە بەراورد لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە سەرۆکەکانیان پیاون ڕێژەکە یەکسانە بە (٥٣٪)، ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ڕێژەیەکی زیاتر لەو خێزانانەی کە بەخێوکەرەکانیان ئافرەتن دەبێت زیاتر تێبکۆشن بۆ ئەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان دابین بکەن یان خەرجیەکانیان بەپێی ی ئەولەوییەت و کاری لە پێشینەیان دیاری بکەن.


### پۆلەکانی ئاسایشی خۆراک





### ستراتیژییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بژێوی ژیان




### گروپەکانی خەرجیەکانی خۆراک




### گروپەکانی پشکی خەرجییەکانی خۆراک



بەشی سێیەم

# کارە لەپێشینەکان بۆ وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ٣.١
## ئەو خەڵکانەی کە ڕووبەڕووی مەترسیی جددی پاراستن /یاخود هەڕەشە بۆ سەر ژیانیان دەبنەوە کە ناتوانن هاریکاریی حکومەت وەربگرن.

دڵنیابوونەوە لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان هێشتاش ئاڵنگارییەکی سەرەکییە بەتایبەت بۆ ئاوارە و گەڕاوەکان هەروەها بۆ ئەندامە لاوازەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ، بە ئەوانەشەوە کە پەیوەندیان بە گروپە توندڕەوەکان هەیە و دانیشتووانی نەخوێندەوار و ئەوانەی کە لە شوێنە دوورەدەستەکان دەژین و ئەوانەش کە لەبەر مەترسی بێدەوڵەتییدان وەکو عەرەبە بێ وڵاتەکان و کوردە فەیلییەکان بەهۆی شێوازی ژیانی کۆچەرییانەوە.

ئەو کەسانەی کە بەڵگەنامەی مەدەنییان ونکردووە بەتایبەتی لەژێر هەڕەشەی ئەوەدان کە لە هاریکاریی کۆمەڵایەتیی حکومەت بێبەش بکرێن و نەتوانن بگەن بە خزمەتگوزارییە گشتییە بنەڕەتییەکانی وەکو خوێندن، چاودێریی تەندرووستی، سوودەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، نەبوونی توانای ڕاگوازتن، مەترسیی زیادبوونی گرتن و دەستبەسەرکردن، بێبەشبوونیان لە بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوە و بوونیادنانەوە، هەروەها نەتوانینی بەشداریکردنیان لە کاروبارە گشتییەکانی وڵاتەکە. هەروەها ئەو منداڵانەی کە بڕوانامەی لەدایک بوونیان نییە، مەترسی بێدەوڵەتبونیان لەسەرە. بەتایبەت ئەوانەی کە دایک و باوکیان پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە یاخود گومانی ئەوە هەیە پەیوەندیان پێیانەوە هەبێت. هەروەها، نەبوونی بەڵگەنامەی مەدەنی دەکرێت ڕێگری بکات لە دەستتێوەردانە گرنگەکانی پاراستن، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستی پاراستنی منداڵ و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەریان هەیە و پێویستیان بە سیستەمی ڕەوانەکردنە بۆ دەسەڵاتدارانی گشتی. لەکاتی دەستنەگەیشتن بە پاراستنی کۆمەڵایەتیی حکومەت، دەکرێت هاریکاریی لەڕێگەی نەقدەوە یارمەتیدەربێت لە گەیشتن بە پێداویستیە بنچینەییەکانی دانیشتووان لەکاتێکدا کە هەوڵی بەستنیان بە بەرنامەسازییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەدرێت. لە ٢٠٢٣ دا، مەکۆی نەقدی عێراقی بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی گەیاندنی کارا و بەکوالێتیی پارەی نەقد بە تەرکیزکردنێکی تایبەت لەسەر بەستنەوەیان بە پاراستنی کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن بەرەو یەکخستنی کۆمەڵە لاوازەکانی دانیشتووان. سەرباری ئەوە، کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) کاردەکات بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئەو کەسانەی لەبەر مەترسیی بێدەوڵەتیدان بەڵگەنامەی یاسایی پێویست وەربگرن سەرباری کارکردن لەو بوارانەدا کە پێویستیی بەڵگەنامەی مەدەنی باڵایان تێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، UNHCR هاوکاریی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان دەکات لە دامەزراندنی ئۆفیسی کاتیدا بۆ دەرکردنی ناسنامەی یەکخراو. لیژنەیەکی نێو-وەزارەتی لەڕێگەی فەرمانێکی وەزارەتی کارەوە دانراوە بۆ تاوتوێکردنی ئۆفیسە کاتییەکانی ناسنامەی یەکخراو، UNHCR یش چاودێرێکی لیژنەکەیە. هاوبەشەکانی یاریدەدەری یاسایی UNHCR چالاکانە لە کارەکاندا دەستیان هەیە لەڕێگەی دیاریکردنی سوودمەندە بەئامانجکراوەکان، ئامادەکردنی جێبەجێکارییەکان، هەروەها بەهەستیارکردنی دۆزی ئاوارە و گەڕاوەکان و دانیشتووانە لاوازە عێراقییەکان سەبارەت بە داواکارییەکانیان.

لەلایەکی ترەوە، ئاڵۆزیی پرۆسەکانی بەدەستخستنی بەڵگەنامەکان، نەبوونی بەڵگەنامە/بەڵگەی داواکراو، کەمیی هۆشیاری سەبارەت بە پرۆسەکان، ڕێگرە پراکتیکییەکان (وەکو ماوەی دووریی گەیشتن بە کاروباری مەدەنی و لقە نیشتیمانییەکان، بەربەستە داراییەکان، هتد.)، هەروەها هەندێک کات، جیاکاریی (ڕاستەقینە/یاخود هەستپێکراو)، ڕاپۆرتکراون کە ڕێگری لە هەندێک تاک/خێزان دەکەن لە بەدەستخستنی بەڵگەنامە نیشتیمانییەکان یاخود بەڵگەی نەتەوەیی. دەشێت نەبوونی بەڵگەی نەتەوەیی و بەربەستەکانی بەردەم گەیشتن بە بەڵگەنامەکان، کەسەکان بخاتە بەر مەترسیی بێدەوڵەتی و ڕێگری لە گەیشتن بە مافەکانیان بکات. ونکردن یاخود لەناوبردنی بەڵگەنامەی مەدەنی کێشەیەکی سەرەکیی پاراستنە کە ڕوو لە ئاوارە و ئاوارە گەڕاوەکان دەکات، کە زۆرینەیان ڕووبەڕووی بەربەستی بەردەم بەدەستخستن و نوێکردنەوەی بەڵگەنامە مەدەنییەکان دەبنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە وادەبینرێت پەیوەندیان بە گروپە توندڕەوەکانەوە هەبێت. هەڵسەنگاندنە پێویستە فرە-کۆمەڵەکانی ٢٠٢٢ ئەوە نیشاندەدات کە زیاتر لە ٤٣٠,٠٠٠ کەس هێشتا لانیکەم یەکێک لە بەڵگە گرنگە مەدەنییەکانیان نییە (٢٦٪ ی خێزانە ئاوارەکانی ناو کەمپەکان، ١٥٪ ی ئەو ئاوارانەی کە لە ناوچە شارییەکاندا نیشتەجێن، هەروەها ١٢٪ ی گەڕاوەکان – کە لە ٢١٪، ٢٥٪، ١٦٪ ەوە لە ٢٠٢١ دا نزمبووەتەوە). گەیشتن بە بەڵگەنامەی نیشتیمانی و مەدەنی خاسیەتێکی گرنگی ستراتیژی پاراستنی ئاوارەکانی UNHCRە و دەستەبەریی توانای خەڵک دەکات بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنچینەییە گشتییەکان، توانای ڕاگوازتن، دەستگەیشتن بە پرۆگرامەکانی بوونیادنانەوە، هەروەها توانای بەشداریکردن لە کاروبارە گشتییەکانی وڵات.

هەروەها ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دەستێوەردانی چوارچێوەی هاریکاریی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSCDF) ەوە هەیە و بەتایبەتی سەبارەت بە کۆڵەکەی چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی هاوڵاتیانی عێراق توانای گەیشتنیان هەیە بە بەڵگەنامە مەدەنییەکان کە ئەمەش لەبەرامبەردا وادەکات بگەن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان. بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئاوارە و گەڕاوەکان و ئەندامە لاوازە ناوخۆییەکانی کۆمەڵ بتوانن باشتر بەڵگەنامە مەدەنییە

ونبووەکانیان لە ناوچەکانی گەڕانەوە و ڕاگوازتن بەدەست بهێنن و بە هی نوێ جێگەیان بگرنەوە، UNHCR بەردەوامیشە لە پاڵپشتیکردنی چاکسازی لە ئۆفیسەکانی کاروباری مەدەنی، کە بابەتی دەرچوونی ناسنامە یەکخراوە نوێیەکانیش دەگرێتەوە (کە بەهێواشی جێگای ناسنامەی باری مەدەنی و کارتی نیشتیمانیی عێراقی دەگرنەوە)، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە شەڕ کاریگەریی لەسەریان هەبووە.

## ئەو خەڵکانەی کە پشت بە خزمەتگوزارییە مرۆییەکان دەبەستن، لەو شوێنانەی حکومەت نایەوێت یاخود هێشتا لەتوانایدا نییە لەئەستۆیان بگرێت.

### هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ (CCCM)

لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ئەولەویەتە سەرەکییەکان بۆ هاوبەشەکانی CCCM بریتین لە بەردەوامیدان بە ڕاکێشانی سەرنج بۆ سەر ئەو پێداویستییانەی کە هێشتا هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی ئەو ئاوارانەی کە لە ناوچەکانی ڕاگواستنن، بەو ناوچە فەرمی و نافەرمییانەشەوە کە ناتوانن هاوکاریی حکومی لەڕێگەی دەستپێشخەرییە بەئامانجکراوەکانی کەمکردنەوەی مەترسی، هەماهەنگی هاوبەشەکان و بەڕێوەبردنی زانیاری، داکۆکیکردن و پەیوەندیی حکومەتەوە بەدەست بێنن. لەکاتی ئەنجامدانی ئەمەدا (CCCM) کاریشدەکات لەسەر بونیادنانی توانای حکومەتی خۆجێی و ئاوارەکانیش لە کەمکردنەوەی مەترسی کارەسات و وەڵامدانەوە، ئەویش لەڕێگەی ڕاهێنانی بونیادنانی توانا، کۆبوونەوە، گفتوگۆی ئاشتی و هیترەوە. (CCCM) لەنزیکەوە لەگەڵ هاوبەشەکانی پاراستن و چارەسەرە دوورمەوداکاندا کاردەکات بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ پێداویستییەکانی پاراستن و ئاسانکاریی یەکسانی ئاوارەکان لە گەیشتن بە چارەسەری درێژخایەنتر و ئاڕاستەکردنی بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە بۆ ئەو ئاوارانەی کە هەست دەکرێت پەیوەندییان هەبێت یاخود کێشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان تایەفیان هەبێت.

ئەو کەسانەی کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمیدان وەکو عامرية الفلوجة و بزێبیز بەتایبەتی لەبەر مەترسیدا دەبن بەوپێیەی کە ئەمانە بە کامپی فەرمی دانانرێن لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە و لەبەرئەوەش چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت کە وەکو دانیشتووانی گشتی دەستیان بگات بە خزمەتگوزارییەکان. بەڵام ئەم خەڵکە هێشتا بەدەست تێکچوونی بژێوییەوە دەناڵێنن و ناتوانن/نایانەوێت کە بگەڕێنەوە بۆ ناوچە و زێدی خۆیان لەبەر چەندین هۆکار. بەگوێرەی باری دەرماڵەی ئێستا، هەردوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران و ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانی خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندرووستیی سەرەتایی لەم شوێنانەدا دابین دەکەن تاکو ناوەڕاستی ٢٠٢٣. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە چارەسەری دوورمەودا لەلایەن حکومەتەوە دابین بکرێت، بەو پێیەی ئەم ئاژانسانە ناتوانن تاهەتایە بەردەوامبن. سەرباری ئەوەش، لە کامپەکانی وەکو حەسەنشام، کە خەڵکی تیایدا بەڵگەنامەی پێویستیان نییە، گەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان سەخت دەبێت. لەبەرئەوە، واپێویست دەکات کە خزمەتگوزارییە مرۆییەکان لەم شوێنانە بەردەوامبن.

### تەندروستی

هەروەها، بەڕێوەبەری تەندرووستیی دهۆک لەگەڵ هاوبەشەکاندا لە گفتوگۆدایە بەمەبەستی پلاندانان بۆ چارەسەرێکی دوورمەودا بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ ئاوارەی ناو کامپەکان لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ بەدواوە، بەوپێیەی بە وتەی خۆیان، بەڕێوەبەرایەتییەکە لەتوانایدا نییە ئەم پاڵپشتییە بگرێتە ئەستۆی خۆی. ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانی ئامادەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان تاکو ناوەڕاستی ساڵ؛ پێویستە کاربکرێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئەم ئاوارانە لە چاودێریی تەندرووستیی سەرەتایی بێبەش نەبن لەدوای حوزەیرانی ٢٠٢٣. پاڵپشتیکردن و هێشتنەوەی کوتان دژی سوورێژە، ئیفلیجی منداڵ؛ پاڵپشتیکردنی ئەو ژنانەی کە باری لەناکاو کاری تێکردوون بۆ گەیشتن بە چاودێریی تەندرووستیی سەرەتایی لە ئەولەویەتەکانە، سەرنجی ئەوەش بدەین کە پرۆگرامە بەرفراوانەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەن هەردوو دەرماڵەی کاری مرۆیی و گەشەپێدانەوە پارەی بۆ دابینکراوە لەوە دڵنیایی داوە کە ئاستی نزمی کوتانی دوای کۆرۆنا لە ئاستیکی نزمی مەترسیدارەوە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

### بژێویی دوورمەودا

لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٣ دا، پێویستی بە هەوڵی هەماهەنگ هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی لە گۆڕانی دۆخی ئاوارەکان لە هاوکاریی لەسەر بنەمای بارودۆخ بۆ پاڵپشتیکردنی بژێویی دوورمەودا بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ داخستنی چاوەڕوانکراوی کامپی ئاوارەکان. بەرنامەی خۆراکی جیهانی پاڵپشتیی دەستگەیشتن بە بەرنامەکانی پەرەدان بە کارامەییەکان و بژێوی بەمەبەستی دابینکردنی کارامەیی پەیوەندیدار بە بازاڕەوە بۆ دانیشتووانی کاریگەربوو و کارکردن بەهەماهەنگی لەگەڵ خاوەن بەشە گرنگەکان بۆ دەستێوەردانی هەماهەنگ و یەکخراو و داکۆکیکار لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکاندا. وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی پێویستیشی بەوەیە ڕەچاوی ئەگەری فشاری سەر سیستەمە خۆراکییەکان و سەرچاوە سرووشتییەکان لە ناوچەکانی گەڕانەوە بکات، بەرنامەی خۆراکی جیهانی کار لەسەر پاڵپشتیکردنی بژێویی جێگرەوەو بەرنامەکانی بونیادنانی نوێکردنەوەی سامانە سرووشتییەکان دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و هاوبەشە گرنگەکان.

### پاراستنی منداڵان

بۆ پاراستنی منداڵان، کاری لەپێشینە بریتی دەبێت لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان تاکو ئەوکاتەی لایەنە بەرپرسەکان دەتوانن بە فەرمان و چوارچێوە و سەرچاوەی پێویستەوە کارەکە لەخۆبگرن. وەڵامدانەوەی گەڕانەوەی منداڵان لە ناوچەکانی ئاوارەبون لەچوارچێوەی وەڵامدانەوەی گشتیدا گرنگ دەبێت.

### خوێندن

بۆ خوێندن، لەپاڵ پاڵپشتیی بەردەوامی ئەو دانیشتووانەی زیان مەندبون، پێکهێنانی ڕێکخستنی دوورمەودا و هەمیشەیی بۆ خوێندنی منداڵە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان ئەولەویەتێک دەبێت؛ هەروەها لەگەڵ پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی بەردەوامی پلانی یەکخستنی خوێندنی ئاوارەکان. بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ منداڵە ئاوارەکان، گرنگە ئەوە بزانین ئەمە پرۆسەیەکە کە چەندێک پێویستی بە چارەسەری تەکنیکییە هێندەش پێویستی بەو بڕیارە سیاسییانەوە هەیە کە ئاماژە بە هەندێک لە کێشە ئاڵۆزە ناوەندییەکان دەکەن لە پەیوەندییە نێو-هەرێمییەکاندا و پێویستیان بە داهێنانی تازە و داکۆکیکردنە لە هەموو ئاستەکاندا.

### پەناگەی هەستیار

هاوکاریی پەناگەیی ڕێوشوێنێکی گرنگ بۆ پاراستنی ئاوارەکان دابین دەکات، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە لەبەردەم هەڕەشەی توندوتیژیدان لەسەر بنەمای جێندەر، کەمئەندامان، بەساڵاچووان و منداڵان، هەروەکو لە شوێنێکی تری ئەم بەڵگەنامەیەدا خراوەتەڕوو. لە ساڵی ٢٠٢٣ دا، پێشبینیی ئەوە دەکرێت (بەپێی دۆزینەوەکانی هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە-کۆمەڵ (MCNA))، کە بەلایەنی کەمەوە ١٤٤,٠٠٠ ئاوارە لە ناوچە نافەرمییەکان پێویستییەکی زۆریان بە هاوکاریی پەناگەیی دەبێت. هاوبەشەکان بەردەوام دەبن لە دابینکردنی هاوکاریی پەناگەیی وەکو بەشێک لە ڕێگایەکی نیشتەجێبوون، بەشێوەیەک کە پەرە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵگەکە دەدات بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی دیکە و زیادکردنی بەشداریکردن لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکاندا وەکو بەشێک لە ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان. بەشداریکردنی کۆمەڵگەکە کە لەڕێگەی هاوکاریی پەناگەییەوە ئاسانکراوە هەلی دەستگەیشتن و بەشداریکردن بۆ شێوەکانی تری هاوکاریی مرۆیی درووست دەکات.

بەشی چوارەم

# وەڵامدانەوەی ئەکتەرەکانی تر

## ٤.١
## وەڵامدانەوەی حکومەت

**حکومەت چی دەگرێتە ئەستۆ وەک بەشێک لە پلانی گواستنەوە؟**

حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەسەڵاتەکانی ناوچەکەش، هەنگاوی گرنگیان ناوە بۆ هاندانی گۆڕانکاری و دەستاودەستکردنەوە. لە عێراقی فیدراڵدا، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (MoLSA) لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ یارمەتیدان لە دابینکردنی بەڵگەنامەی مەدەنی بۆ هەموو ئەو منداڵانەی کە لە کامپی ئاوارەکان و خانەی بێ دایک و باوکان و ناوچەکانی دەرەوەی کامپ دەژین. ئەگەر ئەم ڕێوشوێنانە جێبەجێ بکرێن، دەکرێت بەشێوەیەکی دیار یارمەتیدەربن لە کەمکردنەوەی لاوازی لەنێو خێزانە ئاوارەکاندا. ئەم پرۆسەیە هێشتا لە ناو شارەکاندا نەکەوتووەتە کار، هەروەها هێشتا ئەو منداڵانەش بێبەش دەکات کە وادادەنرێت دایک و باوکییان پەیوەندییان بە داعشەوە هەبێت. لەبەرئەوە، ئەو منداڵانە بەبێ بەڵگەنامەی مەدەنیی پێویست ماونەتەوە.

وەزارەتی پەروەردە هەڵساوە بە خستنەکاری ستراتیژیی نیشتیمانی لەسەر گەشەپێدانی منداڵیی سەرەتایی، کە دابینکردنی تایبەتی دەبێت بۆ دڵنیابوونەوە لە گەشەپێدانی منداڵانی لاواز، بە منداڵانی ئاوارەشەوە. پلانی یەکخستنی خوێندنی ئاوارەکان (REIP) لە حوزەیراندا خرایەکار، یەکەم قۆناغیش چالاک کراوە، بۆ یەکخستنی یەکەم چوار پۆل بۆ ناو سیستەمی خوێندنی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی زۆر سەرکەوتوو بووە و بووەتە هۆی زیادبوونی ناونووسین. ئەم پرۆسەیە بەپێی کات جێبەجێ دەکرێت و تا ئابی ٢٠٢٤ تەواودەکرێت.

وەزارەتی تەندروستیی فیدراڵ لەگەڵ کۆمەڵەی تەندرووستیدا کاردەکات بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی ڕێکخەری سێکتەری تەندرووستی، دوابەدوای ناچالاکبوونی کۆمەڵەکە.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI)، وەزارەتی ناوخۆ داوایکردووە کە بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی و گەشتوگوزار دەست بکەن بە پلاندان بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتیی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاو وپاکژی و تەندرووستی (WASH) لە کامپی ئاوارەکان لە هەرێمدا. تاکو کۆتایی ٢٠٢٢، خزمەتگوزارییەکانی ئاو پاکژی و تەندرووستی لەلایەن لایەنە بەرپرسەکانەوە لە زۆربەی کامپی ئاوارەکانی هەرێمدا لەئەستۆ گیرابوون. دەسەڵاتەکانی دهۆک ڕازیبوون بە ڕێگەدان بە ئاوارەکان کە لە کامپەکاندا دەژین پەناگەکانیان نۆژەن بکەنەوە، بۆ باشترکردنی باری ژیانیان لەڕێگەی بنیاتنانی چوارچێوەی نیمچە-هەمیشەییەوە؛ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاوێژکاریی تەکنیکی و یارمەتی بۆ ئەم هەڵمەتە دابین دەکات. لە پارێزگای نەینەوا، دەسەڵاتی ناوچەکە ڕازیبوون بەوەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی (WASH) بۆ جەدەی 5 بگرنە ئەستۆ، بە کردەیی کردنی ئەم ڕێکخستنەش لەژێر تاوتوێدایە. هەردوو وەزارەتەکانی عێراقی فیدراڵ و هەرێم کۆمەڵەی ڕێکخستنی نێو-وەزارەتییان دامەزراندووە بۆ ڕێکخستنی دەستێوەردانی باری لەناکاوی خزمەتگوزاریی ئاو و پاکژی و تەندرووستی. سندووقی نێودەوڵەتیی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF) بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی ئەم کۆمەڵانە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بە چالاکی بمێننەوە.

سەرباری ئەوە، وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن چالاکییەکانی گەشەپێدانی تواناى حکومەتەوە پاڵپشتی دەکرێن لەڕێگەی بەرنامەی وڵاتییەوە لە هەموو سێکتەرەکاندا، کە خزمەتگوزارییەکانی (WASH)، تەندرووستی و خۆراک، پاراستنی منداڵ، خوێندن و بەشدارییپێکردنی نەوجەوانان و گەنجان و پاراستنی کۆمەڵایەتیش لەخۆدەگرێت. گرنگە کە لە پەیوەندیی نێوان وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی و چاکسازیی پاراستنی کۆمەڵایەتی دڵنیابینەوە بۆ گەیشتن و پاڵپشتی کردنی دانیشتووانی زیانمەند کە لە کاری مرۆیی سوودمەند بوون، بەو دانیشتووانانەشەوە کە لە باکووری سوریاوە گەڕاونەتەوە، بەشێکی زۆریان ژن و منداڵن.

فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین (UNMAS)، لە حوزەیرانی ٢٠٢١ وە، هەڵساوە بە بەشدارییپێکردنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مین وەکو هاوسەرۆکی MASC. لەو ماوەیەدا ئەرکی ڕێکخستن دەگوازرێتەوە بۆ سەکۆیەک بەمەبەستی ڕێکخستنی سێکتەرەکان کە لە قەوارە و بەخشەر و ئیشکەری کاروباری مینی حکومیی پەیوەندیدار پێکهاتوون.

**بونیادنانی توانای دامودەزگاکانی حکومەت بۆ گواستنەوەیەکی ئاسان لە سێکتەرە جیاوازەکاندا**

بەدرێژایی ٢٠٢٢، کۆمەڵەکان دەستپێشخەربوون لە بەشداریکردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، چەندینیان پاڵپشتیی گەشەپێدانی بڕگەکانی گواستنەوەیان کرد بۆ ئەو سێکتەرو ڕێکخستنانەی کە حکومەت بەڕێوەیان دەبات لە داهاتودا، بەشداریان کرد هەڵسەنگاندنی تواناکان ئاراستەکراو بۆ دیاریکردنی ئەوخزمەتگوزاریانەی حکومەت دەتوانێت لەئەستۆیان بگرێت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەو تواناسازیانەی ڕەنگە پێویست بن.

زۆرینەی کۆمەڵەکان ڕاهێنانی پێویستیان لەسەر بونیادنانی توانای لەپێشینە و دەستپێشخەریی زیادکردنی هۆشیارییان لەنێو ئەکتەرەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ستافی/توێژەرانی کۆمەڵایەتیی بەڕێوەبردنی کەیسە ناوخۆکان، هتد بەڕێوەبردوە.

لە بواری تەندروستیدا، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کاردەکات بۆ بەهێزکردنی سیستەمی تەندروستیی عێراق کە سەرەتا بە کۆڵەگەی بەڕێوەبردنی زانیاری دەستپێدەکات، ئەمە دانانی DHIS2 لەخۆدەگرێت – بە نەخۆشیی سیل و لقەکانی بەهێزکردنی بەرگری دەستپێدەکات – بۆ هەبوونی داتای ڕاستەقینە و لەسەر بنەمای کەیسەکان؛ هەروەها ئاراستەکردنی هەڵسەنگاندنی سیستەمی چاودێریی بەردەستی سەرچاوە تەندروستییەکان و خزمەتگوزارییەکان (HeRAMS) لە سەرتاسەری وڵاتدا، بۆ هەبوونی زانیاری لەسەر بەردەستبوون و ئامادەیی خزمەتگوزاری لە دامودەزگا تەندروستییەکانی حکومەتدا. لە هەمان کاتدا، بۆ سەرنج خستنەسەر پێداویستیەکانی نیشتەجێبوونی ئەو دانیشتووانەی کە جێی بایەخی کاری مرۆییە بەشێوەیەکی دوورمەوداتر. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی لە سلێمانی کاردەکات بۆ گەشەپێدانی مۆدێلێک بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی کوالێتی بەرز لە دامودەزگاکانی تەندروستیی گشتی؛ ئەمە دەبێت لە ٢٠٢٣ دا لە شوێنەکانی تریش دووبارە بکرێتەوە. لەڕێگەی هاوکاری و بەسەرمایەکردنی قازانجەکانی هاوبەشەکان، ئەم دەستپێشخەرییانە یارمەتیدەر دەبن لە دڵنیابوونەوە لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە بەکوالێتییە دوورمەوداکان لە سیستەمێکی تەندروستیی بەرگەگردا. لەهەمان کاتدا، پلانێکی کار بۆ پلاندانانی خێزان و پەیوەندیبەستنی گۆڕانی هەڵسوکەوتی تێچوو زۆر پێکەوە لەلایەن هەردوو وەزارەتی تەندروستی و سندووقی دانیشتووانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەرەی پێدراوە؛ ئەوان کاردەکەن بۆ دامەزراندنی ناوەندی کارا بۆ پلاندانانی خێزان لە پارێزگا جیاوازەکاندا. هەروەها، سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی ژێرخانەکان دەکات بۆ بەدیجیتاڵکردنی ئۆفیسەکانی تۆمارکردنی لەدایکبوون و ڕاهێنان بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی سەبارەت بە پلاندانان و بودجەدانانی داراییەوە.

لەبارەی کاروباری مینەوە، فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین (UNMAS) هەڵساوە بە جێبەجێکردنی چەندین چالاکیی بونیادنانی توانا و ڕاوێژکاریی تەکنیکیی دابینکردووە بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگیی گشتیی سێکتەرەکە و زانیاریی بۆ دەسەڵاتە نیشتیمانییەکانی کاروباری مین گواستووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٢٣ دا، UNMAS بەردەوام دەبێت لە گەیاندنی توخمەکانی کاروباری مین لە فەرمانی خۆی و دابینکردنی پاڵپشتیی تەکنیکی بۆ حکومەتە هاوتاکانی.

لە بواری پاراستندا، لەلایەن کۆمەڵەی پاراستنی نەتەوەییەوە هەوڵی دیار دراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی پاراستنی جیهانی، تیمی ئەرکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ (HRETT) و تیمی ئەرکی داکۆکیکار (ATT) بۆ بەهێزکردنی توانای ئەکتەرەکانی پاراستن و هاوتاکانی حکومەت سەبارەت بە بابەتی پاراستن/پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە بە مەبەستی دیاریکردنی هەلی بەشداریکردنی بەهێزتر لەگەڵ مێکانیزمەکانی مافی مرۆڤ و گەشەپێدانی دەستێوەردانەکانی داکۆکیکردنی پاراستن بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی ئەو تاکانەی کە لە بارودۆخی ناسکدان. ئامانجی بەرفراوان تەرکیزی دەخستەسەر گەشەپێدانی خاوەندارێتیی بکەرە ناوخۆییەکانی پاراستن بۆ ئامرازەکانی مافی مرۆڤ بۆ بەهێزکردنی پاراستنی ئەو دانیشتووانەی کاریگەر بوون و خۆبەدوورگرتن لە بۆشایی پاراستن لە کاتێکدا کۆمەڵەکە ناچالاک کراوە.

ئامانجی تەواوکار لەسەر شێوازەکانی داکۆکیکردنی کاریگەر بوو لەژێر ڕۆشنایی ناچالاکبوونی کۆمەڵەکەدا. وۆرکشۆپەکانی بەشدارییپێکردنی مافی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە مانگی ئەیلولدا لە هەولێر وترانەوە بەبەشداریی خەڵک لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانەوە، کە نوێنەرەکانی حکومەت، ئەندامانی دادوەری، نوێنەری دەزگا نەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و چەندین ڕێکخراوی ناحکومیی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی گرتەوە. لەلایەکی ترەوە، وۆرکشۆپی بەشداریکردنی دادوەریی لەلایەن کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران ((UNHCR وەکو ئاژانسی پێشڕەوی کۆمەڵەکە ڕێکخرا بۆ زیادکردنی هەماهەنگی و هاریکاری لەگەڵ دەستە دادوەرییەکان و ئاژانسەکانی سەپاندنی یاسا بۆ بەهێزکردنی زانین و تێگەیشتن لە پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ باشترکردنی ژینگەی پاراستن. بەشداربووەکان بریتی بوون لە دادوەر و نوێنەر لە لقەکانی نیشتەجێبوونی عێراقی فیدراڵ لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ دا، کە کارمەندانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، وەزارەتی داد، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرایەتیی نیشتەجێبوونی بەغداد و دادوەرانی دادگاکانی کەرکوک و نەینەوا و سەڵاحەدین و ئەنباریشی لەخۆدەگرت.

بۆ پاڵپشتیی چارەسەرکردنی کەیسی یاسایی ئاڵۆزتر و بە ئامانجێکی درێژخایەنتری بونیادنانی سیستەمە دوورمەوداکان، UNHCR بەردەوامە لە پێشڕەویکردن لە بواری گفتوگۆ لە ئاستی پلاندا لەگەڵ حکومەتی عێراق و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە لابردنی بەربەستەکانی بەر بەڵگەنامەپێدان و داکۆکیکردن لەپێناو دانیشتووانە لاوازە دیاریکراوەکاندا. ئەم پەیامی داکۆکیکردنانە، بۆ نموونە، تا ئێستا ئەمانەیان لەخۆگرتووە: داکۆکیکردن بۆ مانەوەی بڕوانامەی نیشتیمانیی عێراقی و ناسنامەی باری مەدەنی بەشێوەیەکی بەردەست لەکاتێکدا کێشەکانی بەر دەرچوونی کارتی ناسنامەی یەکخراو دەمێننەوە؛ داکۆکیکردن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی سیاسی و ئیداریی بدۆزرێتەوە تاکو ئاوارەکانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بتوانن بەڵگەنامەکانی ناسنامە و مەدەنیان بەدەستبهێنن جا چ لەڕێگەی گواستنەوەی فایلەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاروباری مەدەنی لە ناوچەکانی پێشووی نیشتەجێبوونیان بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاروباری مەدەنی لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی ئێستایان، یان لەڕێگەی ڕێکخستنی نێردراوی گەڕۆکەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە ناکۆکیان تێدایە؛ داکۆکیکردن بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەوەی کە ئاوارەکان بتوانن بەدوای بەڵگەنامەی ناسنامە مەدەنیاندا بچن و بەدەستیان بهێنن لە شوێنی ڕاگوازتنیان و، بەشێوەیەکی بەرفراوانتر، لە هەر شوێنێکی ناو

وڵات؛ داکۆکیکردن لەوەی کە ئەوانەی ناویان بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی مەدەنی نووسیوە داوای ئەوەیان لێنەکرێت بە اخبار (هەواڵ لێدان) یاخود تبرئة (حاشالێکردن) دا نەڕۆن؛ داکۆکیکردن لەپێناو تەرخانکردنی ستافی گونجاوی حکومی بۆ بەڕێوەبردنی ئۆفیسەکانی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری مەدەنی؛ یاخود، گرتنەبەری ڕێوشوێنی باشترین بەرژەوەندی لەجیاتی پشکنینی DNA لە کەیسە ئاڵۆزەکاندا سەبارەت بە خێزانەکان و چەندانی تر.

لە بواری خوێندندا، کۆمەڵەیەکی پەروەردە دامەزراوە، هاوبەشەکانی پەروەردە بەشوێن هەل و پرۆژەی دەرماڵەوەن بۆئەوەی لەسەر خۆگریی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە (وەزارەتی پەروەردە بەشێوەیەکی بنچینەیی، هەروەها وەزارەتی لاوان و وەرزش، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران لە کوێدا پێویستی کرد) بونیادی بنێن، هەروەها پلان دادەنێن بۆ گەیاندنی بونیادنانی تواناکان و دەستپێشخەریی ڕاهێنان بە بەڕێوەبەرێتیی قوتابخانە/ناوەند بۆ پسپۆڕانی بواری پەروەردە لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ ڕێگایەکی ڕێکخراو بۆ پلان و ئامراز و چالاکییەکانی گەشەپێدان کە تیایاندا دوورمەودایی بونیاد دەنرێت. ئەم پرۆسە سێ-هەنگاوییە مۆدێلین و بەهاوبەشی کارکردن و پاڵپشتیکردن لەخۆدەگرێت، کە لە مۆدێلیندا هاوبەشەکانی پەروەردە پێشڕەویی هاوتاکانی حکومەت دەکەن، بەهاوبەشیکردن پرۆسەیەکی هاوبەش دەبێت، لە پاڵپشتیکردنیشدا پسپۆڕانی حکومەت پێشڕەویی کار و گەیاندن دەکەن بەو شێوەیەی کە لە هاوبەشیکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی پەروەردە گەشەی پێدراوە بە دابینکردنی ئامرازیی سەلامەتیی بەکوالیتی و و بەڕێوەبردنی پەرتی و سەرپەرشتیکردن. لەڕێگەی کۆمەڵەی پەروەردەوە، هاوبەشەکان کاردەکەن بۆ هێنانەکایەی ڕێگایەکی فرە-سێکتەری، هاوشانی پلانی گۆڕانکاریی کاری مرۆیی لە عێراق، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی گۆشەنیگایەکی پاراستن لەبەرچاو گیراوە، لە ئاستی کۆمەڵگاوە بۆ ئاستی حکومەت لەڕێگەی گرووپەکانی کاری پەروەردەی کۆمەڵگا (CAEGs)، گرووپەکانی هێزی ئەرکی لەسەر ئاستی پارێزگایی و گرۆپی داکۆکی لە سیاسەت (PAG) لەسەر ئاستی نەتەوەیی. ئەم گرووپانە بەهێزدەکرێن و بەپێوەری جیاواز بەکاردەهێنرێن و پێکەوە دەبەسترێن بۆ پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبردنی ناوخۆیی و بەهێزکردنی گەیشتن بە پەروەردەی کواڵێتی باش. بۆ بەردەوامیدان بەم بەرەوپێشچوونانە، سیاسەتێکی پەروەردە و ڕاوێژکاری داکۆکیکردن پەڕاوی سیاسەت و پلانی کار گەشەپێدەدات، بە ڕاوێژکردن بە حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و گرووپی داکۆکی لە سیاسەت(PAG)، بۆ پاڵپشتیکردنی هێنانە ناوی فەرمیی گرووپی داکۆکی لە سیاسەت بۆ ناو حکومەتی تازە پێکهاتوو، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی هەوڵ و چاکسازیی یاسایی پێکهاتوون لەڕێگەی ڕاهێنانی وەزارەتی و ئاسانکاریکردن بۆ گرتنەخۆی پێداویستییە دیاریکراوەکانی منداڵ و لاوە لاوازەکان لە سیاسەتی پەروەردەدا.

## ٤.٢
## چوارچێوەی هەماهەنگیکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان چی دابین دەکات؟

لەکاتی تەرکیز خستنەسەر پێداویستییەکانی تری کاری مرۆیی لە ٢٠٢٣ دا، گرنگە ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو هەوڵ/کارانەی کە لەلایەن سەکۆکانی تری هاریکارییەوە ئەنجامدراون کە تەرکیز دەخەنە سەر دروستکردنی کاریگەرییەکی درێژخایەنتر و دڵنیابوونەوە لە بەردەوامی. بە ڕەچاوکردنی داواکارییەکانی قۆناغی گۆڕانکاریکردن و چوون بەرەو چارەسەرە بەردەوامەکان و گەشەپێدانی دوورمەودا، هەندێک ئاژانسی پێشڕەویکراو لەلایەن کۆمەڵەکانەوە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ پێشڕەوبوون لە وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی لە ناوچە تایبەتییەکانی خۆیان، بەشداری لە میکانیزمی چارەسەرە دوورمەودا نێو-ئاژانسییەکانیشدا دەکەن لە هەموو ئاستەکاندا و هەروەها لە بەرنامەسازیی چارەسەرە دوورمەوداکانی ئاستە مەیدانی/تەکنیکییەکاندا (هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان ABCs) و ئاستی ئاڕاستەکردنی ستراتیژی (هێزی ئەرکی چارەسەرە دوورمەوداکان DSTF) دا بەشدارن. کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) وەکو ئەندامێکی چالاکی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان و هێزی ئەرکی چارەسەرە دورمەوداکان بووە بە نموونەیەک لەم بوارەدا. ئەم بەشداریکردنە وایکردووە UNHCR بتوانێت پسپۆڕی لە بوارەکانی لێهاتوویی سەرەکی (بەتایبەتی پاراستن) دابین بکات بۆ هاندانی شیکاریی و بەرنامەسازیی هەستیار لەنێو هەموو هاوبەشەکاندا و لە هەموو ئاستەکاندا تاکو پشکی پێویست لە بەدەسهێنانی چارەسەرە دوورمەوداکاندا بۆ هەموو دانیشتووانە ڕاگوێزراوەکان بهێنرێتەدی. بە بەستنەوەی بە هەوڵی بەرفراوانی ناو سیستەم بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا ١٦,٩ – ناسنامەی یاسایی بۆ هەمووان – UNHCR بەردەوام دەبێت لە بەئەولەویەتکردنی دابین کردنی هاوکاریی یاسایی بۆ ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان و عێراقییە لاوازەکان بۆ خستنەگەڕی گەیشتنیان بە بەڵگەنامەی ناسنامە ی باری مەدەنی بۆ سوودوەرگرتن لە مافە بنچینەییەکانیان و زیادکردنی دەستگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، وەک دەستگەیشتن بە بەخششەکانی گەڕانەوە، نەخشەسازیی قەرەبووکردنەوە، نەخشەسازییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی (ئەوانەی بەشداریان تێدایە و ئەوانەش کە تیایاندا نییە)، کە گواستنەوە و کۆمەکی دارایی و نەفەقەی نەقدی و هەروەها خزمەتگوزارییە گشتییە بنچینەییەکانی وەکو خوێندن و خزمەتگوزاریی تەندرووستی و پاڵپشتیی ئازادیی گواستنەوە و دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی بژێوی پەیداکردن دەگرێتەوە.

لەبارەی لایەنێکی گرنگی ترەوە، بەوپێیەی کاری مین توانابەخشێکی ژیان ڕزگارکەر و هەستیارە بۆ هەوڵەکانی سەقامگیرکردن و بونیادنانی ئاشتی و گەشەپێدان. چوارچێوەی ستراتیژی و کردەیی نێو-ئاژانسیی چارەسەرە دوورمەوداکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پلانی نەتەوەیی حکومەتی عێراق بۆ گەڕاندنەوەی ڕاگوێزراوان بۆ زێدە ڕزگارکراوەکانیان، پیسبوون بە کەرەستە تەقیوەکان وەکو بەربەستێکی سەرەکی دادەنێن لەبەردەم چارەسەرکردنی دۆخی ڕاگوازتندا، هەروەها پاککردنەوەی ناوچە نیشتەنی و کشتووکاڵییەکان بە گرنگ دادەنێن وەک پێش مەرج بۆ گەڕانەوەی دوورمەودا و بەدەستهێنانی ئامانجی بەرفراوانتری کاری مرۆیی. چالاکییەکانی کاروباری مین، بە پەروەردە و ڕاپرسی و پاککردنەوەی مەترسیی کەرەستە تەقیوەکانیشەوە بەشێکن لە پلانی کاری UNSDCF و چارەسەرە دوورمەوداکانی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان.

سەرباری ئەوە، بەوپێیەش کە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر بەردەوام بوونی هەیە، لەمیانەی گەشەپێدانی پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی ٢٠٢٢ دا، کۆمەڵی-لاوەکیی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر پێشنیاری ئەوەیکرد کە کۆڵەکەی دووی UNSDCF چاکبکات کە بریتییە لە: "سیاسەت و یاسا و ڕێسای ئابووریی پەرەپێدراو کە ناوەندیان خەڵکە بەشداریدەکەن لە گەشەکردنی ئابووریی گشتگیر و هەستیار بە جێندەر و هەمەچەشنکراو"، هەروەها ڕەچاوی گرتنەوە و بەئەولەویەتکردنی ڕزگاربووانی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەر. بەهەمان شێوە، لەژێر بەرهەمی ٢،١،٥ ی کۆڵەکەی ٥ "بژێوی: ئەو دانیشتووانانەی کە بە ڕاگوازتن کاریگەربوون گەیشتنی پەرەپێدراویان بۆ بژێوی و داهاتی دوورمەودا و بەشداریکردنیان، لەگەڵ بەشدارپیێکردنی بەهێزکراودا لە چالاکییە ئابوورییەکاندا هەیە"، کۆمەڵەی-لاوەکیی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەر جەختی لەسەر پێویستیی لەخۆگرتنی ڕزگاربووان و دانیشتووانی بەر مەترسیی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەر وەکو ئەولەویەتێک کردەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، لە ساڵی ٢٠٢٠ وە ئەوە بەهەند وەرگیراوە کە خستنە بەر باسی ڕاگواستنی درێژکراوە لە عێراق پێویستی بە لەوە زیاترە کە لە توانای کۆمەڵگای کاری مرۆیی دایە بەتەنیا بەڵکو پێویستی بە سەقامگیرکردن و گەشەپێدانی کۆکراوە و هەوڵی کۆکراوەی حکومەتە. چوارچێوەی هاریکاری گەشەپێدانی دوورمەودای نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSDCF) ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ٢٠٢١ دا پێداچوونەوەی بۆ کرا بۆ زیادکردنی ئەولەویەتی پێنجەمی یەکخست کە تەرکیز دەخاتەسەر 'بەدەستهێنانی چارەسەرە دوورمەوداکان'. لە هەمان ساڵ و لە مانگی حوزەیراندا، چوارچێوەی ستراتیژی و کردەیی نێو-ئاژانسیی چارەسەرە دوورمەوداکانی عێراق ڕاسپێردرا بۆ وەسفکردنی پلانی نەتەوەیی مارسی ٢٠٢١ ی حکومەتی عێراق بۆ ئاوارەکان.

چوارچێوەی چارەسەرە دوورمەوداکان ڕێگایەکی گەیاندنی بەرنامەکان دەگرێتەخۆ بۆ ئاوارە و گەڕاوەکان و دانیشتووانەکانی تر کە بە ڕاگوازتن کاریگەر بوون تا پاڵپشتی بکرێن بۆ شوێنکەوتن و بەدەستهێنانی چارەسەری دوورمەودای خۆویستانە و سەلامەت و شکۆمەندانە بۆ ڕاگوازتنیان لەڕێگەی گەڕانەوە، یەکخستنی ناوخۆیی یاخود جێگیربوونیان لە بەشەکانی تری عێراق. ئامانجی تایبەت لەژێر سایەی چوارچێوەکەدا لە پاڵپشتیکردنی ڕابەریی حکومەت، زەویی خانوو دروستکردن و مافەکانی موڵکداری، دەستگەیشتن بە بژێوی، دابینکردن و بەڵگەنامە و مافی خزمەتگوزاریی بنچینەیی، توندوتۆڵیی و سەلامەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوەی خۆویستانە و سەلامەت و شکۆمەندانە. وەکو پێکهاتەیەکی پەیوەست بەیەکەوە، میکانیزمی هەماهەنگیی چارەسەرە دوورمەوداکان، لەسەر ئاستی ستراتیژی و کردەیی پاڵپشتیی پلاندانانی فرە-سێکتەری، بەرنامەکانی هەماهەنگی و جێبەجێکردن کە پاڵپشتیی چارەسەرە دوورمەوداکان دەکەن، دەکات، و هەروەها بنچینەیەکی بەهێزیش بۆ ئەو ڕێگایانەی گەشەپێدان دابین دەکات کە لە UNSDCF دا لەسەری ڕێککەوتوون. لەپاڵ لەپێشینەبوونی چارەسەرە دوورمەوداکان، ئەولەویەتەکانی تری ناو UNSDCF توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەڕێوەبردن و ژینگەش لەخۆدەگرێت.

بەشی پێنجەم

# پێداچوونەوەی گۆڕانکارییەکان

## ٥.١
## گۆڕانکاریکردن لە سیستەمی هەماهەنگیکردنی کاری مرۆیی چییە؟

بەپێی ڕێبەری لیژنەی کارکردنی نێوان ئاژانسەکان (IASC) سەبارەت بە ستراتیژیای دەرچوون بۆ بکەرەکانی کاری مرۆیی لە بابەتی بارە لەناکاوە ئاڵۆزەکاندا، ستراتیژیای دەرچوون بەشێوەیەکی سەرەتایی وا پێناسەکراوە کە پرۆسەیەکی جووڵانە لە باری لەناکاوەوە بۆ چاکسازی و گەشەپێدان، بە خستەنەبەر باسی گۆڕینێک لە ڕۆڵی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی تری کاری مرۆیی لە وڵاتدا، بەو شێوەیەش کار لەو ئەرکانە دەکات کە ستافەکەیان ڕەنگە لە وڵاتدا پێی هەڵبستن.

لەگەڵ گەڕانەوەی لەسەدا ٨١ ی هەموو ئەو شەش ملیۆن کەسەی کە لەماوەی قەیرانی داعشدا دووچاری ڕاگواستن بوون، هەروەها داخستنی زۆربەی کامپی ئاوارەکان، چیتر ستراتیژ و ئامرازی کاری مرۆیی گونجاو نەبوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانەی کە ماون، بەڵکو پێویست بە ڕێبازی گەشەپێدان دەکات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هەردوو ئاوارەکان/ئاوارە گەڕاوەکان و دانیشتووانی ناوخۆ لەسەر بنەمایەکی یەکسان. لەم سۆنگەیەوە پێویست بوو نەتەوە یەکگرتووەکان گۆڕانکاری بکات، دەستەکانی هەماهەنگی و بکەرەکانی کاری مرۆیی لە عێراق کاربکەن لەسەر وەڵامدانەوە لە باری لەناکاوەوە بۆ بونیاندنانی خۆگری و پاڵپشتیی چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ ئەو ئاوارانەی کە لە کامپەکاندا ماونەتەوە و ئەوانەی کە لە دەرەوەی کامپەکانن و ئەوانەش کە لە جێگیرگەی نافەرمیدان، هەروەها بۆ بەهێزکردنی هۆیەکانی ژیان بۆ عێراقییەکانی تر و پاڵپشتیکردنی گەشەپێدان و چاکسازی لە سەرتاسەری وڵاتدا، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە چاوەڕێی گەڕاوەکان دەکەن و ئەو دیاردەیە بەخۆیانەوە دەبینن، ئەمەش بە پشتگیری کردنی ڕێگایەک لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ و دڵنیابوونەوە لە بنەماکانی یەکسانی و گشتگیری لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکاندا. ئەمە پێویستی بە ستراتیژیی گونجاوتر بوو بۆ ئامانجەکان و وەڵامدانەوە و ئامرازی بە بەرنامە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییە مرۆییانەی کە ماون لە ٢٠٢٣ دا لەپاڵ جۆری تری پێویستی لە وڵاتدا کە پێویستیان بە چارەسەرە دوورمەوداکان و بەرنامەڕێژیی دوورمەوداتر و درێژخایەنتر دەبێت.

## ٥.٢
## بۆچی لە ئێستادا گۆڕانکاری پێویستە لە سیستەمی هەماهەنگیکردنی کاروباری مرۆیی؟

حکومەت و دانیشتووانی عێراق بەشێوەیەکی هەستپێکراو لە پێگەیەکی باشتردان بەراورد بە ٢٠١٧، بەوپێیەی کە حکومەت کۆنترۆڵی ناوچەکەی گرتووەتەوە دەست. نرخی نەوت لە سەرەتای ٢٠٢١ وە بەشێوەیەکی دیار بەرزبۆتەوە، کە بەشێوەیەکی زۆر پەرەی بە داهاتی دەوڵەت داوە و ڕێگایداوە دەوڵەت دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان باشتر بکات. ئەمە، شانبەشانی سەرکەوتنی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکەی عێراق لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ دا و هەروەها کەمبوونەوەی بەرچاوی هەڕەشە ئابوورییەکان، بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی لە سەرتاسەری وڵاتدا لێکەوتووەتەوە. هەروەها پێداویستییە مرۆییەکانیش ڕولەکەمبونەوەن لە سەرەتای ٢٠٢٢ دا بەوپێیەی کە ژمارەی ئاوارە لاوازەکان لە کەمبوونەوەدابوون، بۆ نزیکەی ٩٩٠،٠٠٠ کەس (ئاوارە و گەڕاوەکان) کە پێویستییەکی زۆریان بە هاریکاریی مرۆیی بووە لە ٢٠٢٢ دا بەبەراورد بە ١١ ملیۆن کەس لە ساڵی ٢٠١٧ دا.

لەپاڵ ئەوەشدا، کەمبوونەوەیەکی بەرچاو هەیە لە سندووقی دارایی کاری مرۆیی بۆ عێراق. هاوکاریی دارایی لە نزیکەی ١,٨ ملیار دۆلارەوە بۆ تەنها ٢٦٥ ملیۆن دۆلار کەمیکردووە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، کە ئەوەش بەشی هێشتنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان ناکات لە هەموو کامپەکانی ئاوارەکاندا، هەروەها بەشی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو خزمەتگوزارییە گشتییەکانیش ناکات. ڕەوتە باوەکان ئەوە نیشاندەدەن کە زۆربەی پارەتییە داراییە نێودەوڵەتییە مرۆییەکان بۆ عێراق لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا کۆتاییان پێدێت یاخود ڕوو لە کەمبوون دەکەن. چالاکییەکانی جێگیرکردنی پەیوەندیدار بە هاوپەیمانانەوە وادانراون کە لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بەکۆتابێن، هەروەها چوارچێوەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش تاکو کۆتایی ٢٠٢٤ کارا دەبێت.

تێەکەڵەی ئەو توخمانە بۆشایی بۆ حکومەت دابین دەکات تاکو بەهێواشی بەرپرسیارییەتیی پێویستییەکانی دانیشتووان بگرێتە ئەستۆ، لە هەمان کاتیشدا سوود لە پارەتیی بەردەوامی نێودەوڵەتی وەربگرێت.

## ٥.٣
## چی بەدەستهاتووە لە پلاندانان بۆ گۆڕانکاریکردن لە هەماهەنگیکردنی کاری مرۆیی؟

کۆمەڵگای کاری مرۆیی لە عێراق چەندین هەنگاوی ناوە بۆ پاڵپشتیکردنی گۆڕانکاریکردن و کەمکردنەوەی ئەندازەی کاری مرۆیی بەکۆمەڵ و تەواوی سیستەمی و کاری مرۆیی نێودەوڵەتی. لە کۆتایی ٢٠٢١ وە، ڕێکخەری مرۆیی و هەروەها ئاژانسە پێشەنگەکانی کۆمەڵەکانەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆبوونەوەیان کردووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی لەبارەی پلانەکانی گواستنەوە ئاگاداریان بکەنەوە و هاریکارییان بکەن بە ئاڕاستەی دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێشڕەویکراو لەلایەن حکومەتەوە.

لە کۆتایی ٢٠٢١ دا، حکومەتی عێراق پلانێکی نەتەوەیی سەبارەت بە ڕاگواستنی ناوخۆیی دەرکرد و داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە کۆڵەکەیەک سەبارەت بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە ڕاگواستنی ناوخۆیی بۆ چوارچێوەی هاریکاریی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاد بکەن. هەردوو هەنگاوەکە پێشوازیان لێکرا و نیشانەی خۆتەرخانکردنی حکومەت بوو بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییە پاشماوەکان کە ڕووبەڕووی

چاکبوونەوەی شەش ملیۆن کەس دەبنەوە کە لە ٢٠١٤ وە ڕاگوێزراون یاخود هێشتا لە باری ڕاگواستندان.

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، تیمی کاری مرۆیی وڵات (HCT) سێ ئیڤێنتی ڕێکخست بۆ دیاریکردنی پێوەرەکانی گۆڕانکاریکردن و تاوتوێکردنی پلاندانانی تایبەت بۆ کامپەکان و نشینگە نافەرمییەکان. لەسەر داوای ڕێکخەری کاری مرۆیی، تیمی کاری مرۆیی وڵات هەستا بە دامەزراندنی گروپێکی ڕاوێژکاریی گۆڕانکاری (TAG)، کە گروپێکی بچووکە جەخت لەسەر تاوتوێکردنی وردی لایەنە کردەییەکانی ڕاوێژکاریی گۆڕانکاری بە نوێنەرایەتیی هەموو پێکهێنەرەکانی وەکو بکەرەکانی چارەسەری دوورمەودا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەو ئاژانسانەی کە لەلایەن کۆمەڵەکانەوە پێشڕەوییان کراوە، و بەخشەرەکان دەکاتەوە. TAG چوارچێوەی ستراتیژیاکەی دیزاینکرد، کە لەلایەن تیمی کاری مرۆییەوە لە مانگی ئابی ٢٠٢٢ دا پشتگیری کرا و ئەم ڕوانگەی گۆڕانکاریکردنی کاری مرۆییەش لەسەر ئەوە بنیات نراوە.

لەسەر داوای تیمی کاری مرۆیی وڵات و لە کۆتایی حوزەیراندا، کۆمەڵەکان نەخشەڕێگایەکیان پەرەپێدا بۆ ڕێبەریکردنی گۆڕانکارییەکەیان کە بۆ دیاریکردنی ئەو بەرەوپێشچوونەی تاکو کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ ئەنجامدرابوو، بەکارهێنرا.

پەیامە سەرەکییەکانی سەبارەت بە گۆڕانکاریی کۆمەڵەکە لەلایەن تیمی کاریی مرۆیی وڵاتەوە پەرەیان پێدراوە و لەلایەن ئەندامانی تیمەکە و هاوبەشەکانییەوە لەمیانەی پەیوەندییەستنیان لەگەڵ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتدا بەکارهاتووە.

گفتوگۆ لەبارەی داهاتووی ئەندازەی هەماهەنگییەوە، بە ئاستی ژێر-نەتەوەییشەوە، لەلایەن کۆمەڵەکان و بکەرەکانی تری کاری مرۆیی دەستپێکرد لەگەڵ گروپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان (DSTWG)، کە ئەو مەکۆ تەکنیکی و کردەییە سەرەکییە کە لێیەوە چارەسەرە دوورمەوداکان لە عێراقدا بەرەوپێش دەبرێن. DSTWG نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و بکەرەکانی کاری مرۆیی و گەشەپێدان و سەقامگیرکردن و چاکبوونەوە و بوونیادنانی ئاشتی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، هەروەها دووپاتی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ حکومەت و ئەو قەوارانەی کە هەن و کۆمەڵەکانی لیژنەی کارکردنی نێوان ئاژانسەکان و گروپەکانی کاری لەپێشینەی سەر بە چوارچێوەی هەماهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSDCF) دەکاتەوە. میکانیزمەکانی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان لەسەر ئاستی ژێر-نەتەوەیی خەریکن زیاد دەکەن، گفتوگۆ و تاوتوێ بەردەوامن بۆ دیاریکردنی ئەوەی لەکوێدا گونجاوە کە هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان بەشێوەیەکی کاتیی چەند لایەنێکی دیاریکراوی ئەندازەی هەماهەنگیی نێو-کۆمەڵەکان لەسەر ئاستی ژێر-نەتەوەیی لە عێراق لەخۆبگرێت. گفتوگۆی زیاتر پێویستە سەبارەت بە هەماهەنگیکردن لەسەر ئاستی نەتەوەیی. گفتوگۆ سەرەتاییەکانی تیمی کاری مرۆیی وڵات پێشنیاری ئەوەیانکرد کە گروپی هەماهەنگیی نێوان کۆمەڵەکان کە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆییەوە پێشڕەوی دەکرێت، یا کۆتایی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ بگۆڕێن بۆ ناو گروپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان، ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە مەرج نییە پێکهاتەی چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ ئەوە کرابن کە تەواوی وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی لە ئەستۆ بگرن.

## ٥.٤
## ڕێکخستنی گۆڕانکارییەکان بەپێی بەشەکان و ڕوانین بۆ ساڵی ٢٠٢٣

لە کۆتایی ٢٠٢٢ دا، لیژنەی کارکردنی نێوان ئاژانسەکان هەستا بە ناچالاککردنی کۆمەڵەکان لە عێراق لەسەر داوای ڕێکخەری مرۆیی و تیمی کاری مرۆیی وڵات. ئەم بەشە تێڕوانینێکی گشتی بۆ ئەو قەواری ڕادەستکردنانە دابین دەکات کە ئەرکی کۆمەڵێ گرنگیان وەرگرتووە.

### کۆمەڵەی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ

بەگوێرەی ڕاپرسیی نیازی ڕێکخراوی ڕیچ کە لە حوزەیران و تەمووزی ٢٠٢٢ دا لە هەر ٢٦ کامپە فەرمییەکەی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، ٩٧٪ ی خانەوادە ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپەکان ڕاپۆرتی ئەوەیاندا کە هیچ نیازێکی گەڕانەوەیان نییە بۆ زێدی نیشتەجێبوونیان لە میانەی دوانزە مانگی دوای کۆکردنەوەی داتادا. زۆربەی ئەو هۆکاری نەگەڕانەوانەی کە ڕاپۆرتکراون پەیوەندییان بە نیگەرانیی سەلامەتی و ئاسایش و کەمیی بژاردەی بژێوی و خانووبەرەی زیانلێکەوتوو/وێرانکراوەوە هەیە لە زێدی نیشتەجێبوونی خۆیان. تەنها ٣٪ ی خانەوادەکان ڕاپۆرتیاندا کە نیازی گەڕانەوەیان هەیە، ئەو کامپانەی کە بەرزترین ڕێژەی نیازی گەڕانەوەیان تێدابوو کامپەکانی نەینەوا و هەولێر بوون، بەتایبەتی جەدعەی ٥ لە گەیارە(٢٥٪ ی خانەوادەکان)، خازر M1 (٢٠٪ ی خانەوادەکان) و حەسەن شام (١٨٪ ی خانەوادەکان). ئەمە وادەردەکەوێت کە بەهۆی بارودۆخی ناخۆشی ئەو کەمپانەوە بێت.

٢٥ کامپی بەڕێوەبراو لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە (١٨٠,٠٠٠ کەس) لەلایەن کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆیانەوە بەڕێوەدەبرێن، کە کار لەسەر گۆڕینی هاریکاریی دابینکراو لەلایەن هاوبەشەکانی کاری مرۆییەوە بۆ پەیوەندیی کامپەکان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە، بەمەبەستی گۆڕینی ئەو کامپانە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمی و بەوشێوەیەش لە تێکەڵاوبونی ناوخۆیی باشتر دڵنیادەبێتەوە. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ نیازی ئاوارەکان بۆ مانەوە لە کامپەکاندا، UNHCR یش بەردەوام دەبێت لە داکۆکیکردن لەگەڵ هاوتا پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ ئەوەی ڕێگا بە ئاوارەکان بدرێت خۆیان پەناگەکانیان نۆژەن بکەنەوە لە کامپی ئاوارەکاندا. ئەمە مەترسیی ئاگرکەوتنەوە لە کامپەکاندا کەمدەکاتەوە و بارودۆخی ژیانکردنی شکۆمەندانەتریشیان پێدەبەخشێت. هەروەها ئەمە تێچووی هێشتنەوە و گۆڕینی خێمەکانیش بۆ حکومەت کەمدەکاتەوە. UNHCR هەڵدەستێت بە پێداچوونەوەی بژاردەی جێگرەوە بۆ گەڕانەوەی ئەو خێزانانەی کە باری تایبەتییان هەیە بۆ ماڵەوە، بۆ نموونە ڕاگواستنیان بۆ شوێنی سێیەم لە وڵاتدا و بەردەوامیش دەبێت لە داکۆکیکردن تاکو بارودۆخی زێدی نیشتەجێبوونیان باشتر بکرێت بۆ ئاسانکاریکردن بۆ بڕیارێکی ئازادانە و تێگەیشتووانە بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان بەشێوەیەکی شکۆمەندانە و بەردەوام.

لەپاڵ پلانە بەردەوامەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ چەسپاندنی کامپی ئاوارەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، UNHCR بەفەرمی لەڕێگەی نامەیەکەوە پەیوەندیکرد بە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان (JCCC)، کە تیایدا هاتبوو هەموو کۆچکردنەکان لە کامپەکانەوە و گەڕانەوەی کۆتایی بۆ

زێدی نیشتەجێبوون یاخود ڕاگواستن بۆ شوێنی دەرەوەی کامپ لەناو وڵاتدا، پێویستە خزمەتگوزاری پێویستی وەک خوێندن و تەندروستی و ئاو و خاوێنی گونجاو لەبەردەست بێت. پێویستە کۆمەڵە بڕاردەیەک بخرێتە بەردەست ئاوارەکان، وەکو یەکخستنی ناوخۆیی، بەڕێزگرتن لە نیاز و بڕاردە پەسەندەکانیان. لە ڕۆڵی پێشووتریدا وەکو ئاژانسی پێشڕەویکردنی کلستەری هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ، UNHCR پێشنیاریکرد کە بڕیار دەربارەی هەر کامپێک پێویستە ڕێکخراو و پلانبۆدانراو بێت، لەگەڵ دابینکردنی زانیاریی تەواو و ئاگادارکردنەوەی گونجاو بۆ دانیشتووانی کامپەکان، بۆ ئەوەی کاتیان بدرێتێ تاکو بڕیارێکی تێگەیشتووانە بدەن و خۆیان بۆ کۆچکردنیان ئامادە بکەن. UNHCR هەروەها ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتەکان لە زانیاریدان بە ئاوارەکان، داوای زانیاریی زیاتری کرد سەبارەت بە زنجیرەی کار و چوارچێوەی کاتی پلانەکانی چەسپاندن. سەرباری ئەوە، UNHCR داوای دووپاتکردنەوەی بەردەستبوونی بەخششی گەڕانەوەیکرد لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، تاکو ئەگەر خێزانەکان بڕیاری گەڕانەوە بۆ زێدی نیشتەجێبوونیان بدەن پاڵپشتی بکرێن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران بەردەوام دەبێت لە ڕۆڵی سەرپەرشتیکردن لە کامپی جەدعەی ٥، کە لەئێستادا ٧٨٢ خانەوادە/٣,٦٨٣ کەس لەخۆدەگرێت. لەگەڵ بڕیاری ئەم دواییانەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بۆ داخستنی جەدعەی ٥، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران داکۆکیدەکات لەپێناو پرۆسەی داخستنێکی ڕێکخراو و تێگەیشتووانە و لەکاتی خۆیدا کە بەشێوەیەکی خۆویستانە و سەلامەت و شکۆمەندانە جێبەجێ بکرێت و لە نزیکیشەوە لەگەڵ تیمی بەشداریکردنی خێڵەکی کاردەکات بۆ جەخت خستنەسەر نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوەی ئەو خانەوادانە کە هەست دەکرێت پەیوەندی بە داعش یاخود بارودۆخی خێڵەکی و کۆمەڵایەتیان هەبێت.

بەگوێرەی دۆزینەوەکانی هەڵسەنگاندنی پێویستییە فرە-کۆمەڵەکانی ساڵی ٢٠٢٢، ٩٩٤,٠٠٠ کەس لە ئاوارەبوونی درێژخایەندا ماون لە نشینگە نافەرمییەکانی ئاوارەکان لە ساڵی ٢٠٢٢ دا. هاوبەشەکانی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ بەردەوام دەبن لە کارکردن بە ئاڕاستەی خستنە بەر باسی پێویستییە لەناکاوە مرۆییەکانی ئەم دانیشتووانە لەکاتێکیشدا ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە چارەسەرە دوورمەوداکان دەکەن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران پاڵپشتیی بونیادنانی توانای هاوبەشەکانی کرد بۆ چەسپاندنی بەرپرسیارییەکانی خاڵە ناوەندییەکانی کۆمەڵەی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ لەنێو چوارچێوەی خۆیاندا. بەبەردەوامبوون لە ساڵی ٢٠٢٣ دا، هاوبەشەکانی هەماهەنگیکردنی کامپ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ حکومەتە ناوخۆییەکان و میکانیزمەکانی هەماهەنگی و هەروەها گروپەکانی هەماهەنگیی لەسەر بنەمای ناوچەکانیش دەبەستن بۆ خستنە بەر باسی ئەو کێشانەی کە پەیوەندیان بە دەرکردن و پێویستی و بۆشاییەکانی ئاوارەکانەوە هەیە، هەروەها خستنە بەر باسی بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە، لەگەڵ نوێنەرایەتی کردنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران بۆ خستنەڕووی کێشەکان لە کۆڕە نەتەوەییەکاندا وەکو پێویست.

## کۆمەڵەی پەروەردە

هەردوو وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە بەغداد بە فەرمی بڕیاری خۆیان گەیاندووە بۆ دامەزراندنی لیژنەیەکی پەروەردە لە هاریکاریی باری لەناکاودا لەنێو وەزارەتەکاندا، کە تیایدا هاوبەشەکانیش دەتوانن بەشداربن. مەرجەکانی کارکردن بۆ ئەو لیژنانە بەکۆتایی گەیشتوون و پێویستییەکانی بوونیادنانی توانا لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە دیاری دەکرێن. چاوەڕێ دەکرێت هەمان پرۆسە بەمزووانە دەستپێبکات لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە بەغداد. بابەتێکی سەرەکی بریتی دەبێت لە چۆنیەتیی یەکخستنی منداڵانی ئاوارەکان بۆ ناو سیستەمە هەمیشەییەکانی پەروەردە، بەوپێیەی کە سیستەمێکی هاوتەریب بۆ منداڵانی ئاوارە هەیە لە هەرێمی کوردستان، تێبینی ئەوە بکەین کە یەکخستنی منداڵە پەنابەرەکان بۆ ناو سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە، لەڕێگەی سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران. ئەمە پێویستی بە پەیوەندی بەستن هەیە لە هەموو ئاستەکاندا و پێویستیشی بە گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و دامودەزگا عێراقییەکانە.

## کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری

دەستپێشخەرییەکانی بونیادنانی تواناکان بەردەوامن بۆ ڕادەستکردنی دۆزی ئاوارە و پەنابەران بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. بۆ گۆڕانێکی ئاسان لە دابینکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریدا (وەکو کاش بۆ کاری کۆمەڵی بژێویی فریاگوزاری)، کۆمەڵی بژێویی فریاگوزاری گۆڕاوە بۆ ژێر-کۆمەڵێک لە ژێر پێکهاتەی چارەسەرە دوورمەوداکاندا بۆ کارکردنی هاوبەش بەئاڕاستەی گەشەپێدانی ڕێنمایی و ڕێگاکان لەگەڵ هاوپەیمانیی کاش و بژێوی بۆ عێراق (هەروەها مەکۆی کاشی عێراق).

## کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراک

کۆمەڵەکە گۆڕاوە بۆ گرووپێکی کاری کەرتی کشتوکاڵی کە لەلایەن ئاژانسەکانی/هاوبەشەکانی پێشڕەویی کۆمەڵە سەرپەرشتی دەکرێت. بەڵگەنامەیەکی گۆڕانکاریی هۆشیاری گەشەی پێدراوە، کە لەگەڵ هاوبەشەکان و مەرجەکانی کارکردنی گرووپی کاری کشتوکاڵی پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت. ئامانجەکە ئەوەیە کە دڵنیاببینەوە کە لایەنەکانی ئاسایشی خۆراک بەباشی لە گرووپی کاری کشتوکاڵیدا چەسپیون و ئەوەش گروپی کارەکە لەگەڵ پێداویستییە تەکنیکی/هەماهەنگییەکاندا دەگونجێت و بەباشی ئامادەکراوە بۆ پڕکردنەوەی لایەن و پێداویستییەکانی ئاسایشی خۆراک لە چوارچێوەی ئێستای وڵاتدا، هەروەها پلاندانانی لەپڕو خۆ بەدوورگرتن لە دووبارەکردنەوەی کاری مەکۆکانی تری هەماهەنگیکردن.

## کۆمەڵەی تەندرووستی

بەوپێیەی کە گروپی ڕاوێژکاریی ستراتیژیی کۆمەڵەی تەندرووستی نوێکراوەتەوە و گۆڕاوە بۆ گروپێکی ڕاوێژکاریی گۆڕانکاری، کە کەسایەتییە ناوەندییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و عێراق و هاوبەشە پەیوەندیدارەکانیش لەخۆدەگرێت، ئەو ئاژانسانەی کە کۆمەڵەکان پێشڕەوییان دەکەن و وەزارەتی تەندرووستیی عێراق ئێستا پێکەوە کاردەکەن بۆ دامەزراندنی گونجاوترین شێوازی هەماهەنگیکردن لە پاش ناچالاککردنی کۆمەڵەوە. نەخشەکێشانی دەزگا تەندرووستییە

گشتییەکان سەبارەت بە شوێنەکانی ڕاگواستنی ناو کامپ و دەرەوەی کامپ جێبەجێکراوە و لەگەڵ وەزارەتی تەندرووستیی عێراقدا هاوبەشی پێکراوە. وەزارەتی تەندرووستیی عێراق کەسانی ناوەندیی ژێر-نەتەوەیی دیاریکردووە بۆئەوەی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان بیانگرێتەوە. ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانی بەنزیکەیی کۆکردنەوەی داتا و شیکاریی سیستەمی چاودێری بەردەستیی سەرچاوە تەندرووستییەکان و خزمەتگوزارییەکان (HeRAMS) ی لە عێراقدا تەواوکردووە؛ جێبەجێکردنیشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خەریکە ڕوودەدات. وەکو سەرەتایەک بۆ بەدیجیتاڵکردنی سیستەمی زانیاریی تەندرووستی، بڕیارە DHIS2 لە ٥ پارێزگادا بناسێنرێت، بە دەستپێکردن لە داتای کوتانەوە. ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانی هەروەها کاردەکات بۆ یەکخستنی خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان بۆ ئاوارەکان لەناو سیستەمی تەندرووستیی گشتیدا لەڕێگەی دامەزراندنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندرووستی سەرەتایی گشتگیر لە دەزگا تەندرووستییە دیاریکراوەکاندا و ڕاهێنان کردن بە ستافی وەزارەتی تەندرووستی، بەمەبەستی ڕادەستکردنی تەواوەتیی ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ وەزارەتی توندرووستی لە ناوەراستی ٢٠٢٣ دا. بۆ هێشتنەوەی کەمترین خزمەتگوزاریی سەرەتایی، پلانێکی گۆڕانکاری لە ئێستادا گەشەی پێدەدرێت. پلانەکە یەکخستنی ناوەندە حکومییەکانی چاودێری تەندرووستیی سەرەتایی لەخۆدەگرێت، لەپاش ئەوەی فراوان دەکرێن و نوێگەرییان تێدادەکرێت، یاخود دوو دەزگا یان زیاتر لە کامپەکاندا تێکەڵ دەکرێن کاتێک بتوانرێت ئەنجام بدرێت. ئەمە دڵنیایی دەبەخشێت لەبارەی کەمکردنەوەی تێچووی خزمەتگوزارییەکان بەبێ هیچ وەستانێک لە گەیاندنی خزمەتگوزاریدا.

## کۆمەڵەی پاراستن

گۆڕانکاریی کۆمەڵەی پاراستن بەپێی نەخشەڕێگا و بەڵگەنامەی شیکاریی مەترسییەکانە لە بەشی هاوپێچەکاندا. سێ بواری سەرەکی دیاریکران تاکو لەخشتەی کاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی پاراستندا بەئەولەویەت بکرێن؛ گەیاندنی خزمەتگوزاریی بە سوومەندبووەکان، هەماهەنگی و بونیادنانی توانا. ئەمەی خوارەوە ئامارێکی نوێی بەرەوپێشچوونە لەم بوارانەدا:

**چالاکییەکانی پاراستنی دوای گۆڕانکاریی کۆمەڵە:** کۆمەڵەی نیشتیمانیی پاراستن دوو ڕاپرسیی ئەنجامدا بە مەبەستی پێوانەکردنی بارودۆخی یارمەتیی دارایی هاوبەشەکانی پاراستن بۆ چالاکییەکانی پاراستنە گشتییەکان و بۆشاییەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەکان پاش ناچالاککردنی کۆمەڵە. ئەنجامەکانی ڕاپرسیی یەکەم ئەوە دەردەخەن کە لە پرۆژە ڕاپۆرتکراوەکاندا، ٪٤٠ یان تا کۆتایی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ کۆتاییان پێدێت، لەکاتێکدا ٪٦٠ (سەرەتا هاوکاریی یاسایی، دواتر پاراستن و ڕەوانەکردن لەسەر بنەمای کۆمەڵگا) لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بەردەوام دەبن. ئەنجامەکانی ڕاپرسیی دووەم سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کەیسەکان دوای گۆڕانکاریکردن ئەوە دەردەخەن کە بۆ چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەکان، کە زۆربەیان لە پاراستنی منداڵان (٪٥٢) و توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەر (٪٤٥) پێکهاتوون، ٪٥٠ تاکو کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ کۆتاییان پێدێت، لەکاتێکدا ٪٣٢ ی تر تاکو چارەکی یەکەم و دووەمی ٢٠٢٣ کۆتاییان پێدێت، هەموو پارێزگاکانی عێراقیش بەردەوام چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەکانیان تێدا دەبێت تاکو ناوەڕاستی ٢٠٢٣. هەندێک چالاکی لەپاش ئەم بەروارەشەوە بەردەوامدەبن بەڵام سەرتاسەری وڵات ناگرنەوە. هاوبەشەکانی پاراستن بەردەوامیش دەبن لە دابینکردنی بەڵگەنامە مەدەنییەکان بۆ ئاوارە/ئاوارە گەڕاوەکان و هەڵمەتەکە بەرفراوانیش دەکەن بۆ عێراقییەکانی تریش کە ڕەنگە بەربەستی تایبەتیان هەبێت لە بەدەستهێنانی ئەو بەڵگەنامانەی کە ناسنامەیان و هاوڵاتیبوونیان لە عێراق دەسەلمێنن (بەو دانیشتووانەشەوە کە لەبەر مەترسیی بێ دەوڵەتیدان) وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، شوێن گۆڕین بە ئاسانی و ناونووسین بۆ بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوە و پاراستنی کۆمەڵایەتی.

**هەماهەنگی:** پلاتفۆرمی پاراستن لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ دا دروستکرا و چالاککرا، کە لەلایەن UNHCR و OHCHR (نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ) بەڕێوەدەبرێت بە بەشداریی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نیشتیمانییە ناحکومییەکان. ئامانجە سەرەکییەکانی پلاتفۆرمی پاراستن بریتین لە هاریکاریکردن بۆ داکۆکیکردن لە ئاستی بەرزدا و دابینکردنی ڕێنمایی بۆ هاوبەشەکان، بەتایبەتی لەژێر چوارچێوەی هەماهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کێشەکانی پاراستن بەبەردەوامی بەپێی چوارچێوەی کاری یاسایی نیشتیمانیی و نێودەوڵەتیی شیاو باسدەکرێن. بەناوەندبوونی پاراستن لە ئامانجە سەرەکییەکانی هەوڵی بەرفراوانی سیستەمیی پلاتفۆرمی پاراستن دەبێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان، پاڵپشتیکردنی کاری چارەسەری بۆ دانیشتووانی لاواز و بەهێزکردنی خۆگریی خەڵک. گرووپی سەرەکی دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەی مەدەنیی وەکو یەکێک لە ئەولەویەتە سەرەکییەکانی داناوە لە ٢٠٢٣ دا، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە کەیسە ئاڵۆزەکان و کۆسپەکان کە هێشتا لەبەردەم ئاوارە و گەڕاوەکاندان بۆ گەیشتن بە بەڵگەنامە، هەروەها لەبەردەم دانیشتووانی لاوازدان، پێویستیان بە داکۆکیکردنی ئاست بەرز هەیە لەگەڵ هاوتا حکومییە پەیوەندیدارەکاندا.

**بونیادنانی توانا:** بۆ دڵنیابوونەوە لە بەچەقکردنی پاراستن وەکو هەوڵێکی بەرفراوانی ناو سیستەم بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان، خستنە بەر باسی ئەو لاوازییانەی کە پەیوەندییان بە ڕاگواستنەوە هەیە و بۆ بەهێزکردنی بەرگەگریی خەڵک، کۆمەڵەی پاراستن و گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان (DSTWG) چەندین وۆرکشۆپیان لە مانگەکانی ئەیلول و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ دا ئەنجامدا بۆ خاڵە ناوەندییەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان، ڕێکخەرانی پاراستن، ئەندامانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان و دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی ئەو ناوچانەی کە هەماهەنگییان تێدا دەکرێت (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەنبار، سەڵاحەدین، کەرکوک و نەینەوا (بعاج، سنجار، موسڵ). گفتوگۆی ناو وۆرکشۆپەکان تیشکیان دەخستە سەر بنەماکانی بەچەقبوونی پاراستن، بەجێنەهێشتنی هیچ کەسێک، بەباوکردنی پاراستن و چارەسەرە دوورمەوداکان لەڕێگەی ڕاهێنانەوە، بۆ نموونە چۆن هەماهەنگیکردنەکان لەسەر بنەمای ناوچەکان دەتوانن پاراستن تێکەڵی ناو ڕێڕەوی کارەکانیان بکەن. وۆرکشۆپەکان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی وترانەوە و لەهەمان کاتیشدا وەرگێڕان بۆ عەرەبی دابینکرابوو. ئامادەبوون و بەشداریکردنی چالاکانە لەلایەن کارمەندانی حکومییەوە کە پارێزگاران و جێگرانی پارێزگار و سەرۆکانی شارەوانی و کارمەندانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی لەخۆدەگرت، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. خاڵە گرنگەکانی وۆرکشۆپەکان تیشکیان دەخستە سەر پێویستیی پەیوەندی بەستنی بەردەوام لەگەڵ حکومەتە/شارەوانێتییە ناوخۆییەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی بەدڵنیاییەوە

پاراستن بەچەقکراوە لەنێو پلانی کاری هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان، هەروەها پێویستییەکیش هەیە بۆ میکانیزمەکانی بەرپرسیاری و فیدباک، پرسیارکردن لەسەر سیستەمی سکاڵاکردنی بەردەست بۆ دەستێوەردانەکانی هەماهنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان، هەروەها پێویستییەکیش هەیە ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی هەڵبژاردنی ناوچە بەئامانجکراوەکان و دانیشتووانە بەئامانجکراوەکان لەلایەن ئەندامانی هەماهەنگیکردنەوە – پێویستی بۆ سیستەمێکی شەفاف، ڕۆڵی لیژنە تازە دامەزراوە ناوخۆییەکانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا و بەشداریکردن لە دیزاینکردن/پلاندانان بۆ پرۆژەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان – خستنەکاری ڕێگا بەشدارییێکەر و بەشداریی حکومەت بۆ هاوبەشیپێکردنی بەرپرسیارییەتی، بەئەولەویەتکردنی وەڵامدانەوە و بەکردەیی کردنی بنەمای "جێنەهێشتنی هیچ کەسێک"، پرسکردن دەربارەی چۆنییەتی ئەنجامدانی بەشێوەی کردەیی و ئەوەی ئایە بکەرە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ئەم بنەمایە دەڕۆن بەڕێوە و چۆنییەتی دڵنیابوونەوە بەباشترین شێوە لەوەی ئەندامانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان بەکردەیی دەکەن و دڵنیابوونەوە لە بەشداریکردنی مانابەخش لەگەڵ ئەندامانی هەماهەنگیکردن و لیژنەکانی هەماهەنگیی هەرێمی لەو شوێنانەی کە بوونیان هەیە، هاوتاکانی حکومەت و کۆمەڵگا کاریگەربووەکان لە هەموو قۆناغەکانی دەستێوەردانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان.

## کۆمەڵەی لاوەکی منداڵپارێز

منداڵپارێز یاخود پاراستنی منداڵ پێکهاتەیەکی ڕاستەوخۆی هاوتەریبی نییە لە حکومەتدا. چالاکییە منداڵپارێزە دوورمەوداکان پێویستییان بە دروستکردنی دەزگا منداڵپارێزەکانە لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. گفتوگۆکان لە قۆناغێکی بەرەوپێشچوودان، هەروەها سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF) بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی ئەم پرۆسەیە، کە دامەزراندنی یەکەکانی منداڵپارێز و بە دەزگاکردنی لەسەر ئاستی ژێر-نەتەوەیی، بەهێزکردنی هێزی کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ فەرمان و توانای منداڵپارێزیش لەخۆدەگرێت، ئەمیش لە بەرامبەردا بودجە بۆ ڕێگریکردن لە وەڵامدانەوەی کێشەکانی پاراستنی منداڵ تەرخان دەکات؛ هەروەها هەماهەنگیی هاوبەشەکان کە لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەبرێت. هاوبەشەکانی کاری مرۆیی بەردەوام دەبن لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، کە ئەوانەش لەخۆدەگرێت کە پەیوەندییان بە گەڕانەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریاوە هەیە.

## کۆمەڵەی لاوەکی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز

بۆئەوەی بەشێوەیەکی کارا بتوانرێت وەڵامی پێویستییەکانی ڕزگاربووانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و گرووپی بەردەم مەترسی بدرێتەوە لە گۆڕانکاریکردن بۆ پێکهاتەی گەشەپێدان، ژێر کۆمەڵەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر پێشنیاری ڕێگایەکی قۆناغداری کرد کە لە ڕێگایەوە، ژێر-کۆمەڵەکە دەگۆڕێت بۆ ڕێگایەکی کەرتی، لەژێر ڕابەرایەتیی پێشنیارکراوی ئەو ئاژانسانەی کە لەلایەن حکومەتەوە پیشڕەوی دەکرێن و دابینکەرە نیشتیمانییەکانی خزمەتگوزاریی تایبەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لەسەر ئاستی عێراق و بەهەمان شێوەش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەڕێگەی پاڵپشتیی تەکنیکی و کردەیی و یارمەتیی دارایی لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هەروەها لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان و بکەرە نیشتیمانییەکان و ئاژانسە بەخشەرەکانەوە. ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی ڕێگا قۆناغدارەکە ئەمانە دەگرنەوە:

- زیادبوونی هەماهەنگی لەنێو ئەو خاوەن بەشانەی کە چالاکییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەروەها لەسەر ئاستی ژێر-نەتەوەیی/پارێزگاکان جێبەجێ دەکەن.
- زیادبوونی نوێنەرایەتی لە گروپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان و هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان و پلاتفۆرمی پاراستن.
- زیادبوونی بەهێزکردنی داکۆکیکردن لە چەندین کۆڕی جۆراوجۆر، هەم ئەوانەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕابەری دەکرێن و ئەوانەش کە حکومەت ڕابەرایەتییان دەکات، بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و بڵاوکردنەوەی کاری هاوبەش.
- زیادبوونی پاراستنی ژنان و منداڵان و کەسانی کەمئەندام و بەساڵاچووان و ئەو خانەوادانەی کە ژنان یاخود منداڵان بەڕێوەیان دەبەن و ژنانی بێوەژن یاخود تەڵاقدراو و هەروەها هەرزەکارانیش.

ژێر-کۆمەڵەکە کاردەکات لەسەر بونیادنانی توانای بکەرە نەتەوەییەکان بە هاوتاکانی حکومەتیشەوە. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێتە سەرپەرشتیار لەکاتێکدا دامەزراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابووری (SEED) بە هاوبەشی سەرپەرشتی دەکات. لەسەر ئاستی عێراق، بەشی تواناسازیی ژنان لە حکومەتدا دەبێت بە سەرپەرشتیار، لەکاتێکدا ژێر-کۆمەڵەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر ویستی خۆی بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی هاو-سەرپەرشتیار نیشان دەدات. سندووقی دانیشتووانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی تەکنیکی بۆ پێکهاتەی هەماهەنگیی نوێ دابین دەکات.

ئاژانسەکانی هەماهەنگی بەرپرسیار دەبن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەڕێوەچوونی ئاسانی کاری گرووپەکانی کاری توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لە هەرێمەکانی خۆیان و پێشڕەو دەبن لە دیزاین کردنی ڕێبەر و ستانداردی کاریگەر و دابینکردنی پاڵپشتیی تەکنیکی بۆ خاوەن بەشە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ پاڵپشتیی تەکنیکی لە سندووقی دانیشتووانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو دوایین پەناگە بۆ ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لە عێراق. حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ژێر پێکهاتەی گەشەپێداندا بەرپەرسیارییەتی سەرەتاییان هەیە بۆ دڵنیابوونەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی کوالیتی باشی تایبەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر بۆ ڕزگاربووان و گرووپانی بەردەم مەترسیی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لەڕێگەی قەوارە ڕێگەپێدراو و دیزاینکراوەکانییەوە. بەشی تواناسازیی ژنان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسیارن لە دیزاینکردنی سەرچاوە سرووشتییە پێویستیەکان بۆ پێشڕەویکردنی گرووپەکانی هەماهەنگیی کاری توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، لەسەر ئاستی نەتەوەیی و حکومی.

### کۆمەڵەی لاوەکی کاری مین

ژێر-کلستەرەکە لەگەڵ دەسەڵاتە نەتەوەییە پەیوەندیدارەکان بە کاروباری مین کاری کردووە بۆ گواستنەوەی ئەرکەکان بەشێوەیەکی تەواو بۆ کەرتی هەماهەنگیی بەڕێوەبراو لەلایەن حکومەتەوە تاکو ٣١ ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢. کەرتەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مینی عێراق لە بەغداد و ئاژانسی کاروباری مینی سەر بە هەرێمی کوردستانەوە پێشڕەوی دەکرێت. کەرتی هەماهەنگیی کاروباری مین نەخشەسازییەکی بۆ بەشداریکردنی چارەسەرە دوورمەوداکان ئەنجامداوە لەنێو هاوبەشانی ژێر-کۆمەڵەکە بۆ دڵنیابوونەوە لە دوورمەودایی هەماهەنگیی کاری مرۆیی لە کاروباری میندا لەنێو پێکهاتەی هەماهەنگیی پێشڕەویکراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

### کۆمەڵەی پەناگە/کەلوپەلی ناخۆراکی

کۆمەڵەی پەناگە و کەلوپەلی ناخۆراکی هەماهەنگیی لەسەر ئاستی ناوچەکانی دەستێوەردانە ماوەکانی پەناگەکانی گۆڕیوە بۆ گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان/هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان. هاوبەشەکانی کاری مرۆیی پەناگە هاریکاریی خاڵە ناوەندییەکانی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان دەکەن بۆ دابینکردنی زانیاری لەسەر پێویستییەکان و بڵاوکردنەوەی نموونەی دەستێوەردان لەسەر بنەمای ناوچەکان. لەسەر ئاستی نەتەوەیی، هەندێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵەی پەناگە لەگەڵ ئەو ژێر-گرووپی خانووبەرە و زەوی و موڵکەدا یەکدەخرێت کە ئێستا بوونی هەیە لەژێر دەسەڵاتی گروپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان، کە ئەرکی سەرەکیی بریتیە لە دابینکردنی ڕێنمایی بۆ ژێر-گرووپی خانووبەرە و زەوی و موڵک و چالاکییەکانی تر کە پەیوەندییان بە پەناگەوە هەیە، بۆ نموونە بەرنامەی قەرەبووکردنەوە و دەستێوەردانی پەناگە لە شوێنە نیشتەجێبوونە نافەرمییەکاندا. لەکاتێکدا چالاکییە پەیوەندیدارەکان بە کەلوپەلی ناخۆراکی تاکو کۆتایی ٢٠٢٢ بە چەند قۆناغێک کۆتاییان پێدەهێنرێت بەوپێیەی کە پێویستییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لە کەمی کردووە.

### کۆمەڵەی ئاو و پاکژی و تەندرووستی (WASH)

دوو گرووپی کاری کەرتیی پێشڕەویکراو لەلایەن حکومەتەوە لە بەغداد و هەولێر دامەزرێنران. گرووپی کارەکە لە بەغداد لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و خانووبەرە و شارەوانییە گشتییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت، کە دوو کۆبوونەوە لە ئەیلول و تشرینی دووەمدا ئەنجامدراوە. گرووپی کارەکەی هەولێر لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆوە بەڕێوە دەبرێت، کە کۆبوونەوەی یەکەم لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئەنجامدراوە و هی دووەمیش لە مانگی کانوونی یەکەمدا. لەئێستادا مەرجەکانی کارکردن لە قۆناغی کۆتایی داناندان و پێویستییەکانی بونیادنانی توانا دیاری دەکرێن.

### بەردەوامبوون یاخود ناچالاککردنی میکانیزمەکانی تری هەماهەنگیکردن

### گرووپی کاری کاش

گرووپی کاری کاش ڕادەستی مەکۆی کاشی عێراق کراوە کە بەم دواییانە پێکهێنراوە. ئەم گرووپە نوێیە ئامانجی ئەوەیە پاڵپشتیی کواڵێتی و کارایی یارمەتیی کاش و پسوڵە بکات لەڕێگەی دابینکردنی هەماهەنگیی ستراتیژی و ڕاوێژکاریی تەکنیکی و داکۆکیکردن بۆ هەموو بکەرەکانی یارمەتیی کاش و پسوڵە لە عێراق. ئەم گرووپە نوێیە تیشک دەخاتە سەر سێ بواری ستراتیژی: ١) چارەسەرە دوورمەوداکان، لەگەڵ پەیوەندی بەستنێکی تایبەت لەگەڵ ژێر-گرووپی تەکنیکیی بژێوی؛ ٢) بەکارهێنانی یارمەتیی کاش و پسوڵە بۆ ئەو دانیشتووانەی کە بە گۆڕانکاریی کەشوهەوا کاریگەربوون؛ هەروەها ٣) پاراستنی کۆمەڵایەتی، بە تەرکیز خستنەسەر پەیوەندییەکان لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، یەکگرتن لەگەڵ بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کۆمەڵایەتیی وەڵامدانەوەی شۆک. لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، گرووپە نوێیەکە بە ٧٠ ئەندامەوە پێکهێنرا، هەروەها لەژێر تیمی کاری مرۆییدا کاردەکات لە ساڵی ٢٠٢٣ دا.

# پێکهاتەی گۆڕانکاریی هەماهەنگی بۆ ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣

| 2022 | 2023 | |
|---|---|---|
| تیمی کاری مرۆیی وڵات | تیمی کاری مرۆیی وڵات | هێزی ئەرکی چارەسەرە دوورمەوداکان |
| گروپی هەماهەنگی نێوان کۆمەڵەکان | گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە دوورمەوداکان | |

<table>
<tr><th rowspan="2">کۆمەڵە/کۆمەڵەی لاوەکی</th><th colspan="2">دەزگاکان/سەکۆی/ گرووپی کارکردن</th></tr>
<tr><th>عێراق</th><th>هەرێمی کوردستان عێراق</th></tr>
<tr><td>ئاو و خاوێنکردنەوە و پاک و خاوێنی</td><td>گروپی کاری ئاو و پاکژی و تەندروستی<br>وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و خانووبەرە و<br>شارەوانییە گشتییەکان</td><td>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆ سەرپەرشتی<br>گروپی کاری ئاو و پاکژی و تەندروستی<br>وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار</td></tr>
<tr><td>پەروەردە</td><td>لیژنەی بەڕێوەبردن پەروەردە<br>لە حاڵەتە فریاگوزاریەکان</td><td>لیژنەی بەڕێوەبردن پەروەردە<br>لە حاڵەتە فریاگوزاریەکان</td></tr>
<tr><td>پاراستنی گشتی</td><td colspan="2">سەکۆی پاراستن</td></tr>
<tr><td>پاراستن: کرداری مین</td><td>بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی مین</td><td>ئاژانسی کاروباری مین لەکوردستانی عێراق</td></tr>
<tr><td>توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز</td><td>حکومەت و سەرپەرشتیاری کەرتی ڕێکخراوی ناحکومی</td><td>دامەزراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی<br>و ئابووری /کەرتی پێشەنگ/حکومەت</td></tr>
<tr><td>پاراستنی منداڵان</td><td>حکومەت و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی</td><td>حکومەت و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی</td></tr>
<tr><td>گروپی هەماهەنگی و بەڕێوبردنی خێوەتگە</td><td>ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران (جەدە 5)<br>ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران<br>+وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران (جەدە 1)</td><td>کۆمیساری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ پەنابەران</td></tr>
<tr><td>ئاسایشی خۆراک</td><td colspan="2">گروپی کاری کشتوکاڵی</td></tr>
<tr><td>تەندروستی</td><td>وەزارەتی تەندروستی - سەکۆی هەماهەنگی</td><td>لەژێر گفتوگۆدا</td></tr>
<tr><td>پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان</td><td colspan="2">گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە دوورمەوداکان - خانووبەرە/خانوبەرە، زەوی و موڵک</td></tr>
<tr><td>ژیان و گوزەرانی تەنگەتاوی</td><td colspan="2">گروپەکانی سەر بە گروپی لاوەکی کاری تەکنیکی چارەسەرە دوورمەوداکان</td></tr>
<tr><td>گروپی کاری کاش</td><td colspan="2">گروپی نوێی کاری کاش (کۆربەندی کاش عێراق)بە سەپەرشتی ڕێکخراوی بەرنامەی خۆراکی جیهانی<br>و ڕێکخراوی ئەو کەسانەی کە پێوستیان بە یارمەتیە</td></tr>
</table>

بەشی شەشەم

# هاوپێچەکان

## ٦.١
## شیکاری مەترسیەکانی کۆمەڵەکان کە گەشەی پێدراوە لە حوزەیرانی ٢٠٢٢ (نەخشەڕێگای گۆڕانکاریکردن لە کۆمەڵەکان)

**پاشکۆ:**

لەمیانەی کشانەوەی هاوبەشی تیمی کاری مرۆیی وڵات/DCG/گرووپی هەماهەنگی نێوان کۆمەڵەکان لە ٣١ ی ئادار، ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە کۆمەڵەکان/ گرووپی هەماهەنگی نێوان کۆمەڵەکان کار لەسەر شیکاری مەترسییەکان دەکەن بۆ دەرئەنجامەکانی پاش دەرچوونی پێکهاتەکانی هەماهەنگی مرۆیی کە دەسەڵاتی نێودەوڵەتییان پێدراوە. ئەم خاڵە لە کۆبوونەوەی دواتری گرووپی ڕاوێژکاریی گۆڕانکاریی تیمی کاری مرۆیی وڵات لە ٦ ی نیسانی ٢٠٢٢ زیاتر تاووتوێ کرا. بەشداربووانی گرووپی ڕاوێژکاریی گۆڕانکاری ویستی خۆیان دەربڕی بۆ بیستنی ڕوونکردنەوەی شیکاریی مەترسییەکان لەوەی کە دەکرێت چی لەمەترسیدا بێت ئەگەر ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەئێستادا لەلایەن ڕێکخراوەکانی کاری مرۆییەوە دابینکراون کۆتاییان بێت، بەبێ ئەوەی هیچ قەوارەیەکی تر بێتە پێشەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، هەروەها مەترسییەکان چی دەبن ئەگەر بونیادنانی توانا و هەماهەنگی و توخمەکانی تری پەیوەندیدار بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە سەرپەرشتی نەکرێت. لەپاڵ ئەوەشدا، بەشداربووان داوای خشتەیەکی کاتیان کرد کە پەیوەست بێت بە پلانی گۆڕانکاریی هەر کۆمەڵەیەکەوە.

شیکاریی مەترسیی هاوپێچکراو، کە لەلایەن گرووپی هەماهەنگیی نێوان کۆمەڵەکان، تیشک دەخاتە سەر پلانەکانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵەکان و خشتەی کاتەکانیان، بە ڕوانین لەوەی کە دەکرێت بەخراپی بەرێوە بچێت و کاریگەرییەکەی چی دەبێت لە پەیوەندیدا بە دوو توخمە سەرەکییەکەوە، کە لەلایەن گرووپی ڕاوێژکاریی گۆڕانکارییەوە داواکراون و بریتین لە: ١) کاریگەری چی دەبێت ئەگەر هیچ لایەنێک گەیاندنی خزمەتگوزاریی کاری مرۆیی بۆ سوودمەندبووەکان نەگرێتە دەست و ٢) کاریگەری چی دەبێت ئەگەر ئامادەکردنەکانی هەماهەنگیی پاش-کۆمەڵە کە پێشنیارییان بۆ کراوە بەرجەستە نەکرێن.

### بەڵگەنامەی شیکاریی مەترسیی قۆناغی گواستنەوە :

ئەم بەڵگەنامەیە لە هەر کۆمەڵەیەک لاپەرەیەکی تێدایە کە تیشک دەخاتە سەر:

١. **پلانی گۆڕانکاریی کۆمەڵە و چوارچێوەی کات:** پەیامە سەرەکییەکان سەبارەت بە چۆنییەتی پلاندانانی کۆمەڵەکان بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی گۆڕانکاری و هەماهەنگی و خشتەی کاتێک بۆ چالاکییەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵە لەمیانەی بەشی ماوەی ٢٠٢٢ دا.

٢. **هەڵسەنگاندنی مەترسیی گۆڕانکاریی کۆمەڵە:** پەیامە سەرەکییەکان سەبارەت بەوەی کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان چی دەبێت ئەگەر گەیاندنی ئێستای خزمەتگوزارییە مرۆییەکانی کۆمەڵە کۆتایی بێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست، و ئەگەر هەماهەنگیکردن، بونیادنانی توانا، هتد، لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێنەوە.

٣. **ئەگەری مەترسی و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:** پەیامە سەرەکییەکان سەبارەت بە ئەگەر پلانی گۆڕانکاریی کۆمەڵەکە سەرکەوتوو نەبێت، بەرەو دیاریکردنی مەترسییەکان، هەروەها سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەو مەترسییانە.

ئەم بابەتە یەک لاپەڕەییانە بەم شێوەیە پوختەیەک لە شیکاری و ستراتیژیی مەترسیی قۆناغی گواستنەوەی هەر کۆمەڵەیەک دەخەنەڕوو، لەگەڵ ئەنجامدانی شیکاری و پلاندانانی وردی زیاتر لەلایەن هەر کۆمەڵەیەکەوە.

# پلان و چوارچێوەی کاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ

**سوودمەندبووەکان لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان:** کامپەکان: دیاریکردنی دەرفەتەکان بۆ زیاتر ڕادەستکردنی بەرپرسیارێتیەکان بۆ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان، لەسەر ئاستی شارەوانێتی و لە پەیوەندیشدا بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، هەروەها سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەو ٢٥ کامپەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێن و لەئێستادا لەلایەن کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەرانەوە (UNHCR) پاڵپشتی دەکرێن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران بەردەوام دەبێت لە بەڕێوەبردنی کامپی جەدعەی ٥. پێگە نافەرمییەکان: لە پێگە بچووکترەکان، ستراتیژیاکانی چوونەدەرەوە لەنێو دەستێوەردانەکانی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ یەکخراون لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران و ڕێکخراوە ناحکومییەکان. بۆ ئەو سایتانەی کە لەپێشینەترینن، بەرەوپێشچوون پێویستە سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە، کە هەماهەنگیکردن و بەڕێوەبردنی کامپیش لەخۆدەگرێت.

**هەماهەنگیکردن:** کامپەکان: ئەرکی کۆمەڵە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو ٢٥ کامپەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێن لەلایەن UNHCR وە دەکرێت بە بەشێک لە خۆی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەرانیش بەردەوام دەبێت لە ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی لە جەدعەی ٥. پێگە نافەرمییەکان: بەردەوامبوونی هاوبەشەکانی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ لە ٢٠٢٣ دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ میکانیزمە ناوخۆییەکانی هەماهەنگیکردندا پەیوەندی دەبەستن، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەرانیش کێشە پەیوەندیدارەکان وەکو پێویست لە کۆڕە نەتەوەییەکاندا دەخاتەڕوو.

**هەڵسەنگاندنی مەترسیی گۆڕانکاریی کۆمەڵەکانی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ:**

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان کۆتایی پێبێت و هیچ لایەنێک نەیگرێتە دەست:

- وەڵامدانەوەی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ: پلاندانانی ئێستا لەلایەن کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران بەهێواشی خزمەتگوزارییەکان کەمدەکەنەوە لەڕێگەی ڕادەستکردنی گونجاو بۆ دابینکەرانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.
- وەڵامدانەوەی هەماهەنگیکردن و بەڕێوەبردنی لەپێشینە بۆ پێگە نافەرمییەکان: ئەگەر پاڵپشتیی مرۆیی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کامپ بوەستێت بەبێ بەرەوپێشچوون بەئاراستەی چارەسەرە دوورمەوداکان، دانیشتووان لەبەر مەترسیی هەمیشەیی بێبەشکردندا دەبن: ناتوانن چارەسەرە دوورمەوداکان بەدەست بهێنن، لەبەردەم مەترسییەکی زۆری دەرکردن و دارمانی باری ژیانکردندا دەبن، لەگەڵ مەترسیی پاراستنی زۆر بۆ خێزانە لاوازەکان. هاوبەشەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پاڵپشتی کردنی لەخۆگرتنی پێگە نافەرمییەکان لە پلاندانان بۆ گۆڕانکاری.
- وەڵامدانەوەی گشتیی کامپ: کشاندنەوەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەبێ دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن حکومەتەوە مەترسیی دارمانی بارودۆخی ژیانی سەلامەت و شکۆمەندانە بۆ ئاستی ژێر ستانداردەکانی ژیان بۆ کۆمەڵگا عێراقییەکان درووست دەکات. کشاندنەوەی یارمەتی لەسەر ئاستی خانەوادەکان بەبێ بەئامانجکردن لەسەر بنەمای بەڵگە، پلاندانان بەپێی پێویست، یاخود

**خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان**

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٣ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٣ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٣ |
|---|---|---|
| ستراتیژیای گۆڕانکاری هەماهەنگیکردنی کۆمەڵەکان کە لەگەڵ هاوبەشەکانی هەماهەنگیکردن و بەڕێوەبردنی کامپ لەسەری ڕێککەوتوون | گۆڕانکاریی خاڵە ناوەندییەکانی هەماهەنگیکردن و بەڕێوەبردنی کامپی ناوەڕاست-باشووری پارێزگاکان | گۆڕانکاریی هەماهەنگیی تەواو بۆ هاوبەشەکانی ئاژانسەکانی پێشڕەویکراو لەلایەن کۆمەڵەکانەوە/ هەهانگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ |
| ڕەشنووسی نەخشەڕێگای گشتیی کامپەکان کە لەسەری ڕێکەوتوون | پەیوەندی بەستن بە خاوەن بەشەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای کامپەکان | جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای کامپەکان & چاودێریکردنی کاریگەریی ڕادەستکردن |
| ناساندنی لەپێشینەترین سایتە نافەرمییەکان و بەرەشنووسکردنی پلانەکان لەسەر ئاستی سایتەکان | بەردەوامبوون لە بەرەشنووسکردنی پلانەکان لەسەر ئاستی سایتەکان، کە بەشداریکردنی چارەسەرە دوورمەودا بەئامانجکراوەکانیش دەگرێتەوە | جێبەجێکردنی پلانی سایتەکان؛ پلاندانانی کردەیی بۆ پاڵپشتیکردنی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپە نافەرمییەکانی 2023 |

گرتنە ئەستۆی لەلایەن حکومەتەوە کاریگەری زۆر نەرێنی دەکاتە سەر ئەو خێزانانەی کە هیچ داهاتێکیان نییە و پێشتریش خاڵی لاوازییان هەبووە، ئەگەری هەیە لەئەنجامدا ببێتە هۆی نەمانی ئاسایشی خۆراک و مەترسییەکانی پاراستن بەرەو خراپتر ببات.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێتەوە:

- پێگە نافەرمییەکان: گۆڕانکاریی هەماهەنگی پشت بە هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان دەبەستێت، لەگەڵ داپۆشینی مەودایەکی فراوانتر لەو هەشت گرۆی هەماهەنگیەی ئێستا کە لەسەر بنەمای ناوچەکان دامەزراون .

### ئەگەری ڕوودانی مەترسییەکانی هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:

ئەگەر پلانی گۆڕانکاریی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ببێتە هۆی ئەو مەترسییانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

- کامپەکان: نەبونی بودجەی تەرخانکراوی پێویست بە بەربەستی سەرەکی دانراوە بۆ ئەوەی حکومەت خزمەتگوزارییەکان بگرێتە دەست.
- بەرچاوترین پێگە نافەرمییەکان: تا ئێستا بەرەوپێشچوونی سنووردار کراوە سەبارەت بە پلاندانانی چارەسەرە دوورمەوداکان-کاری مرۆیی هاوبەش لەو شوێنانەدا.

ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەم مەترسییانە:

- کامپەکان: داکۆکیکردنی ئاست بەرزی بەردەوام سەبارەت بە بڕینەوەی بودجەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتگوزاریی کامپەکان.
- پێگە نافەرمییەکان: بەرەوپیشچوون لە پلانەکانی سەر ئاستی سایتی لەنێوان بکەرەکانی کاری مرۆیی و چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی مانابەخشانە بژاردەکانی چارەسەرە دوورمەوداکان و گشتگیری لە بەرنامەکانی چارەسەرە دوورمەوداکاندا بناسێنن، هەروەها ناساندنی هەر چالاکییەکی مرۆیی پێویست بۆ نیشتەجێبوون بۆ داکۆکیکردنی بەردەوامی یارمەتی دارایی ٢٠٢٣.

# پلان و چوارچێوەی کاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی پەروەردە

**گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە سوودمەندبووەکان:** کۆمەڵەی پەروەردە زۆرینەی چالاکییەکان ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە و هاوبەشەکانی گەشەپێدان دەکات:

- **٦٧,٠٠٠** منداڵی بەئامانجکراو لەڕێگەی بەرنامەکانی پەروەردەی نافەرمییەوە (بە بەرنامەی فێربوونی پێشکەوتووشەوە) **١٣,٠٠٠** منداڵی بەئامانجکراو لەڕێگەی پاڵپشتیی دەروونی و پەروەردەی مەترسی مین. **٩,١٩٦** منداڵ لەڕێگەی گەشەپێدانی منداڵانەوە لە فەلوجە و ڕوومادی و موسڵ و حەمدانییە ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە دەکرێن.
- **٨٣** هەوڵی داکۆکیکردن لەبارەی لەخۆگرتنی کەمیی بەڵگەنامەی مەدەنی لەسەر هەموو ئاستەکان لە ئەنبار و سەلاحەدین ونەینەوا.
- تێبینیی ستراتیژی سەبارەت بە ڕێگا گشتگیرەکانی گۆڕانکاری لە فێربوونی نافەرمییەوە بۆ خوێندنی فەرمی.

**هەماهەنگی:** کۆمەڵەی پەروەردەی عێراق لەئێستاوە دەستی بە گفتوگۆکردن کردووە لەگەڵ وەزارەتەکانی پەروەردەی ناوەندو هەرێم دەربارەی دووبارەکردنەوە و بەدەزگاکردنی هەماهەنگی لەنێو پێکهاتەی بەرفراوانتری وەزارەتەکانی پەروەردە، واتا لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ژێر-نەتەوەیی.

### هەڵسەنگاندنی مەترسیی گۆڕانکاریکردن لە کۆمەڵەی پەروەردە:

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزاری کۆتایی پێبێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست: (ئەمانەی خوارەوە تەنها نموونەن)

- دەشێت پرۆسەی نەبوونی بەڵگەنامەی مەدەنی ببێتە هۆی پەراوێزخستنی منداڵان لە ئەنبار و سەلاحەدین و نەینەوا.
- **٦٧,١٢٣** منداڵ دەکرێت لەبەردەم مەترسیی وازهێنان لە هەر شێوازێکی خوێندندا بن.
- قوتابخانەکانی فەلوجە و ڕومادی و موسڵ و حەمدانییە بەبێ خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیی دەروونی دەمێننەوە.

- یەکخستنی تەواونەکراوی پەنابەران و ئاوارە و پەروەردەی کۆمەڵگا دەکرێت پەرتبوون و مانگرتنی لێبکەوێتەوە.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێتەوە: **(ئەمانەی خوارەوە تەنها نموونەن)**

- دەکرێت ستانداردەکانی تێچووی ڕێکخراو لەلایەن کۆمەڵەکانەوە بۆ خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی پەروەردە بەش بەش ببن؛ هیچ سەرپەرشتیکردنی وەڵامدانەوەی خێرا نامێنێت؛ نەبوونی هیچ بەڕێوەبردنێکی زانیاری دەبێتەهۆی درووستبوونی شیکاریی بەڵگە و بۆشایی بۆ بڕیاردان لە سەرتاپای سێکتەرەکەدا.

### ئەگەری مەترسییەکانی پەروەردە و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:

ئەگەر پلانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو مەترسییانەی لێبکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

- ئەگەری ئەوە هەیە کە هیچ یاخود بەشێوەیەکی کەم لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەرماڵەی دارایی جگە لە مووچە بڕابێتەوە، ئەگەری هەیە یەکخستن ڕوونەدات یاخود بەهۆی بەرژەوەندییەکانەوە پێچەوانە ببێتەوە؛ زیاتر بۆ ئەو منداڵانە کاریگەریی دەبێت کە دەرکردنی بەڵگەنامەی مەدەنییان هێواش دەبێتەوە.

ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆلادان لەم مەترسییانە: (ئەمانەی خوارەوە تەنها نموونەن)

- ڕاوێژکردن بە هەردوو وەزارەتەکەی پەروەردە، یەکخستنی پلانی گۆڕانکاریی کۆمەڵە لەگەڵ چوارچێوەی سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە نەک تەنها چوارچێوەی کاری مرۆیی؛ هاوبەشپێکردنی داتابەیسی کۆمەڵە و بەهێزکردنی توانای بەڕێوەبردنی زانیاریی وەزارەتەکانی پەروەردە؛ نامیلکەی ڕوون و تایبەتی هەماهەنگیکردن بۆ وەزارەتەکانی پەروەردە؛ بەشداریکردنی بەخشەر و سێکتەرەکان و بڕیاردانی هاوبەش؛ دڕککردن بە بودجە و ئەولەویەتەکانی وەزارەتەکانی پەروەردە.

#### خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان

**چارەکی دووەم ٢٠٢٢**

**بونیادنانی توانا**

یەکەی پێشنیارکراو لە وەزارەتی پەروەردە:

- بونیادنانی تواناکانی هەماهەنگیکردنی
- وەزارەتی پەروەردە
- گواستنەوەی داتا و مەشقکردن بە ستافی وەزارەتی پەروەردە

**چارەکی سێیەم-چوارەم ٢٠٢٢**

**هەماهەنگیکردن**

- یەکەکانی هەماهەنگیکردن لە وەزارەتەکانی پەروەردە
- بە کۆمەڵەکردنی گرووپی ڕاوێژکاریی ستراتیژی بۆ کردنی بە گرووپی ئاسانکاریی گۆڕانکاریکردن
- بەیەکگەیاندنی چارەسەرە دوورمەوداکان/ هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان، و کۆڕی گەشەپێدان

**چارەکی سێیەم-چوارەم ٢٠٢٢**

**کارەکانی سیاسەت/داکۆکیکردن**

- ڕێگاکانی گۆڕانکاریکردن لە فێربوونی نافەرمییەوە بۆ فێربوونی فەرمی
- تێبینی و ڕێبەری سیاسەت لەسەر بڕواپێدان

# پلان و چوارچێوەی کاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بە سوودمەندبووەکان**: ئامانجی کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری ڕادەستکردنی کارەکەیەتی بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و یەکخستنی کاش بۆ کار بۆ ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی چارەسەرە دوورمەوداکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. کۆمەڵەکە پێشبینی دەکات هاوبەشەکان بەردەوام بن لە وتنەوەی هەردوو چالاکییە سەرەکییەکەی کۆمەڵەی بژێوی فریاگوزاری لە ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ دا.

**هەماهەنگیکردن**: ئەرکی هەماهەنگیکردن ڕادەستی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکرێت و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە لە حکومەتدا جێبەجێ دەکرێت. ئەرکی هەماهەنگی لە پارێزگا ئەولەوییەکان چالاک دەبێت کە تیایاندا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە پێویستییان زۆرە و هاوبەشەکانی کۆمەڵەکەش چالاکن.

## هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری:

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزاری کۆتایی پێبێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست:

- ٤٩ هەزار کەس کە خاڵی لاوازیان زۆرە و پێویستییان بە بژێویی فریاگوزاری هەیە دەستگەیشتنی سنووردارییان دەبێت بۆ خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان.
- بازاڕی کاری ناوخۆی سست کەمیی کارامەییە خواست لەسەرەکانی دەبێت.
- ئەگەری ڕاگواستنی دووەم و توندڕەوی زیاد دەکات.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێتەوە:

- هاوبەشەکان زیاد لەپێویست یاخود کەمتر لە پێویست خزمەتی گرووپەکانی دانیشتووان دەکەن بەهۆی کەمیی ئەرکە بەردەستەکانی هەماهەنگییەوە.
- چالاکییە یەکنەخراوەکان زیان بە بازاڕی ناوخۆ دەگەیەنن و تۆوی شڵەژان لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگادا دەچێنن.

## مەترسییەکانی ئەگەری بژێویی فریاگوزاری و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:

ئەگەر  پلانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو مەترسییانەی لێبکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

مەترسیی سەرەکیی گۆڕانکاری ڕادەستکردنی ئەرکەکانی هەماهەنگیی کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزارییە بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. لەنێو وەزارەتەکاندا، تەنها وەزارەتی کار ئەو بنەمایانەی هەیە کە لەگەڵ ئەرکەکانی کۆمەڵەکەدا بگونجێت. وێڕای ئەوەش، کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری، لەپاڵ توانا بۆ داکۆکیکردن لە گۆڕانکارییەکە، پشتیش دەبەستێت بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی بەرهەمدار لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، کە دەبێتە مایەی گۆڕانکارییەکی ئاسان.

ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەم مەترسییانە:

- کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری دووبارە توانای کردەیی ئێستای هاوبەشەکانی هەڵدەسەنگێنێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی دانیشتووانی بەئامانجکراو خزمەتگوزارییەکانی بژێویی فریاگوزاری وەردەگرن.
- ئەگەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕازینەبێت بە گرتنەدەستی ئەرکی هەماهەنگیکردن لە شوێنە ئەولەوییەکان، کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری هەڵدەستێت بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان بۆ یەکخستنی ئەرکەکانی هەماهەنگیی کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری.
- لەپاڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری دەتوانێت لەگەڵ ئۆفیسی سەرۆک شارەوانییەکان هەماهەنگی بکات بۆ پاڵپشتیکردن لە هەماهەنگیکردنی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵەکە لە ساڵی ٢٠٢٣ دا.

**خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان**

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٢ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٢ |
|---|---|---|
| بڕیاری ستراتیژی سەبارەت بە خشتەی کات و بنچینەکان | پەیوەندی بەستنی ستراتیژی لەگەڵ حکومەت | پەیوەندی بەستنی ستراتیژی و سێکتەریی لەگەڵ چارەسەرە دوور مەوداکان/گەشەپێدان/حکومەتی عێراق سەبارەت بە ڕێڕەوەکانی کارکردن |
| پەیوەندی بەستن لەگەڵ گرووپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان لەسەر ئاستی حکومەت بۆ دەستبەسەرداگرتنی چالاکییەکانی کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری و پێویستییە هەماهەنگییەکانی ئەو کۆمەڵە کە دەکرێت یەکبخرێن بۆ ناو ئەرکەکانی هەماهەنگیکردن لەو دەڤەرەدا | نەخشەسازیی تواناکان و خاڵە سەرەتاییەکانی گەشەپێدان/چارەسەرە دوورمەوداکان/ حکومەتی عێراق | دەستکردن بە ڕێگای سێکتەری بۆ گواستنەوەیەکی لەسەرخۆی بەرپرسیاریەتییەکانی هەماهەنگی. |
| | داکۆکیکردنی ئاژانسەکانی پیشڕەویکراو لەلایەن کۆمەڵەکانەوە لەگەڵ (وەزارەتە پەیوەندیدارەکان) سەبارەت بە گەشەپێدانی نەخشەڕێگا/ ڕێڕەوی کارکردن | هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوون لەبەرامبەر ئەو بنچینە/بڕیارانەی پێشتر دامەزرابوون سەبارەت بە خولگەی بەرنامەی مرۆیی |
| | بوونیادنانی توانای بەڕێوەبەرایەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە هەماهەنگی و ئامرازەکانی کۆمەڵەی بژێویی فریاگوزاری. | |

# پلان و چوارچێوەی کاتی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراک

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بە سوودمەندبووەکان:** کۆمەڵەکە ئامانجی ئەوەیە کە دابەشکردنی یارمەتیی خۆراکی لە کامپی ئاوارەکاندا ڕادەستی حکومەت بکات، لەکاتێکدا پارەی کاش بۆ کار و بەرنامەکان لەسەر بنەمای کشتوکاڵ یەکدەخرێن بۆ ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەر شوێنێکدا کە کردەیی بێت. چالاکییەکانی هەماهەنگیکردن لەلایەن هاوبەشەکان و ئەو ئاژانسانەوە کە لەلایەن کۆمەڵەکانەوە پێشڕەوی دەکرێن، بەردەوامییان پێدەدرێت.

**هەماهەنگیکردن:** کۆمەڵەکە پلان دادەنێت بۆ گۆڕینی هەماهەنگیکردن بۆ گرووپێکی کارکردن کە لەلایەن ئاژانسە پێشڕەویکراوەکان لەلایەن کۆمەڵەکانەوە و هاوبەشەکان ڕابەری دەکرێت.

### هەڵسەنگاندنی مەترسیی گۆڕانکاریکردن لە کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراک:

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزاری کۆتایی پێبێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست:

- بژێویی خێزانە جووتیارە لاوازەکان (گەڕاوەکان و ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکان) کە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن بۆ خۆراک و داهات، زیاتر دادەڕمێت.
- دانیشتووانی کامپی ئاوارەکان هیچ گەیشتنێکیان نابێت بە خۆراک بەشێوەیەکی ڕێکخراو، کە دەکرێت ببێتە هۆی خراپتربوونی باری ئاسایشی خۆراکیان.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی تروە بەڕێوە نەبرێت و باشتر نەکرێت:

- ناچوونییەکی، دووبارەبوونەوە، نەبوونی گشتگیری و گرتنەوە.
- کەمیی هاوکاریی بەرنامەیی و جوگرافی.
- کاریگەری ئەگەر بونیادنانی توانا لە کۆکردنەوەی داتا و چاودێریکردن و شیکاریکردندا نەگوێزرێتەوە و زیادیش نەکرێت
- داتا و زانیاریی گرنگ بەردەست نابێت و بڵاوناکرێتەوە. دواکەوتن لە ئامادەسازی و وەڵامدانەوەدا.
- کەمیی هەماهەنگی و داکۆکیکردن ڕەنگە زیاتر باری لاوازیی دانیشتووان خراپتر بکات و بۆشاییەکانی ئێستای وەڵامدانەوە گەورەتر بکات.

### مەترسییەکان ئەگەر کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراک و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە سەرکەوتو نەبێت:

ئەگەر پلانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو مەترسیانەی لێبکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

- ئەگەر حکومەت سەرچاوەی دارایی و مرۆیی نەبێت ڕەنگە ببێتە هۆی پچڕان لە بەشداریکردنیان لە گرووپی کارەکەدا. کە دەکرێت ڕادەستکردنی فۆڕم و چالاکییەکانی هەماهەنگیکردن بۆ حکومەت تا کۆتایی ٢٠٢٢ سەختتر بکات.

### ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەم مەترسییانە:

- هەستیارکردنی هاوبەشانی کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراک، بە حکومەتیشەوە، هەروەها دڵنیابوونەوە لەوەی کە لەسەرەتاوە لە پڕۆسەکەدا بەشدارن
- کۆمەڵەکە ڕاهێنان بە ڕێکخراوە نەتەوەییە ناحکومییەکان و کارمەندە حکومییەکان دەکات سەبارەت بە نەخشەسازیی خزمەتگوزاری، هاوبەشیپێکردنی زانیاری، چاودێریکردنی وەڵامدانەوە و هەماهەنگیکردن، هەروەها پاڵپشتیکردنی تەکنیکی لەبارەی ئەو چالاکییانەوە دابین دەکات کە پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە.
- پەیوەندی بەستن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ناساندنی ئەولەوییەت و ئاڵنگاری و پێویستییە سەرەکییەکان بۆ پڕکردنەوەی داواکارییەکان بۆ گۆڕانکارییەکی دوورمەودا.
- پەیوەندیکردن بە گرووپە جیهانی و هەرێمییەکانی کاری خەمڵاندنەوە بەپێی پێویست بۆ ناساندنی باشترین ڕاهێنان و ڕێنمایی ڕێڕەویی و دەستپێشخەرییەکانی ئاگادارکردنەوە بۆ چەندین ناوچەی بەرباس لەکاتی گۆڕانکاریکردندا.
- ئاژانسە پێشڕەویکراوەکان لەلایەن کۆمەڵەکانەوە داکۆکی دەکەن بۆ بەشداریکردنی چالاکانەی خاوەن بەشە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لە گرووپەکانی کاری خەمڵاندندا.
- کۆمەڵەکە لەنزیکەوە کار لەگەڵ گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان دەکات بۆ دڵنیابوونەوە لە پەیوەندیی کاریگەر لەمیانەی پڕۆسەی گۆڕانکاریکردندا و هانی هاوبەشەکان دەدات بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە هەمانگییەکان لەسەر بنەمای ناوچەکان لەسەر ئاستی ژێر-نەتەوەیی.

### خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٢ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٢ |
|---|---|---|
| نەخشەسازیی بکەرە پەیوەندیدارەکان و خاڵە سەرەتاییەکان | خستنەکاری گروپی کاری کشتوکاڵی، دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان گرووپی کاری خەمڵاندن و میکانیزمەکانی تری هەماهەنگیکردن | گۆڕانکاریی چالاکییە سەرەکییەکان بۆ حکومەت/هاوبەشەکان |
| پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای ناوچەکان سەبارەت بە بونیادنانی توانا و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵەکانی هەماهەنگی | داکۆکیکردنی ئاژانسە پێشڕەویکراوەکان لەلایەن کۆمەڵەکانەوە لەگەڵ (وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی پلاندانان، چوارچێوەی هەماهەنگیی چارەسەرە دوورمەوداکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هتد) سەبارەت بە یەکخستن و جێبەجێکردنی چالاکییەکان لەسەر بنەمای دابەشکردنی خۆراک و کشتوکاڵ. | بەیەک گەیاندنی هاوبەشەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراک بە پلاتفۆرمەکانی کشتوکاڵ، گروپەکانی هاریکاری، بەشەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، دەزگاکانی توێژینەوە، زانکۆکان و بکەرە پەیوەندیدارەکانی تر بۆ ئاسانکاری بۆ لەخۆگرتنی چالاکییە نوێگەرە کشتوکاڵییەکان. |
| | بەهێزکردنی توانای حکومەت بۆ هاوبەشیپێکردنی زانیاری و ئامادەیی فریاگوزاری و هەماهەنگیکردن. | |

# پلان و چوارچێوەی کاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی تەندرووستی

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بە سوودمەندەکان:** کۆمەڵەی تەندرووستی سەرپەرشتیی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندرووستی دەکات لە ناوەوە و دەرەوەی کامپەکانیش لە سەرتاپای عێراق. بەوپێیە یارمەتیی دارایی کاری مرۆیی ڕوو لە کەمبوون دەکات، کۆمەڵەکە کاردەکات لەسەر گۆڕانکاریکردن لە هەموو خزمەتگوزارییەکاندا کە لەئێستادا بۆ ئەو دانیشتووانانە دابینکراوە کە جێی نیگەرانیی مرۆیین بۆ حکومەت. گۆڕانکارییەکە هێواش دەبێت و وردە وردە بە ڕاگرتنی پاڵپشتی بۆ ناوەندەکانی چاودێریی تەندرووستیی سەرەتایی دەستپێدەکات (دەرەوەی کامپەکان) کە خزمەتی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و ئاوارەکان دەکەن، دواتریش، خزمەتگوزارییە تەندرووستییە سەرەتاییەکانی ناو کامپەکان ڕادەست دەکرێن، کە پێشبینی دەکرێت تاکو کۆتایی **٢٠٢٢** تەواو بکرێت. لەنێو چالاکییەکانی پلانی وەڵامدانەوەی مرۆییدا،، کۆمەڵەی تەندرووستی کۆشش دەکات بۆ یەکخستنی چالاکییەکانی بونیادنانی توانا، یارمەتی کاش و پسولە، هەروەها چاکسازیی جەستەیی نەخۆشەکان بۆ ناو بەرنامەی چارەسەرە دوورمەوداکان، کە دەستێوەردانی درێژخایەنن.

**هەماهەنگیکردن:** ئاژانسەکان و کۆمەڵەکە بەردەوام دەبن لە داکۆکیکردن لەگەڵ وەزارەتی تەندرووستیدا بۆ ڕادەستکردنی ڕۆڵی هەماهەنگی و سەرکردەیی بۆ ئەوان، بەگوێرەی توانا و ئامادەییان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. لەپاڵ ئەوەدا، بەگوێرەی بارودۆخی گەشەپێدان لەگەڵ گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان، بانگێشت دەکرێن بۆ بەشداریکردن لە کۆڕەکانی هەماهەنگیی هاوبەشەکاندا، بەمەبەستی ئاسانکردنی بەرییەکەوتنی هاوبەشەکان لەگەڵیاندا.

### هەڵسەنگاندنی مەترسیی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی تەندرووستی:

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزاری کۆتایی پێبێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست:

- ١٧٩,٩٢٢ ئاوارەی ناو کامپەکان، ٧٥,٠٨٠ ئاوارەی دەرەوەی کامپ و ١٣٢,٩٩٦ گەڕاوە خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندرووستیی سەرەتاییی پێویست وەرناگرن بەوپێیەی ئەمانە لەژێر پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی ٢٠٢٢ دا بەئامانجکراون و ئەگەر چارەسەری جێگرەوە نەدۆزرێتەوە ئەوا دەستیان ناگات بە خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان.
- ٣٧٣,٤٥٥ منداڵی خوار ١٧ ساڵ ڕێگای گەیشتنییان بە خزمەتگوزارییەکان نابێت، لەوانیش، نزیکەی ٦٩ هەزاریان کە خوار ٥ ساڵن لەبەرامبەر ئەو نەخۆشییانەدا کە بە ڤاکسین ڕێگرییان لێدەکرێت و ئەوانەی وەکو پەتا بڵاودەبنەوە لاوازدەبن.
- نزیکەی ٩٧,٤٠٠ ژن لە تەمەنی منداڵخستنەوەدا ڕووبەڕووی سەختی دەبنەوە لە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکانی تایبەت بە زاووزێ، هەروەها نزیکی دەیەکیان ڕەنگە ڕووبەڕووی مەترسیی زیادبوونی مردنی دایکان خۆیان یاخود کۆرپەکانیان ببنەوە بەهۆی ئاڵۆزیی لە منداڵبووندا.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێتەوە:

- هاوبەشەکانی کۆمەڵەی تەندرووستی هەماهەنگی لە هەوڵەکانیاندا ناکەن و لەئەنجامدا بۆشایی گەورە لە گەیاندنی خزمەتگوزاریدا جێدەهێڵن، هەروەها ئەگەری هەیە خزمەتگوزارییەکان دووبارە ببنەوە و ئەو سەرچاوانە کەمانەی کە لە ئۆپەراسیۆنە مرۆییەکاندا ماونەتەوە بەفیڕۆ بدرێن.
- وەزارەتی تەندرووستی ئامادە نابێت بۆ گرتنەدەستی ڕۆڵەکانی هەماهەنگی و ڕابەری بۆ پاڵپشتیکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندرووستی لەژێر قۆناغی گۆڕانکاریدا، لەکاتێکدا گرووپی کاری تەکنیکی توانای تەکنیکیی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

## ئەگەری مەترسییەکان و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:

ئەگەر پلانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو مەترسییانەی لێبکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

- بەپێی بارودۆخی ئێستای هەماهەنگی و ڕابەری و بونیادنانی توانای وەزارەتی تەندرووستی و کەموکورتی لەو ڕووەوە لەگەڵ گرووپی کاری تەکنیکی؛ ئەگەر پلانی گۆڕانکاریکردن سەرکەوتوو نەبێت زۆر دیارە و پێویستی بە داکۆکیکردنی زیاتری هاوبەشە لە بەرزترین ئاستدا.

ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەم مەترسییانە:

- کۆمەڵەکە بەردەوام دەبێت لە سەرپەرشتیکردنی بەشێکی هەوڵەکانی هەماهەنگیکردن لەمیانەی ٢٠٢٢ دا، بەتایبەتی ڕوانگەی گۆڕانکاریکردن لە هەندێک چالاکیدا بۆ وەزارەتی تەندرووستی و گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی تەندرووستی و هەماهەنگی لەسەر ئاستی ناوچەکان لەسەر ئاستی ژێر-نەتەوەیی.
- کۆمەڵەکە پلان دادەنێت بۆ نوێکردنەوەی گرووپی ڕاوێژکاریی ستراتیژی بۆ کردنی بە گرووپی ڕاوێژکاریی گۆڕانکاریکردن کە ئاژانسە هاوبەشەکان کە دەستییان لە چارەسەرە دوورمەوداکاندا هەیە و بەرنامەسازیی گەشەپێدان جێبەجێدەکەن بەشدارن تیایدا. .
- ئاژانسەکان پاڵپشتیی بەدیجیتاڵکردنی سیستەمی زانیاریی تەندرووستی لەڕێگەی خستنەکاری DHIS2 دەکات، سیستەمی چاودێری بەردەستی سەرچاوە تەندرووستییەکان و خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ دەکات بۆ دیاریکردنی بۆشایی ناو خزمەتگوزاریی تەندرووستی لە سەرتاپای وڵاتدا، هەروەها پاڵپشتیی یەکخستنی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی زوو، تۆڕی ئاگادارکردنەوە و وەڵامدانەوە دەکات بۆ ناو چاودێریی ڕۆتینی.

### خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٢ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٢ |
|---|---|---|
| کۆمەڵەکە بانگێشتکردن بۆ خاڵە ناوەندییەکانی گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ ناو هەماهەنگیی کۆمەڵە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەرفراوان دەکات، هەروەها پاڵپشتیی گەشەپێدانی چوارچێوەی کارێکی چاودێریکەر دەکات لەگەڵ ژێر-گرووپی M&A. | کۆمەڵەکە ئاسانکاری دەکات بۆ بەشداربوونی زیاتری گرووپی کاری تەکنیکی لە کۆڕی هەماهەنگیکردن بۆ ئەوەی زیاتر ڕێگەی بەریەککەوتنی هاوبەشەکان لەگەڵیان بدات بەپێی پێویست، بە پێی بارودۆخی گەشەپێدان. | هاوبەشە لێوەشاوەکان هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ گرووپی کاری تەکنیکی سەبارەت بە دەستێوەردانە درێژخایەنەکان. |
| ئاژانسەکان دەستپێشخەری لە ناساندنی سیستەمی چاودێریی بەردەستی سەرچاوە تەندرووستییەکان و خزمەتگوزارییەکان بۆ دیاریکردنی بۆشایی ناو دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندرووستی و سیستەمی DHIS2 بۆ ڕێگەدان بە بەرنامەسازیی لەسەر بنەمای بەڵگە لە کەرتی تەندرووستیدا. | ئاژانسە پیشڕەویکراوەکان لەلایەن کۆمەڵەکانەوە ڕاپۆرتی سیستەمی چاودێریی بەردەستی سەرچاوە تەندرووستییەکان و خزمەتگوزارییەکان شیکار دەکات و بڵاوی دەکاتەوە بۆ هاوبەشەکان و وەزارەتی تەندرووستی بۆ دیاریکردنی بۆشاییەکانی نێو کەرتی تەندرووستی و خستنە بەرباسیان لەژێر چارەسەرە دوورمەوداکاندا. | ئاژانسەکان و کۆمەڵەکە بەردەوام دەبن لە داکۆکیکردن لەگەڵ بەخشەرەکاندا بۆ پاڵپشتیکردنی چارەسەرە دوورمەوداکان و چالاکییەکانی گەشەپێدان لە بواری تەندرووستیدا. |
| کۆمەڵەکە نەخشەی ئەو خزمەتگوزاریی کامپانەی کە ئێستا بوونیان هەیە لەگەڵ داخستنی پرۆژەکاندا دەکێشێت. | کۆمەڵە بەردەوام دەبێت لە زیادکردنی بەشداریکردنی وەزارەتی تەندرووستی لە ڕۆڵی هەماهەنگی و ڕابەریکردن و گەیاندنی خزمەتگوزاری. | هاوبەشەکان وردە وردە لە شوێنەکانی دەرەوەی کامپەکان دەکشێنەوە و هەندێک لە چالاکییەکانی پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی لە کامپەکاندا ڕادەستی وەزارەتی تەندرووستی دەکەن. |
| کۆمەڵەکە گرووپی ڕاوێژکاریی تەندرووستی نوێدەکاتەوە و دەیگۆڕێت بۆ گرووپی ڕاوێژکاریی گۆڕانکاری، ئەو ئاژانسانەی پاڵپشتیی چارەسەرە دوورمەوداکان دەکەن تێکەڵی چالاکییەکانی گەشەپێدان دەکات. | گرووپی ڕاوێژکاریی گۆڕانکاری بەشێوەیەکی ڕێکخراو کۆبوونەوە ئەنجام دەدات، کە هەڵدەستێت بە ڕاوێژکردن بۆ گرتنەخۆی ئەو دەستێوەردانانەی کە بۆ چارەسەرە دوورمەوداکان گونجاون. | |

# پلان و چوارچێوەی کاتی کۆمەڵەی گۆڕانکاریی نەتەوەیی / گۆڕانکاریی پاراستنی گشتی

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بە سوودمەندەکان:** چالاکییە سەرەکییەکانی پاراستن لەلایەن **UNHCR** و هاوبەشەکانی پاراستنەوە (کەوتوونەتەبەر یارمەتیی دارایی) بەردەوامییان پێدەدرێت؛ بەگشتی، کۆمەڵەی پاراستن سەرپەرشتیی ڕادەستکردنی چالاکییەکانی پاراستن دەکات بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە/ناحکومییەکان/کۆمەڵگەی مەدەنی، چوارچێوەی هەماهەنگیی چارەسەرە دوورمەوداکانی نەتەوە یەکگرتووەکان/ گرووپی کاری سیاسەت، و حکومەت.

**هەماهەنگیکردن:** دارووستکردنی مەکۆی ستراتیژی **UNHCR-OHCHR** بەڕێوەبراو (لەگەڵ بەشداریی گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە/ناحکومییەکان) لەسەر ئاستی نەتەوەیی بۆ ئاگادارکردنی/ ڕاوێژکردن بە خاوەن بەشەکانی گەشەپێدان و چوارچێوەی هەماهەنگی سەبارەت بە کێشە گرنگەکانی پاراستن، کێشەکانی مافی مرۆڤ/یاسا و ڕێساکان. هەماهەنگیی کردەیی لەڕێگەی گرووپی کاری تەکنیکی/ هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان، لەهەر کوێدا بوونیان هەبوو و بۆ درێژکردنەوەی بوونیان.

### هەڵسەنگاندنی مەترسیی کۆمەڵەی گۆڕانکاریی نەتەوەیی/گۆڕانکاریی پاراستنی گشتی:

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزاری کۆتایی پێبێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست:

- بەگشتی، کەسانی لاواز مەترسیی پێشێلکردنی مافەکان دروست دەکەن؛ مەترسیی زیادبووی (١) گەڕانەوە سەر میکانیزمە نەرێنییەکانی ڕاهاتن، (٢) زیادبوونی شڵەژان/هێدمەی دەروونی، (٣) پەراوێزخستنی چەند کەس/گرووپێکی دیاریکراو (بۆ نموونە، خەڵکانێک کە واهەست دەکرێت پەیوەندییان بە داعشەوە هەبێت)؛ (٤) زیادبوونی بەرکەوتن بە چەوساندنەوە، بەئەندامکردن، توندڕەوی، و بەگشتی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هۆی شەپۆلی زیاتری شڵەژان.
- بەدیاریکراوی: یارمەتیی یاسایی، ئەو کەسانەی کە بەڵگەنامە سەرەکییەکانیان نییە دووچاری سنووردارکردن دەبنەوە لە بەکارهێنانی مافە سەرەتاییەکان لەگەڵ کاریگەریی توند لەسەر دەستگەیشتن بە تەندرووستی، پەروەردە، خۆراک، پەناگەی سەلامەت، بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانی تر. بەدەستهێنانی چارەسەرە دوورمەوداکان کۆسپی بۆ دروست دەبێت.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێتەوە:

- هەماهەنگییەکانی ئێستا کە لەسەر بنەمای ناوچەکانن لە بواری ژمارە و جوگرافییەوە سنووردارن و جەخت لە پاراستن ناکەنەوە؛ مەترسیی دووبارەکردنەوە لە گەیاندنی خزمەتگوزاری، ماندوویی لە هەڵسەنگاندن، بەئەولەویەتکردنی سنووردار بۆ ئەوانەی زۆر پێویستییان پێیە. هەروەها، کەمیی/سنووردارێی بەچەقبوونی پاراستن ڕەنگە ببێتە هۆی ئەو پیادەکردنانەی کە پێچەوانەی ئەوانەبن کە زیانیان نییە.
- ئەگەر دەسەڵاتەکان سەرچاوە مرۆیی و بودجەکان تەرخان نەکەن و بۆیان نەبڕنەوە بۆ بونیادنانی توانای هێزی کاری کۆمەڵایەتی. چالاکییەکانی پاراستن، مەترسیی زیادبوونی گەڕانەوە بۆ میکانیزمە نەرێنییەکانی ڕاهاتن.

### ئەگەری مەترسیی کۆمەڵەی پاراستنی نیشتیمانی/ پاراستنی گشتی و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:

ئەگەر پلانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو مەترسییانەی لێبکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

- بەڕێژەیەکی زۆر، دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەردووک شارەزایی سنووردار‌ی پاراستنیان هەیە؛ بەربەستە پێکهاتەییەکان، دەستێوەردانەکانی پاراستن دەمێننەوە؛ زۆرجار دەسەڵات خۆی مافەکان پێشێل دەکات.
- مەترسیی ئەوەی کە دەسەڵاتەکان وەکو خاوەن ئەرکی سەرەکی بەرپرسیارییەکان نەگرنە ئەستۆ بۆ هەموو عێراقییەکان هێشتا جێی بایەخە (بەو خەڵکانەشەوە کە ناکۆکی کاری لێکردوون).

### ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەم مەترسییانە:

- لە ٢٠١٩ وە، زیاتر لە ٤,٠٠٠ کەس (بکەرانی حکومەت و کاری مرۆیی) بەشدارییان لە چالاکییەکانی بونیادنانی تواناد‌ا کردووە لە پاراستنی گشتیدا (بە کێشەکانی خانووبەرە و زەوی و موڵکیشەوە) لەگەڵ تێکڕای گەیاندن لەلایەن ٢٠ هاوبەشەوە.
- UNHCR وەکو ئاژانسەکان و بکەرەکانی پاراستنی پەیوەندیدار بۆ بەردەوامیدان بە داکۆکیکردن لەگەڵ هاوتا پەیوەندیدارەکانی حکومەت – لەنێو چەندانی تردا – بۆ: (١) بڕینەوەی بودجە بۆ دەستێوەردانەکانی پاراستن؛ (٢) ئاسانکردنی پرۆسەکان بۆ دەستگەیشتن بە بەڵگەنامە یاساییە گرنگەکان (بە بەڵگەنامە سەرەکییەکانی خانووبەرە و زەوی و موڵکیشەوە) ؛ (٣) لەخۆگرتنی بنچینەی پاراستنی لاوازی و بەکارهێنانی ڕێگاکانی بە جیاوازسەیرنەکردن لە بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی؛ (٤) مەشقکردن بە هێزی کاری کۆمەڵایەتی بۆ وەزارەتی کار؛ (٥) زیادکردنی تەرخانکردنی بودجە بەرەو میکانیزمی قەرەبووکردنەوەی خانووبەرە و زەوی و موڵک.

**خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان**

| چارەکی یەکەم و دووەم ۲۰۲۲ | چارەکی سێیەم ۲۰۲۲ | چارەکی چوارەم ۲۰۲۲ |
|---|---|---|
| ستراتیژیای گۆڕانکاریی کۆمەڵەی پاراستنی گشتی کە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی پاراستنی نیشتیمانی (گرووپی ڕاوێژکاریی ستراتیژی) و کۆمسیاری باڵای کۆچبەران(UNHCR) و نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ (OHCHR) لەسەری ڕێککەوتوون | درووستکردنی مەکۆی ستراتیژی ( UNHCR و OHCHR بەڕێوەی دەبەن) و ناسنامەی خاڵە ناوەندییەکان/گرووپەکانی کاری سیاسەت لە گرووپەکانی کاری سیاسەتدا (چوارچێوەی هاریکاریی چارەسەرە دوورمەوداکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSDCF) | دەستپێکردنی کۆڕی بەڕێوەبراو لەلایەن کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران/ نووسینگەی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان |
| نەخشەسازیی پێویستییەکانی بونیادنانی توانای بکەرە پەیوەندیدارەکان لەڕێگەی کۆمەڵەی پاراستنی نیشتیمانی (گرووپی ڕاوێژکاریی ستراتیژی) و پێناسەی پلانی بونیادنانی توانا + نەخشەسازیی بکەرەکان و بەخشەرەکانی پاراستنی گەشەپێدان | جێبەجێکردنی دەستێوەردانەکانی بونیادنانی توانا و بەشداریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییە/ نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی پاراستن لە میکانیزمی هاریکاری لەژێر چوارچێوەی چارەسەرە دوورمەوداکان + پەیوەندی بەستن لەگەڵ بەخشەرەکانی پاراستنی گەشەپێدان | بەردەوامیی و/یاخود ڕادەستکردنی چالاکییە سەرەکییەکان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان/ نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و پەیوەندیی ڕوون کە لەگەڵ گرووپەکانی کاری سیاسەت/ UNSDCF دامەزراون بۆ دەستێوەردانەکانی پاراستن. |
| پەیوەندی بەستن لەگەڵ هاوسەرۆکانی گرووپی کاری تەکنیکی پێویستییەکانی بونیادنانی توانای هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان، ڕوونکردنەوەی ڕۆڵەکانی هەماهەنگی بۆ پاراستن و وەرگرتنی هەندێک ئەرک (ئەوەی بە شیاو ببینرێت). | بەردەوامبوونی پەیوەندی بەستن لەگەڵ سەرۆکانی گرووپی کاری تەکنیکی و هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان لەبارەی تێکەڵکردنی/گرتنەخۆی ئەو چوارچێوە و ڕێگایانەی کۆمەڵەی پاراستنی نیشتیمانی/پاراستنی گشتی. | ڕادەستکردنی "هەماهەنگیی" پاراستنی کردەیی دەستێوەردانی هاوبەشەکان بۆ هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان (کاتێک شیاو و پەیوەندیدار بیت) و پێناسەی ڕوونی پەیوەندی لەگەڵ مەکۆی ستراتیژی و گرووپی کاری تەکنیکی/ هەماهەنگی ناوچەکان. |

پەیوەندی بەستنی ئەندامانی کۆمەڵە و ئاژانسەکان لەگەڵ هاوتا پەیوەندیدارەکانی حکومەت لەسەر گۆڕانەکان لە سیاسەت. گەیشتن بە بەڵگەنامەی مەدەنی بۆ خەڵکانی لاواز و گرتنەخۆی بنچینەکانی خاڵە لاوازەکان لە بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی).

# پلان و چوارچێوەی کاتیی گواستنەوەی کۆمەڵەی پاراستنی منداڵان

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ سودمەندان:** کۆمەڵەی پاراستنی منداڵان(**CPSC**) چالاکییە بنچینەییەکانی پاراستنی منداڵان لە کەمپەکاندا ڕادەستی حکومەت دەکات، لە هەمان کاتدا، چالاکییە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی کەیس بۆ ئەو منداڵانەی کە ئەزموونی توندوتیژییەکی زۆریان کردووە لە مەترسیدان، ئیستغلالکردن، منداڵانی ڕزگاربووی توندووتیژین لەسەر بنەمای جێندەر **GBV**، و هەروەها منداڵانی ئەو خێزانانەی کە وا هەست دەکەن پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە، لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرکردایەتیی کلاستەرەوە هەروەها دەزگای یونیسێف لەسەر بنەمای بەردەستبوونی بودجە بەردەوام دابین دەکرێن.

**هەماهەنگی:** پلانی کۆمەڵەی پاراستنی منداڵان **CPSC** بۆ گواستنەوەی هەماهەنگی بۆ حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (**CSO**). ڕابەری دەکرێن لە لایەن میکانیزمی هەماهەنگی.

### هەڵسەنگاندنی مەترسی گواستنەوەی کۆمەڵەکانی پاراستنی منداڵان

کاریگەری لەسەر سودمەندان ئەگەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆتایی هات و کەس دەستی بەسەردا نەگرێت:

- کاروبارەکانیی پاراستنی منداڵان چاودێری ناکرێت و چارەسەر ناکرێت. لە ئەنجامدا زیاتر لە ۳۰۰ هەزار منداڵی لاواز بەردەوام لە مەترسیدا دەبن و ڕووبەڕووی لاوازی دەبنەوە بەهۆی هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئێستا. پێدەچێت ئەگەری زیاتری کارکردنی مەترسیداری منداڵان، هاوسەرگیری منداڵان، توندوتیژی جێندەری و دەستدرێژی و ئیستغلالکردنی زیاتر ببینین.
- لە ئێستادا زیاتر لە ۳۷,۰۰۰ منداڵ کە مەترسییەکی بەرچاویان لەسەرە، یان تووشی توندوتیژی، دەستدرێژی سێکسی، جەستەیی و دەروونی کۆمەڵایەتین، بۆ پشتگیری بەڕێوەبردنی کەیسەکان دەستنیشان دەکرێن؛ ئەگەر ئێمە بەڕێوەبردنی کەیسەکان ڕابگرین، لەوانەیە لە دۆخی خراپ بەکارهێناندا بمێننەوە کە دەکرێت مەترسی لەسەر ژیانیان دروست بکات.
- ۳۳,۲۰۰ منداڵ لە ژێر دەستبەسەرکردنی ئارەزوومەندانە و زیاتر لە ۲۵,۰۰۰ منداڵی بێ بەڵگەنامەی مەدەنی لە ئێستادا بۆ خزمەتگوزاری پاراستنی منداڵ کراونەتە ئامانج. ئەم منداڵانە مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە هەرگیز ناسنامەی یاسایی بەدەست نەهێنن و پێیان نەدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ئازادی هاتوچۆ و زیادبوونی مەترسی دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردن و دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و پەراوێزخستنی تەواوی ژیان.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، تواناسازی و هتد لەلایەن یەکەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێت:

- بەبێ چاودێریکردنی بەردەوام و سیستماتیکی کاروبارەکان و مەترسییەکانی پاراستنی منداڵان، هیچ شیکارییەکی پاراستن نابێت.
- دووبارەکردنەوەی هەوڵەکان و/یان کەلێنەکان لە وەڵامدانەوە بۆ باری ئەو کەیسە مرۆییانەی کە ماونەتەوە، لەوانەیە وەڵامی پاراستنی منداڵان بێکاریگەر، ناکارامە، یان ناکاتیی بێت.
- سزانەدانی تاوانباران و هەروەها ئاسایی بوونی توندوتیژی دژی منداڵان زیاد دەکات، بەتایبەتی لەنێو ئەو منداڵانەی کە زۆرترین پەراوێزخراو و لاوازن وەک ئەوانەی لە کەمپەکانی ئاوارەکان و نیشتەجێبوونی نافەرمی و کۆمەڵگاکانی میوانداردان.

## ئەگەری مەترسییەکان و ڕێوشوێنی کەمکردنەوە لەکۆمەڵەی پاراستنی منداڵان:

ئەگەری سەرکەوتوو نەبوونی پلانی گواستنەوەی کۆمەڵەکان دەبێتە هۆی ئەو مەترسییانەی سەرەوە کە باسکراون:

پێویستە پلە بەپلە بەرپرسیارێتیەکانی پاراستنی منداڵان بگوازینەوە، لەوانەش هەماهەنگی پاراستنی منداڵان بە پشتیوانی یەکەی منداڵانی چاودێریکراو. گواستنەوەی بەرپرسیارێتی بۆ دەزگاکانی حکومەت و دۆزینەوەی چارەسەری بەردەوام بۆ ئاوارەکان هێشتا وەک تەحەدا دەمێنێتەوە، چونکە لە کاتێکدا بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت دەتوانن چالاکییە بەردەوامەکان بە بەکارهێنانی ستافی ئێستای ڕێکخراوە ناحکومییەکان جێبەجێ بکەن، بەڵام هیچ هێڵێکی بودجەی حکومەت نییە کە سوودی لێ وەربگرێت (بە گرێبەست لەگەڵ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک ئاو و پەروەردە)، بەردەوامبوونی چالاکییەکان بەبێ بەردەوامیی بودجەی مرۆیی قورس دەبێت تا ئەو کاتەی هێڵەکانی بودجە دروست دەکرێن. ئەگەری زۆر هەیە کە گواستنەوەی هەماهەنگی و چالاکییەکانی پاراستنی منداڵان لە خشتەی پێشنیارکراو دوابکەن.

## ڕێوشوێنی کەمکردنەوە بۆ دوورکەوتنەوە لەم مەترسیانە:

- یەکەی منداڵانی چاودێریکراو بەردەوام دەبێت لە داکۆکیکردن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پشتگیریکردنی مەرجەکانی کارکردنی کارمەندانی کۆمەڵایەتی پاراستنی منداڵ، بودجە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی منداڵان، دامەزراندنی یەکە تایبەتەکانی پاراستنی منداڵان، گریمانەکردنی هەماهەنگی کەرت لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی.
- پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە پەیوەندیدارەکان و لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراق بۆ دامەزراندنی هەماهەنگی سێکتەری پاراستنی منداڵ.
- دڵنیابوون لەوەی کە هێزی کاری کۆمەڵایەتی پاراستنی منداڵان توانای پێویستی هەیە بۆ وەڵامدانەوە بەپێی بنەماکانی پاراستنی منداڵ و کەمترین ستانداردەکانی پاراستنی منداڵ. پەرەپێدانی نەخشەڕێگای ڕوونی گواستنەوە کە لەگەڵ بەشداربووە مرۆییەکان، گەشەپێدان، حکومەتە بەشدارەکان و کۆمەڵەی پرۆگرام/ گواستنەوەی بەرنامە بۆ کەمکردنەوەی زیان.
- بەردەوام بوون لە گەڕان بە دوای بودجەی مرۆیی سنووردار بۆ گواستنەوەیەکی درێژتر.

## خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان

### چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢

- نەخشەی بەشداربوان کە لە لایەن پاراستنی منداڵانەوە دابین دەکرێت.
- بونیادنانی توانای بەشداربووە پەیوەندیدارەکانی پاراستنی منداڵ.
- گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەشی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە پاراستنی منداڵ سەبارەت بە دابینکردنی خزمەتگوزاری و هەماهەنگی.
- پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی هەماهەنگی و ئەندامانی گروپی کار لەسەر ڕونکردنەوەی ڕۆڵەکانی هەماهەنگی.
- پەرەپێدانی ڕێنمایی پرۆگرامی گواستنەوە بۆ کەمکردنەوەی زیان

### چارەکی سێیەم ٢٠٢٢

- ڕۆڵی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە دابینکردنی خزمەتگوزاری پاراستنی منداڵان و هەماهەنگی ڕوونبکرێتەوە وڕێکبخەوەن.
- بەشداریکردن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندنی هێزی کاری کۆمەڵایەتی ( بە سەرپەرشتی یونسێف) و پشتگیری مەرجەکانی کارکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و هەروەها دامەزراندنی یەکە تایبەتەکان بۆ پاراستنی منداڵان، دانانی خاڵە سەرەکییەکانی پاراستنی منداڵان.
- تتواناسازی لە کەرتەکانی هەماهەنگی

### چارەکی چوارەم ٢٠٢٢

- دەستپێشخەری ڕێبازی سێکتەر بۆ گواستنەوەی پلە بەپلەی بەرپرسیارییەتی هەماهەنگی بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی/ کەرتی کار و کارو باری کۆمەڵایەتی و هەروەها ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ڕادەستکردنی چالاکییە بنچینەییەکانی پاراستنی منداڵان لە کەمپەکاندا بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یونسێف بۆ بەردەوام بوون لە خزمەتگوزاری گرنگی ڕزگاکەری ژیانی پاراستنی منداڵ.
- گواستنەوەی ڕۆڵ وبەرپرسیارێتی کۆمەڵە/سێکتەر بۆ هەماهەنگی کەرتی پاراستنی منداڵ.

# پلانی گواستنەوەی کۆمەڵەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و چوارچێوەی کاتیی

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ سودمەندان:**
کۆمەڵەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر پلانی هەیە چالاکییە تایبەتمەندەکانی پەیوەستە بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر ڕادەستی کەرتی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر بکات کە حکومەت سەرکردایەتی دەکات. دابینکردنی وەڵامدانەوەی یاسایی، درووستکردنی داهات و چالاکییەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی کار لە چوارچێوەی هاریکاریی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان پێداچوونەوە دەکرێت و یەکدەخرێت.

**هەماهەنگی:**
کۆمەڵەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر پلان دادەنێت بۆ گواستنەوەی پێکهاتەی سەرکردایەتی هەماهەنگی بۆ ڕێبازێکی کەرتی سەرکردایەتی حکومەت لە سەنتەر و باشوور و هەروەها هەرێمی کوردستانی عێراق.

## هەڵسەنگاندنی مەترسی گواستنەوەی کۆمەڵەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر:

کاریگەری لەسەر سودمەندان ئەگەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆتایی هات و کەس دەستی بەسەردا نەگرێت:

لە ئەگەری ئەم سیناریۆ تایبەتەدا، ئەو کەسانەی کە ئێستا لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر ڕزگاریان بووە، بە تایبەت ئەوانەی لە کەمپەکاندا دەژین، زۆر کاریگەرییان لەسەر دەبێت. بەپێی مەشقی شیکاری کاریگەری کۆمەڵەی توندتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، وەستاندنی خزمەتگوزارییەکان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی ١٤,٦٤٩ ڕزگاربووی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەرن نەتوانن کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر بەڕێوەببەن، ٢,٦٦١ یارمەتی یاسایی، ٤٢,٠٠٠ کیتی شکۆمەندانە وەربگرن، و ٤٤,٩٨٩ کەس ناتوانن خزمەتگوزاری پاڵپشتی دەرونی ی ستراکچەرکراو وەربگرن. ئەم دۆخە لەوانەیە ببێتە هۆی سەرکێشانی زیاتر بەرەو توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری زیاتر و ئاڵۆزییەکان لە ئەنجامی دەرئەنجامەکانی. مەترسییە زیادەکان بریتین لە، زیادبوونی بەرکەوتن بە ئیستغلال و ئازاردانی سێکسی، سێکسی مانەوە، هاوسەرگیری منداڵان، بازرگانیکردن بە منداڵان و هتد، وەک میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی نەرێنی.

کاریگەرییەکان ئەگەر هەماهەنگی، بنیاتنانی توانا و هتد لەلایەن لایەنێکی ترەوە لە ئەستۆ نەگیرێت:

- مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی ڕووماڵکردن لە هەندێک ناوچەدا، لەگەڵ مەترسییەکانی جێهێشتنی هەندێک لە ناوچە کە کەمی خزمەتگوزاریی هەیە پێداویستییە مرۆییەکانی پێنەگەیشتووە لەگەڵ پێداویستییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری کە نەگەیشتووە بە ڕزگاربووان.

## ئەگەری مەترسییەکان و ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی کۆمەڵەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر:

ئەگەری سەرنەکەوتنی پلانی گواستنەوەی پۆلەکان و ببێتە هۆی مەترسییەکانی سەرەوە:

ئەگەرەکە لە نزمەوە بۆ مامناوەندە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارانەی مەترسییەکانی سەرەوە

## ڕێوشوێنی کەمکردنەوە بۆ دوورکەوتنەوە لەم مەترسیانە:

- لە ڕووداوەکەدا، حکومەت ناتوانێت بە تەواوی یان بەشێکی دەستبەسەردا بگرێت، و/یان بەرژەوەندی و سەرچاوەی پێویست دروست بکات، کۆمەڵەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هاوبەشەکانی چارەسەری بەردەوام خزمەتگوزارییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر ڕزگارکەری ژیان لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ باری کەیسی پاشماوە لەگەڵ پێداویستییە مرۆییەکان پێشکەش دەکەن.

داکۆکیکردنی بەردەوام لە بودجە لەلایەن یەکەی منداڵانی چاودێریکراو لە لایەن حکومەتی عێراقی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها بەخشەران و گەشەپێدەرە مرۆییەکان سەبارەت بە خزمەتگوزاری پێویست کە بەش بکات لە ناوچە کەم خزمەتگوزارییەکان کە پێویستییە مرۆییەکانیان پێویستە.

**خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان**

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٢ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٢ |
|---|---|---|
| i. نەخشەسازی خزمەتگوزاری توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و مەشقی ڕەوانەکردنی نێوان کەرتەکان | i. سێکتەری توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و مەرجەکانی کارکردنی گەشەیان کرد. | i. گواستنەوەی چالاکییە بنەڕەتییەکان بۆ حکومەت |
| ii. پلان و هەڵسەنگاندنی توانای پێداویستییەکان | ii. پەرەپێدان/پێداچوونەوە و پشتگیریکردنی پلانی کارکردنی نیشتمانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر. | |
| iii. بنیاد نانی توانای بەشداربووە پەیوەندیدارەکان | iii. حکومەت بە هاوبەشی میوانداری ووَرک شۆپی ستراتیژی لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێ و پلانی کارکردنی نیشتمانی دەکات | ii. دەستپێکردنی ڕێبازی کەرت بۆ گواستنەوەی پلە بە پلەی بەرپرسیارێتییەکانی هەماهەنگی |
| iv. بەشداریکردن لەگەڵ لایەنی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان سەبارەت بە بنیاتنانی توانا، ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی هەماهەنگی و دابینکردنی وەڵامدانەوە لە ژێر هێزی ئەرکی چارەسەرە دوورمەوداکان و هتد. | iv. سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک مندااڵنی چاودێریکراو بۆ داکۆکیکردن لەگەڵ (هێڵی وەزارەت) لەسەر وەرگرتنی ڕۆڵی سەرکردایەتی کەرتی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر بە پشتیوانی تەکنیکی لەلایەن سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکدەکەون | iii. وەزارەتی پەیوەندیدار کە حکومەت دیاریکردووە ڕۆڵی سەرکردایەتی کەرت دەگێڕێت |

# پلانی گواستنەوەی کۆمەڵەکانی کردەی مین و چوارچێوەی کاتیی

**پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ سودمەندان:** کۆمەڵەی کردەی مین ئامانجی ئەوەیە کە هەماهەنگی تەواوی پەروەردەی مەترسی تەقەمەنی، پاککردنەوە و ڕووپێوی، یارمەتیدانی قوربانییەکان و بنیاتنانی توانا ڕادەستی دەسەڵاتە نیشتمانییەکانی چالاکیی مین و چوارچێوەی هاریکاریی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا ٣١ کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. هاوبەشە مرۆییەکان بەردەوام دەبن لە پێشکەشکردنی چالاکییەکانی سەرەوە بەپێی بەردەستبوونی بودجە.

**هەماهەنگی:** کۆمەڵەی کردەی مین پلانی هەیە هەماهەنگییەکە بگوازێتەوە بۆ کەرتێکی کارکردنی مین بە سەرۆکایەتی حکومەت کە لەلایەن فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین و هاوبەشە جیاوازەکانی جێبەجێکار و بەڕێوەبەرانەوە پشتگیری دەکرێت. کۆمەڵەی کردەی مین هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان بەرەوپێش دەبات.

### هەڵسەنگاندنی مەترسی گواستنەوەی کۆمەڵەی کرداری مین:

کاریگەری لەسەر سودمەندان ئەگەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆتایی هات و کەس دەستی بەسەردا نەگرێت

- زیاتر لە پێنج ملیۆن کەس کاریگەری مەترسییەکانی تەقەمەنی تەقینەوەیان لەسەرە (ڕوانگەی پێویستییە مرۆییەکان٢٠٢٢)
- زیاتر لە ٣٫٢ کیلۆمەتر دووجائەگەری هەیە بە پیسبوون بە تەقەمەنی تەقەمەنی بەجێبهێڵرێت (بنکەدراوەی نیشتمانی چالاکیی مین)
- ناتەواوی خزمەتگوزارییەکانی یارمەتیدانی قوربانییەکان زیاتر خراپتر دەبێت.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، تواناسازی و هتد لەلایەن یەکەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێت:

دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مینەکان سەرکردایەتی هەماهەنگی دەکەن و سەرپەرشتی چالاکییەکانی چالاکیی مین لە عێراق دەکەن. بەڵام بەهۆی پیسبوونی بەرفراوان و ئاڵۆزی تەقەمەنی، کەمی سەرچاوە مرۆییەکان و کەمیی دارایی ئێستا، دوو دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مین پێویستیان بە پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوانی زیانلێکەوتوو. کەمی بودجەی دەوڵەت، هەماهەنگی، بنیاتنانی توانا و پشتیوانی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم مەترسیانەی خوارەوە:

- زۆربەی ناوچە پێویستەکان ئازاد ناکرێن و/یان بە شێوەیەکی دروست لە پێشینەی کارەکانیان بۆ چالاکییەکانی کارکردنی مین دانانرێن؛
- قوربانیانی تەقەمەنی تەقینەوە بەردەوام دەبن لە گیرۆدەبون بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییەوە؛
- دووبارەبوونەوە لە پێشکەشکردنی چالاکییەکانی هۆشیاری کە دەتوانێت هەندێک دانیشتوانی لاواز لە دوای خۆیان بەجێبهێڵێت.

## ئەگەری مەترسییەکان و ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی کۆمەڵەی چالاکی مین:

لە ئەگەری سەرکەوتوو نەبوونی پلانی گواستنەوەی پۆلەکان کە ببێتە هۆی مەترسییەکانی سەرەوە:

دەسەڵاتی نیشتیمانی چالاکییەکانی مین هەماهەنگییەکی تەواویان نییە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکانی کارکردنی مین بۆ بەڕێوەبردن و پلاندانان و هەماهەنگی کاریگەرانەی کەرتەکە بە گشتی. نەبوونی ئامادەیی حکومەت یان شکستهێنان لە تەرخانکردنی بودجەی دەوڵەت بۆ کردەوەی مین کاریگەری نەرێنی لەسەر هەماهەنگی کاریگەرانەی کەرتەکان دەبێت.

- فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین پشتگیری لە کۆڕبەندی هەماهەنگی کەرتەکە دەکات وەک بەشێک لە پلانی کارکردنی پشتگیری تەکنیکی (٢٠٢١- ٢٠٢٣)
- فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین بەردەوام دەبێت لە داکۆکیکردن لە تەرخانکردنی بودجەی حکومەت بۆ کارەکانی مین بە هەماهەنگی لەگەڵ بەخشەرە پەیوەندیدارەکان.
- فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەشداری دەکەن لە بنیاتنانی توانای بەرپرسانی حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

## ڕێوشوێنی کەمکردنەوە بۆ دوورکەوتنەوە لەم مەترسیانە:

### خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٢ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٢ |
|---|---|---|
| نەخشەکێشانی ئەکتەرە پەیوەندیدارەکان و خاڵەکانی چوونە ژوورەوە | دارشتنی ستراتیژی بۆ مەکۆی هەماهەنگی نوێ/ پلانی کارکردن | گواستنەوەی چالاکییە سەرەکییەکان بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مین |
| بنیاتنانی توانای دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مین و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر بنەماکانی پاراستن | تواناسازی بۆ ئەکتەرە پەیوەندیدارەکان لەلایەن فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین و ڕێکخراوە ناحکومییە نێوودەوڵەتیەکانەوە | تواناسازی بۆ ئەکتەرە پەیوەندیدارەکان لەلایەن فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکانەوە بەردەوامە هەبێت. |
| هاوبەشیکردنی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان سەبارەت بە بنیاتنانی توانا، ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی هەماهەنگی و هتد | داکۆکیکردنی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مین سەبارەت بە تەرخانکردنی بودجەی حکومەت بۆ پاککردنەوە و ڕاپرسی | بەستنەوەی دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مین بە پلاتفۆرمە کانی هەماهەنگیی ئێستای نەتەوە یەکگرتووەکان. |
| بەشداریکردنی دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مین لە میکانیزمی هەماهەنگیدا بە ئامانجی ڕادەستکردنەوە | داکۆکیکردنی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین بۆ یەکەمایەتیکردنو شەفاف و بەهێزترکردنی چاودیری و هەڵسەنگاندن | پشتگیری فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین بۆ هەماهەنگی کەرتەکان بۆ گواستنەوەی تەواوی ڕۆڵی هەماهەنگی. |
| بەشداریکردن لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مینەکان لە دارشتنی تێبینی ڕێنمایی خانووبەرە و زەوی و موڵک، و ستانداردی یارمەتیدانی قوربانییەکان. | بەشداریکردن لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانی چالاکیی مین سەبارەت بە پاراستنی منداڵان لە چالاکییەکانی کردەی میندا | پشتگیری فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگی کەرتەکان |

# پلان و چوارچێوەی کاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی پەناگە و کەلوپەلی ناخۆراکی

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بە سوودمەندەکان:** ئامانجی کۆمەڵەکە بریتییە لە: **١)** ڕادەستکردنی دەستێوەردانەکانی کەلوپەلی ناخۆراکی بۆ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەیی/وەڵامدانەوە (دەرکردن/کەمکردنەوەی مەترسیی کارەسات **(DRR))**؛ **٢)** ڕادەستکردنی هێشتنەوەی پەناگە لە کامپی ئاوارەکان **(**گۆڕینی خێمەکان لە حاڵەتی باری لەناکاودا – بەشێوەیەکی سەرەکی ئاگر**)** بە **UNHCR/**وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران/ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی؛ و **٣)** بەئامانجکردنی پێداویستیی چاککردنەوەی پەناگەکان کە ماون لەڕێگەی بکەرەکانی گەشەپێدان لەژێر بەرپرسیارییەتی حکومەتدا.

**هەماهەنگیکردن:** کۆمەڵەکە پلان دادەنیت بۆ **١)** گۆڕینی هەماهەنگیی ئەو دەستێوەردانە پەناگەییانەی کە ماون بۆ گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان/هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان **٢)** بەستنەوەی هەندێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵەی پەناگە و کەلوپەلی ناخۆراکی بە ژێر-گرووپی خانووبەرە و زەوی و موڵکەوە.

### هەڵسەنگاندنی مەترسیی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی پەناگە و کەلوپەلی ناخۆراکی:

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزاری کۆتایی پێبێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست:

- ئەو خێزانانەی کە بە ناکۆکی و مەترسی کاریگەربوون، یاخود لە پێگە نافەرمییەکان دەرکراون، هەر بە لاوازی دەمێننەوە بەبێ پەناگەی فریاگوزاری و/یاخود یارمەتیی خانووبەرە و زەوی موڵک.
- گەڕاوەکان دووچاری ڕاگواستنی دووەم دەبنەوە.
- ڕێگری لە ئاوارەکان دەکرێت لە گەڕانەوەیان بۆ زێدی نیشتەجێبوونیان ئەگەر پەناگە/خانووبەرەی پێویست دابین نەکرێت.
- کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێتەوە:
- دەشێت ستانداردی پێویست و پەسەندکراوی پەناگەکان پەیڕەو نەکرێت.

### ئەگەری مەترسیی پەناگە و کەلوپەلی ناخۆراکی و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:

ئەگەر پلانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو مەترسییانەی لێبکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

- بەشداریکردنی حکومەت لە گرتنە ئەستۆدا (مامناوەند بۆ بەرز)
- شکستهێنانی نۆژەنکردنەوەی پەناگەکان لە کامپی ئاوارەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی خێزانەکان لەو پەناگانەدا بمێننەوە کە خاڵی لاوازیان هەیە (مامناوەند)

### ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەم مەترسییانە:

- بەردەوامبوون لە داکۆکیکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق.
- بونیادنانی توانا بۆ حکومەت دەربارەی میکانیزم و ئامرازەکانی هەماهەنگی.
- پەیوەندی بەستن لەگەڵ گرووپی هەماهەنگیی نێوان کۆمەڵەکان و گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەر دوورمەوداکان/هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان بۆ پاڵپشتیکردنی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان کاری مرۆیی و چارەسەرە دوورمەوداکان.
- بەهێزکردنی خێزانەکانی ناو کامپی ئاوارەکان بۆ ئەوەی خۆیان پەناگەکانیان نۆژەن بکەنەوە بە مۆڵەت و پاڵپشتیی دەسەلاتە خۆجێییەکانەوە.

**خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان**

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٢ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٢ |
|---|---|---|
| نەخشەسازیی هاوتا/خاڵە سەرەتاییە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراق و هەڵسەنگاندن/پێداچوونەوەی توانا و ئامرازەکانی ئێستای حکومەت بۆ ناساندنی پێویستییەکانی بونیادنانی توانا. | داکۆکیکردن لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران سەبارەت بە گرتنە دەستی دەستێوەردانە فریاگوزارییەکانی کەلوپەلی ناخۆراکی و دڵنیابوونەوە لە چاککردنەوەی کامپی ئاوارەکان (گۆڕینی خێمەکان لەلایەن UNHCR/ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان) | ئەو دەستێوەردانە فریاگوزارییانەی کەلوپەلی ناخۆراکی کە ماون ڕادەستی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دەکرێن و چاککردنەوەی کامپی ئاوارەکان (گۆڕینی خێمەکان) ڕادەستی UNHCR/ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران/ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی دەکرێن |
| پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر ڕۆڵەکانی هەماهەنگی و ئەرکەکانی کۆمەڵە بۆ ئەوەی لەلایەن هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکانەوە لەخۆبگیرێت. | پەیوەندی بەستن، بەهاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی نشینگەی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN Habitat)، وەزارەتی پلاندانان/ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و خانووبەرە بە ڕوانگەیەکەوە بۆ ڕادەستکردنی هەماهەنگی/ دەستێوەردانەکانی پەناگەکان. | دەستێوەردانە ماوەکانی پەناگەکان (CSU) تێکەڵی میکانیزمی هەماهەنگیی گروپی کاری تەکنیکی/ هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان دەکرێن، بە پاڵپشتیی ژێر-گرووپی خانووبەرە و زەوی و موڵک. |
| داکۆکیکردن بۆ گۆڕانکاریکردنی دوورمەودا و تێکەڵکردنی ناوخۆییانەی کامپی ئاوارەکان (لە هەر شوێنێک کە گونجاو بێت) بە شوێنە شارییەکان (نوێکردنەوەی پەناگەکان) | بەهێزکردنی خێزانەکانی ناو کامپی ئاوارەکان (دهۆک) بۆ ئەوەی خۆیان پەناگەکانیان نۆژەن بکەنەوەبەردەوامبوون لە داکۆکیکردن و پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان بۆ لەخۆگرتنی پاڵپشتیی پەناگەکان بۆ ئاوارە/گەڕاوەکان لەنێو ستراتیژی و درێژکردنەوەی نۆژەنکردنەوەی پەناگەکان بۆ پارێزگاکانی تر (هەولێر و سلێمانی). | |

# پلان و چوارچێوەی کاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی ئاو و پاکژی و تەندرووستی

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بە سوودمەندەکان**: کۆمەڵەی ئاو و پاکژی و تەندروستی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە کامپەکاندا ڕادەستی حکومەت دەکات؛ ڕادەستکردنی چالاکییەکانی ئاو و پاکژی و تەندرووستی لە شوێنە نیشتەنییە نافەرمییەکاندا نارۆونە؛ چالاکییەکانی ژێرخانی ئاو و پاکژی و تەندرووستی تێکەڵی چوارچێوەی هاریکاریی چارەسەرە دوورمەوداکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێن و لەلایەن هاوبەشەکانی گەشەپێدان/چارەسەرە دوورمەوداکانەوە بەردەوامییان پێدەدرێت.

**هەماهەنگی**: کۆمەڵەی ئاو پاکژی و تەندرووستی پلان دادەنێت بۆ گۆڕینی هەماهەنگی بۆ کەرتێکی پێشڕەویکراو لەلایەن حکومەتەوە (گرووپی کاری ئاو و پاکژی و تەندرووستی)

## هەڵسەنگاندنی مەترسیی گۆڕانکاریی کۆمەڵەی ئاو و پاکژی و تەندرووستی:

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزاری کۆتایی پێبێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست:

- ئەو کەسانەی کە لە کامپەکاندا دەژین خزمەتگوزاریی ئاو و پاکژیی ژێر-ستاندارد وەردەگرن، کە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ڕاگواستنی دووەمی لە شوێنی نیشتەجێبوونە نافەرمییەکاندا یاخود گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە بەپێی پێویست شتەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە.
- گەڕاوەکان بەپێی پێویست خزمەتگوزارییەکانی ئاو و پاکژییان بۆ ناگەڕێتەوە، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی شکستهێنانی گەڕانەوە و دووبارە ڕاگواستن یاخود زیادبوونی میکانیزمە نەرێنییەکانی ڕاهاتن.
- ئەو سیستەمی ئاوانەی کە لەلایەن هاوبەشەکانەوە چاکسازییان بۆ کراوە دووچاری چاکنەکردنەوە دەبن بەهۆی نەبوونی ستافی پێویست لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەوە.
- کەڵەکەبوونی پاشەڕۆی مادده و شلەمەنی زیانبەخش، کە دەبێتە هۆی سەرڕێژکردنی پاشەڕۆ و کۆبوونەوەی خاشاک و نیگەرانیی تەندرووستیی و ژینگەیی.
- زیادبوونی ئەو نەخۆشییانەی پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە (کۆلێرا، سکچوونی توند، نەخۆشیەکانی پێست ) بۆ ئەو دانیشتووانەی کە زیادمەندبون.
- مەترسییەکانی پاراستن بۆ ژن و کچان بەهۆی کەمیی بەرهەمەکانی سووڕی مانگانە و ڕێگریکردنی زیاتر بۆ خاڵەکانی پاشەڕۆ فڕێدان/دەستکەوتنی ئاو.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێتەوە:

- مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی هەوڵەکان و/یاخود بۆشاییەکان لە وەڵامدانەوەی ئەو کەیسە مرۆییانەی کە ماونەتەوە.
- نەبوونی توانا بۆ زیادکردنی پاڵپشتیی ئاو و پاکژی و تەندرووستی

لە کاتی دەرکەوتنی قەیرانەکانی وەکو وشکەساڵی، لافاو، یاخود بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان.

- کێشەی هەماهەنگی و هاریکاری لەنێوان بکەرەکانی گەشەپێدان و کاری مرۆیی.

### ئەگەری مەترسیی کۆمەڵەی ئاو پاکژی و تەندرووستی و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:

ئەگەر پلانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو مەترسییانەی لێبکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

گواستنەوەی دابینکردنی ئاو و پاکژی و تەندرووستی لە کامپەکاندا بۆ هاوتاکانی حکوومەت، بەهێواشی بەڕێوەچووە – گفتوگۆکان لە ئابی ٢٠٢١ وە بەردەوامییان هەبووە، بەڵام هێشتا، تەنها چەند خزمەتگوزارییەکی چەند شوێنێکی دیاریکراو ڕادەست کراون. لەگەڵ ئەوەی لیژنەی هەماهەنگیی هاوبەش پابەندە بە گرتنە دەستی ئۆپەراسیۆنەکانی ئاو و پاکژی و تەندرووستی لە کامپەکاندا، ئەگەری ئەوە هەیە کە گۆڕانکاریی دابینکردنی خزمەتگوزاری دوابخرێت لە کاتی پێشنیارکراوەوە کە لە تەمموزی ٢٠٢٢ دا دەستپێدەکات. دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتیش ڕەنگە کاربکاتە سەر توانای گواستنەوە بۆ کەرتێکی بەڕێوەبراو لەلایەن حکومەتەوە بەهۆی کەمیی و بودجە یاخود ویستەوە.

### ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەم مەترسییانە:

- ناساندن و پلاندانان بۆ ئەو چالاکییە هەستیارانەی ئاو و پاکژی و تەندرووستی ژیان ڕزگاردەکەن، لەحاڵەتێکدا ئەگەر هاوبەشە دیاریکراوەکان نەیانگرنە ئەستۆ.
- پەیوەندی بەستنی زوو و بەردەوام لەگەڵ حکومەتدا لەبارەی کێشەی گۆڕانکاریی کامپەکان و شوێنی نیشتەجێبوونە نافەرمییەکان.
- داکۆکیکردنی ئاست بەرز لەڕێگەی ئەو ئاژانسانەی کە لەلایەن کۆمەڵەکانەوە پێشڕەوی دەکرێن و ڕێکخەری مرۆیی بۆ ئەوەی حکومەت ئاسانکاری بکات بۆ بڕینەوەی بودجە بۆ چالاکییە مرۆییەکانی ئاو و پاکژی و تەندرووستی و پێویستییە درێژ خایەنترەکانی گەشەپێدان لەو ناوچانەی کە تا ئێستا بەپێی پێویست چاکنەکراونەتەوە.
- پەیوەندی بەستن لەگەڵ هاوبەشەکانی چارەسەرە دوورمەوداکان و گەشەپێدان بۆ ئاسانکاریکردن بۆ بەردەوامیدان بە چالاکییە ژیان ڕزگارکەرەکان بۆ ناو ساڵی ٢٠٢٣ لەحاڵەتێکدا ئەگەر حکومەت لە گرتنەدەستی ئەو چالاکییە گرنگانە دواکەوت.
- گەشەپێدانی نەخشەڕێگایەکی ڕوونی گۆڕانکاریکردن لەگەڵ بکەرە مرۆیی و گەشەپێدان و حکومییەکان.

**خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان**

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٢ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٢ |
|---|---|---|
| گفتوگۆ لەگەڵ گرووپی کاری تەکنیکی و هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان لەبارەی ستراتیژیای گۆڕانکاریی کۆمەڵەکە | ڕێککەوتن لەسەر بڕیاری گۆڕانکاریکردن لە هەموو کامپی ئاوارەکاندا بۆ حکومەت | هاوسەرۆکی کردنی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی ئاو و پاکژی و تەندرووستی لەگەڵ هاوتا(کان)ی حکومەت |
| داڕشتنی ستراتیژیا بۆ گرووپی کاری ئاو و پاکژی و تەندرووستی | بونیادنانی توانای گرووپی کاری ئاو و پاکژی و تەندرووستی | هەموو کامپەکانی ئاوارەکان گواستراونەتەوە بۆ حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری |
| گفتوگۆی گۆڕانکاریی کامپەکان لەگەڵ UNICEF و هاوبەشەکان و هاوتاکانی حکومەتدا بۆ گەشەدان بە چوارچێوەی کار و کارەکان | پەیوەندی بەستن لەگەڵ هاوبەشەکان و بەخشەرەکانی گەشەپێدان بۆ چالاکییەکانی گۆڕانکاریکردن لە ژێرخاندا | گۆڕاینی ڕۆڵەکانی کۆمەڵەکە/کەرتی گۆڕانکاریکردن بۆ گرووپی کاری ئاو و پاکژی و تەندرووستی |

# پلان و چوارچێوەی کاتی گۆڕانکاریی گرووپی کاری کاش

**گەیاندنی خزمەتگوزاری بە سوودمەندبووەکان:**

ئامانجی گرووپی کاری کاش ئەوەیە لە **٢٠٢٣** دا بەشێوەیەکی وەرگیراو بەردەوام بێت بۆ بەردەوامیدان بە زیادکردنی گەیاندنی کوالیتی باشی یارمەتیی کاش و پسووڵە:

| یارمەتی کاشی فرە-ئامانج | پاڵپشتیی تەکنیکیی یارمەتی کاش و پسووڵە | پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای کاش |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو لەلایەن هاوبەشەکانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ چارەسەرە دوورمەوداکان وەکو بەشێک لە پەیوەندی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وەکو بەشێک لە هاوپەیمانی لەگەڵ پاراستنی کۆمەڵایەتی | بەردەوامپێدراو لەلایەن هاوبەشەکانەوە و بەهەماهەنگی لەگەڵ چارەسەرە دوورمەوداکان و لەئەگەری ئەوەی کۆمەڵەکان بە سێکتەر بکرێن؛ دەرئەنجامە نوێیەکانی یارمەتیی کاش و پسووڵە بە گرووپی کاری سیاسەتی ٢ ی چوارچێوەی هەماهەنگیی چارەسەرە دوورمەوداکان، ئەگەری هەیە گرووپی کاری سیاسەتی ٤ یش، تێکەڵ بکرێن، هەروەها لەلایەن ڕێکخراوە ناحکوومییەکانەوە جێبەجێ بکرێن | لە هاریکاریکردندا لەگەڵ بکەرەکانی حکومەت و پاراستنی کۆمەڵایەتی |

**هەماهەنگیکردن:**

گرووپی کاری کاش وەکو باڵی تەکنیکی خزمەت دەکات بۆ یارمەتیی کاش و پسووڵەی خاوەن بەشە پەیوەندیدارەکان. ئەم ڕۆڵە یارمەتی کاشی فرە-ئامانج و دەرئەنجامە سێکتەرییەکان و ئەگەری یەکگرتنەوەی لەگەڵ چارەسەرە دوورمەوداکان و/یاخود ستراتیژیای پاراستنی کۆمەڵایەتیی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

## هەڵسەنگاندنی مەترسیی گۆڕانکاریی گرووپی کاری کاش:

کاریگەری لەسەر سوودمەندبووەکان ئەگەر گەیاندنی خزمەتگوزاری کۆتایی پێبێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بیگرێتە دەست:

- کاریگەریی کەمتر لەسەر بەردەوامی و کارایی کە دەکرێت ببێتە هۆی زیادبوونێک لە میکانیزمە نەرێنییەکانی ڕاهاتن.
- یارمەتیی کاش و پسووڵە کاریگەرییەکی چەندجارکەری هەیە، کە بەشدارە لە بەردەوامیدان بە بژێوی و بازاڕە ناوخۆییەکان و ئابووری. سنووردارکردنی پاڵپشتی بۆ یارمەتیی کاش و پسووڵە و گرووپی کاری کاش، هەلی چاکبوونەوە و خستنە بەرباسی ئاڵنگارییە دەرکەوتووەکان کەمدەکاتەوە.

کاریگەری ئەگەر هەماهەنگی، بونیادنانی توانا، هتد. لەلایەن قەوارەیەکی ترەوە هەڵنەگیرێتەوە:

- بەردەوامیدانی هاوبەشەکان بە دابەشکردنی کاش ڕەنگە دووهێندبوونی سڵەژانی کۆمەڵگای لێبکەوێتەوە.
- لەوانەیە بۆشاییەک لە بونیادنانی توانادا هەبێت بەتایبەتی بۆ ئەو بکەرە نوێیانەی کە یارمەتیی کاش و پسووڵە بەکاردەهێنن هەروەها بۆ ئەو هاوبەشانەی لەئێستادا بوونیان هەیە.

- هەلی پاڵپشتیکردنی حکومەت لە پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای کاش لەدەست دەچێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەمە بەشێکی هەستیاری بەردەوامیدانە و بەرپرسیاریەتیی حکومەتە.
- کەمکردنەوەی پاڵپشتی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان، کە دەکرێت ببێتە هۆی کاریگەری بۆسەر ستراتیژیی خۆماڵیکردن. .

## ئەگەری مەترسییەکان و ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە:

ئەگەر پلانی گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو مەترسییانەی لێبکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا:

- سەرچاوەی پێویست نییە بۆ پاڵپشتیکردنی گۆڕانکاریی گرووپی کاری کاش.
- ئاڵۆزی لە دیاریکردنی ڕۆڵەکانی هەماهەنگی لەگەڵ بکەرەکانی گەشەپێدان، چارەسەرە دوورمەوداکان یاخود حکومەت.

## ڕێوشوێنەکانی کەمکردنەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەم مەترسییانە:

- گەشەپێدانی ستراتیژیایەکی ڕوونی گرووپی کاری کاشی گۆڕاو بۆ دیاریکردنی ئەو پاڵپشتییەی کە پێویستە؛ پەیوەندی بەستن لەگەڵ هاوبەشەکان و بەخشەرەکان لە قۆناغێکی سەرەتاییەوە بۆ دیاریکردنی سەرچاوەکان.
- پەیوەندی بەستن لەگەڵ بکەرەکانی گەشەپێدان، چارەسەرە دوورمەوداکان، بکەرەکانی حکومەت و پاراستنی کۆمەڵایەتی هەر لە قۆناغێکی سەرەتاوە و دیاریکردنی ئەو بەهازیادکەر و خزمەتگوزارییانەی کە گرووپی کاری کاش دەتوانێت دابینی بکات وەکو پاڵپشتی هەر بوارێکی گرنگ. گەشەپێدانی هاوبەشی ئامانجی ڕوون و پلانێکی کار و میکانیزمەکانی هاریکاری لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە ویستیان لەسەرە.

### خشتەی کاتی چالاکییە گۆڕانکارییەکان

| چارەکی یەکەم و دووەم ٢٠٢٢ | چارەکی سێیەم ٢٠٢٢ | چارەکی چوارەم ٢٠٢٢ |
|---|---|---|
| نەخشەسازیی خاوەنبەشەکان + خاڵە سەرەتاییەکان | داڕشتنی ستراتیژی | بونیادنانی توانای بکەرە پەیوەندیدارەکان |
| ڕاوێژکردن بە بەخشەرەکان سەبارەت بە سەرچاوە ستراتیژی و داراییەکان | ناساندنی سەرچاوەکان بۆ پاڵپشتیکردنی گرووپی کاری کاشی گۆڕاو | پێناسەکردنی پلانی کاری ٢٠٢٣ |
| پەیوەندی بەستن لەگەڵ حکومەت سەبارەت بە پلانی ستراتیژی | | ڕادەستکردن بە گرووپی کاری کاشی گۆڕاو |

# ٦.٢
# پێداچوونەوەیەک بۆ ٢٥ کامپی ئاوارە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

هەرێمی کوردستانی عێراق: بە هاوڕابوون لەگەڵ بڕیارەکەی تیمی کاری مرۆیی وڵات، کۆمەڵەی هەماهەنگیی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ لە کۆتایی کانوونی یەکەمی **٢٠٢٢** دا ناچالاک کرا و **UNHCR** ئەرکە پەیوەندیدارەکانی بۆ **٢٥** کامپەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق بەخۆماڵیکرد. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، **UNHCR** بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبردنی کامپ، بە بەشی بەڕێوەبردنی پارێزگاشەوە (وەزارەتی کۆچ و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان) لە هەماهەنگیی نێو کامپەکان و پلاندانان و بڕیاردانی ستراتیژی و هەروەها لە پێشڕەویکردن لە داکۆکیکردنی هاوبەش لەگەڵ هاوبەشە پەیوەندیدارەکاندا.

عێراقی فیدراڵ: ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بەردەوام دەبێت لە سەرپەرشتیکردن لە بەڕێوەبردنی کامپ بۆ جەدعەی **٥** و پێگە نافەرمییەکان. لەگەڵ بڕیاری ئەم دواییەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بۆ داخستنی کامپی جەدعەی **٥**، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ داکۆکیدەکات لەپێناو پرۆسەیەک لەکاتی خۆیدا بێت و ڕێکخراو بێت و هۆشیارانە بێت کە بەشێوەیەکی خۆویستانە و سەلامەت و شکۆمەندانە ئەنجام بدرێت. بەپێی دۆزینەوەکانی هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی فرە-کۆمەڵی **٢٠٢٢**، **٩٩٤,٠٠٠** کەس لە ڕاگواستنی درێژەپێدراودا لە پێگە نافەرمییەکانی ئاوارەکاندا ماونەتەوە. هاوبەشەکانی بەڕێوەبردنی کامپی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بەردەوام دەبن لە کارکردن بە ئاڕاستەی خستنە بەرباسی پێویستییە مرۆییە فریاگوزارییەکانیان لەکاتێکدا کە بەرەو چارەسەرە دوورمەوداکانیش کاردەکەن.

| ئەو کامپانەی کە دهۆک بەڕێوەیان دەبات | تایبەتمەندییە گرنگەکان | نوێکردنەوە دەربارەی چارەسەرەکان |
|---|---|---|
| **١٣٦,٧٣٠ کەس لە ١٥ کامپدا**<br><br>ئەو کامپانەی کە لەرووی جوگرافییەوە لە هەردوو پارێزگای دهۆک و نەینەوان بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێن | • بەزۆری لە خێزانە ئێزیدییەکانن<br>• بەپێی دوایین ڕاپرسیی نیازی ڕێکخراوی ڕیچ، کەمتر لە ١٪ ی ئاوارەکانی دهۆک بیر لە گەڕانەوە بۆ زێدی نیشتەجێبوونیان لە ١٢ مانگی داهاتوودا دەکەنەوە.<br>• نموونەکانی شکستهێنان لە گەڕانەوە بەردەوامن، خێزانەکانیش بەشوێن دووبارە قبووڵکردنیانەوەن لە کامپەکاندا.<br>• بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان، لەنێوان ساڵی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٢، زیاتر لە ١٠٠٠ خێزان (٤,٧٠٠ کەس) وەکو گەڕاوەی پێچەوانە بۆ دهۆک تا ئێستا تۆمار کراون.<br>• ئاو و پاکژی و تەندرووستی گواستراوەتەوە بۆ حکومەت وەکو بەشێک لە گۆڕانکارییەکە. | **نۆژەنکردنەوەی پەناگە:**<br>• **١١ کامپ لە ١٥ کامپەکەدا کامپی خێمەن،** کە ئەو مەترسییانەیان لەگەڵە کە دەبنە هۆی ئاگرکەوتنەوە؛ لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا ١٣ قوربانی لەنێو ئاوارەکاندا تۆمارکراون. بەهۆی ئەوەی وا دیزاین کراون کە چارەسەرێکی پەناگەی باری لەناکاو بن، خێمەکان گونجاو نین بۆ نیشتەجێبوونی درێژخایەنتر سەلامەت نین بەهۆی ئەو ماددانەی کە خێمەکانی لێدرووستکراوە و نزیکی پەناگەکەن لەیەکترەوە. سەرباری ئەوەش، نۆژەنکردنەوەی پەناگەکانی ناو کامپەکان لایەنێکی گرنگی دابینکردنی چارەسەری شکۆمەندانەیە بۆ ئەوانەی لە کامپەکاندا ماونەتەوە. بەوپێیە، داوای داکۆکیکردن بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان ڕێگا بە ئاوارەکان بدەن خۆیان نۆژەنکردنەوە بۆ پەناگەکانیان بکەن لە ١١ کامپە خێمەکەدا (باجد کەندەڵەی ١، باجد کەندەلەی ٢، بەرسڤی ١، بەرسڤی ٢، چامیشکۆ، ئیسیان، کابارتۆی ١، کابارتۆی ٢، خەنکێ، شارییە، شێخان).<br>• حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای تەمموزی ٢٠٢٢ دا بڕیاریدا مۆڵەت بدات بەو ئاوارانەی کە لە کامپە خێمەکانی دهۆکدا نیشتەجێن خۆیان پەناگەکانیان نۆژەن بکەنەوە.<br>• بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان دەستپێشخەری دەکات لە ڕێنمایی تەکنیکیدا بۆ نۆژەنکردنەوەی خۆیی پەناگەکان بۆ بلۆکی کۆنکرێتی بە پاڵپشتیی UNHCR. تاکو کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، نزیکەی ١,٣٠٠ خێزان (لەنێو ١٤,٣١٤ نیشتەجێبووی کامپەکان) پەناگەکانیان نۆژەنکردووەتەوە/نۆژەندەکەنەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە کامپەکانی چامیشکۆ، باجد کەندەڵە، شێخان، خەنکێ و کابارتۆ.<br>کێشەکانی موڵکداریی زەوی و کێشەی تر (ڕێکەوتننامەی وەرگرتنەوەی کشتووکاڵی) ڕێگری دەکەن لە نۆژەنکردنەوەکە لە دوو کامپی دیاریکراودا (لە بەرسڤی ١ و ٢) داکۆکیکردن بەردەوامە. |

| **کامپەکانی هەولێر** | **تایبەتمەندییە گرنگەکان** | **نوێکردنەوە دەربارەی چارەسەرەکان** |
| --- | --- | --- |
| **١٢,١١٦ کەس لە ٣ کامپدا**<br><br>هەرشەم، بەحرکە (هەولێر)<br><br>دێبەگە (مەخموور) | • زۆربەی خێزانەکان خەڵکی نەینەوا (موسڵ، سنجار، بعاج) و سەلاحەدین (شرقات، بلد، بیجی)<br>• کامپە شارییەکان | **پلانەکانی حکومەت بۆ یەکخستنەوەی کامپەکان:**<br>• هەرشەم، بەحرکە، و خەزر **M1**. حکومەت **UNHCR** ی لەوە ئاگادارکرد کە سێ بژاردە دەدەن بە نیشتەجێبووانی ئەم کامپانە: **ا)** بگەڕێنەوە بۆ زێدی نیشتەجێبوونیان؛ **٢)** ڕابگوێزرێن بۆ شوێنێکی تر لە هەرێمی کوردستانی عێراق؛ **٣)** بگوازرێنەوە بۆ **U2** و **U3** حەسەنشام. داکۆکیکردن بەردەوامە بۆ ئەوەی دەسەڵات ڕێگا بدات ئاوارەکان خۆیان پەناگەکانیان نۆژەن بکەنەوە.<br>• نیشتەجێبووی کامپەکان بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ناوچەکەدا ژیاون و توانیویانە بگەن بە هەلەکانی بژێوی پەیداکردن و پەروەردە و خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان، بە دەستگەیشتن بە خوێندنیشەوە.<br>• بەوپێیە، **UNHCR** داکۆکیدەکات لەپێناو یەکخستنی ناوخۆیی و کردنی ئەم کامپانە بە گەڕەک. |

| کامپەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ (هەولێر بەڕێوەیان دەبات) | تایبەتمەندییە گرنگەکان | نوێکردنەوە دەربارەی چارەسەرەکان |
|---|---|---|
| **١٤,٢٧٢ کەس لە ٣ کامپدا**<br><br>حەسەنشام U2، حەسەنشام U3، خازری M1 کە لە ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەرە لە پارێزگای نەینەوا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت. | • زۆربەیان خەڵکی پارێزگای نەینەوان<br><br>• گرفتی جددیی پاراستن بوونی هەیە، کە سنووردارکردنی ئازادیی شوێن گۆڕین بەوپێیەی ناسنامە پێویستە بۆ تێپەڕاندنی خاڵە پشکنینە سەرەکییەکانی بەرەو هەولێر یان موسڵ، واتا ئەو ئاوارانەی بەڵگەنامەی مەدەنییان نییە ناتوانن کامپەکان جێبهێڵن. لەهەمان کاتدا، ئاسایش بەڵگەنامەی ناسنامەی هەموو نیشتەجێبووەکانی کامپەکانی لەژێر دەستدایە، هەر کەسێکیش بیەوێت گەشت بۆ موسڵ یاخود هەولێر بکات پێویستی بە نامەیەکی پشتگیرییە لە بەڕێوەبەرایەتی کامپەوە، کە لەلایەن ئاسایشی کامپەوە مۆرکرابێت، بۆ تێپەڕبوون لە خاڵە پشکنینەکان.<br><br>• دەستگەیشتن بە چاودێریی تەندروستی و هەلەکانی بژێوی لە دەرەوەی کامپەکان کارێکی پڕ لە ئاڵنگاری و کۆسپ و تەگەرەیە بۆ ئاوارەکان. | **ستراتیژیایەکی هاوبەشی UNHCR/ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بۆ کامپەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ:**<br><br>• چارەسەری پاڵپشتیکەر بۆ ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە سێ کامپەکەی ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەژین – حەسەنشام **U2**، حەسەنشام **U3**، خازر **M1** – بە بەهەندوەرگرتنی ئەوەی کە نیشتەجێبوونی درێژخایەن لەم کامپانەدا نابێتە مایەی بارودۆخی ژیانی شکۆمەندانە و دوورمەودا. ئامانجی ستراتیژیاکە دابینکردنی ڕێگایەکی گشتگیرە بۆ پاڵپشتیکردنی دەست گەشتن بە ڕێگاکانی چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ تەواوی دانیشتووانی هەر سێ کامپەکە.<br><br>• دانیشتووان بەسەر سێ جۆردا دابەشکراون بەوپێیەی ڕووبەڕووی ئاستەنگی جیاواز دەبنەوە بۆ گەڕانەوە:<br><br>• **٥٣٠** خێزان خەڵکی **١٣** گوندن (دەکەونە ناوچەی کێشە لەسەر لە دەڤەری الحمدانیة، پارێزگای نەینەوا و لە ئێستادا لەلایەن هێزی پێشمەرگەکانی حکومەتی هەرێمەوە کۆنترۆڵکراوە) لە حەسەنشام، گەڕانەوەی ئەم خێزانانە هێشتا لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە ڕێگەی پێنەدراوە.<br><br>• ئەو خانەوادانەی سەرۆک خێزانەکەیان ئافرەتە/ئەو خێزانانەی کە هەستدەکرێت پەیوەندییان بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە هەبێت ئەزموونی زیادبوونی مەترسی پاراستن دەکەن لەنیو کامپەکاندا. بەگوێرەی ئەو ڕاپرسیەی لەلایەن **UNHCR** وە لە **٢٠٢١** دا ئەنجامدراوە، **٧٠٪** ی ئەو خێزانانەی کە ئاماژەیان پێدراوە سەرۆک خێزانەکەیان ئافرەتە ناتوانن بگەڕێنەوە بەهۆی پەیوەندیی هەستپێکراوی ئەندامانی خێزانەکانیان بە داعشەوە. بەهۆی وردەکاریی ژیانیانەوە، خێزانەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی خێڵەکی و توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لەبەردەم گەڕانەوەیان بۆ زێدی نیشتەجێبوونیان و ئەگەری کەمتری هەیە کە مۆڵەت لەلایەن ئاسایشەوە وەربگرن.<br><br>• نزیکی **٢٠٠** کەسی پێشتر دەستگیرکراو لە کامپەکاندا دەژین، بەشێوەیەکی سەرەکی لە حەسەنشام **U3**، کە هەندێکیان بە خێزانەکانیان شادبوونەتەوە کە ئەوانیش لە کامپەکەدا دەژین. ژمارەی پێشتر گیراوەکان بەهێواشی لە بەرزبوونەوەدایە، بەوپێیەی ئەو کەسانە لەلایەن دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئازاد دەکرێن. ئەمانە ئەو کەسانەن کە لەلایەن دەسەڵاتەکانی هەولێر و ئاسایشی گشتییەوە بەپێی یاسای دژە-تیرۆری ساڵی **٢٠٠٦** ی هەرێمی کوردستانی عێراق دەستگیرکرابوون<br><br>تێبینی: ئەمە جیاوازە لە یاسای دژە-تیرۆری عێراقی فیدراڵ). ئەم کەسانە دوای تەواوکردنی سزاکەیان، یاخود دوای ئەوەی بە بێتاوان لەقەڵەم دراون ئازادکراون. هەندێکیان نامەیەکی ئازادکردنیان هەیە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەرکراوە، ئەوانیتر نییانە. لەگەڵ ئەوەی ئەو نامەی ئازادکردنە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دراوە و لەلایەن دەسەڵاتەکانی عێراقی فیدراڵەوە دانی پێدانراوە، ئەو تاکانە لە دووبارە دەستگیرکرانەوە و دادگایی کردن لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناپارێزێت، کە وادەکات ئاوارەکان دووبارە لەبەردەم مەترسیی دەستگیرکردندا بن لەکاتی گەڕانەوەیان. لەڕاستیدا ئەو کەسانەی پێشتر دەستگیرکراون ناتوانن کامپەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ جێبهێڵن، بەوپێیەی ڕێگەیان پێنەدراوە بگەڕێنەوە بۆ هەولێر و دەکەونە بەر مەترسیی دەسگیرکردن ئەگەر هەوڵبدەن خاڵە پشکنینەکانی عێراقی فیدراڵ تێبپەڕێنن.<br><br>• ڕێگا ستراتیژییەکە ئامانجی ئەوەیە ئەو دەستێوەردانانە تێکەڵ بکات کە مەبەستیان پاڵپشتیکردنی تاکەکان و خێزانەکانە بۆ شوێنکەوتنی ئەو ڕێگایەی کە دەیانەوێت بیگرنە بەر بۆ چارەسەرەکان بەشێوەیەکی سەلامەت و شکۆمەندانە، دڵنیابوونەوە لەوەی هەموو ئەو خەڵکانەی لە کامپەکاندا نیشتەجێن دواجار هاریکاری دەکرێن لە خستنەڕووی ئەو ئاستەنگانەی کە لەبەردەم بەدەستهێنانی ئەو چارەسەرەدان کە لەلای ئەوان باشترینە یاخود بۆ دیاریکردنی ڕێگاچارەی جێگرەوە و درێژخایەن. ئەمە پێویستی بەوە دەبێت ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ و **UNHCR** و هاوبەشەکانی تر لە نزیکەوە بە هەماهەنگی کاربکەن، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی هیچ کۆمەڵ یاخود گرفتێکی دانیشتووان بێ پاڵپشتی بکرێن یاخود دووچاری درێژکردنەوەی ناپێویستی ڕاگواستن ببنەوە یاخود بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی مەترسیی سەلامەتی ببنەوە لە کاتی جێهێشتنی کامپەکاندا. ڕێگا پێشنیارکراوەکە بە چەند قۆناغێک دادەڕێژرێت، بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی ئەو خێزانانەی ئاستەنگی کەمتر ئاڵۆزیان هەیە لە شوێنکەوتنی ئەو ڕێگایانەی کە لەلایان باشترە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا لەکاتی دەستکردن بەو داکۆکیکردن و گفتوگۆیانەی ئامانجیان پاڵپشتیکردنی جێهێشتنی کامپەکانە بۆ کەسانی تر لە قۆناغەکانی دواتردا. |

| ئەو کامپانەی کە سلێمانی بەڕێوەیان دەبات | تایبەتمەندییە گرنگەکان | نوێکردنەوە دەربارەی چارەسەرەکان |
|---|---|---|
| **١١،٠٣٣ کەس لە ٤ کامپدا**<br><br>عەربەت و ئاشتی (سلێمانی) قۆرەتوو (دیالە) و تازەدێ (سلێمانی): بەڕێوەبردنی گەرمیان | • زێدی نیشتەجێبووونی سەرەکی سەلاحەدینە (بلد، یثریب، دجایل). زێدەکانی تری نیشتەجێبوون ئەمانە دەگرنەوە: دیالە، سنجار، جورف السخر.<br>• بەپێی دوایین ڕاپرسیی نیازی ڕێکخراوی ڕیچ، ٣٪ ی خانەوادە ئاوارەکان بەپێی راپۆرت نیازیان هەبووە لەماوەی ساڵێکدا بگەڕێنەوە. سەرباری ئەوەش، سێ چارەکی ئەو کەسانەی بەپێی ڕاپۆرت نیازی گەڕانەوەیان نەبووە لەو ساڵەدا، هێشتا ڕایانگەیاندووە کە حەزدەکەن ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان. | **پلانەکانی حکومەت بۆ یەکخستنی کامپەکان:**<br>• تێکەڵکردنی کامپی قۆرەتوو بە کامپی تازەدێ، و کامپی عەربەت بە کامپی ئاشتی.<br>• نزیکەی ٢٥٠ چوارچێوەی بونیادنراو کە لە کامپی تازەدێ بەردەستن و دەتوانن ئەو ٩٠ خێزانە ئاوارەیە وەربگرن کە لەئێشتادا لە کامپی قۆرەتوو نیشتەجێن، هەروەها زیاتر لە ٥٦٠ جێگەی بەتاڵ بۆ خێمە بەردەستن لە کامپی ئاشتی بۆ وەرگرتنی ئەو ٢٧٧ خێزانە ئاوارەیەی کە ئێستا لە کامپی ئاوارەکانی عەربەت نیشتەجێن.<br>• کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەنابەران (UNHCR) داکۆکیدەکات لەپێناو ئەوەی ئاوارەکانی کامپی خێمەی ئاشتی خۆیان پەناگەکانیان نۆژەن بکەنەوە. |

# کورتکراوەکان

| | | |
|---|---|---|
| بەرپرسیاریتی بۆ دانیشتوانە زیان لێکەوتووەکان | AAP | Accountability to Affected Populations |
| هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان | ABC | Area-Based Coordination |
| زێدی نیشتەجێ بوون | AoO | Areas of Origin |
| تیمی ئەرکی داکۆکیکار | ATT | Advocacy Task Team |
| گرووپی کاری هەڵسەنگاندن | AWG | Assessment Working Group |
| هەماهەنگیکردنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ | CCCM | Camp Coordination and Camp Management |
| گرووپەکانی کاری پەروەردەی کۆمەڵگا | CEAG | Community Education Action Groups |
| کۆرۆناڤایرۆس بەهۆی سارس-کۆڤید-2 | COVID-19 | Coronavirus caused by SARS-CoV-2 |
| پاراستنی منداڵ | CP | Child Protection |
| یارمەتیدانی کاش وپسوڵە | CVA | Cash and Voucher Assistance |
| پەیوەندی کردن لەگەڵ کۆمەڵگاکان | CwC | Communication with Communities |
| گرووپی کاری کاش | CWG | Cash Working Group |
| ماتریکسی دەستنیشانکردنی راگوێزراوان | DTM | Displacement Tracking Matrix |
| هێزی ئەرکی چارەسەرە دوورمەوداکان | DSTF | Durable Solutions Task Force |
| گرووپی کاری تەکنیکی چارەسەرە دوورمەوداکان | DSTWG | Durable Solutions Technical Working Group |
| کۆمەڵی پەروەردە | EDC | Education Cluster |
| مەترسی تەقەمەنی | EH | Explosive Hazard |
| کۆمەڵی بژێوی فریاگوزاری | ELC | Emergency Livelihoods Cluster |
| تەقەمەنی | EO | Explosive Ordnance |
| پاشماوەی تەقەمەنییەکانی جەنگ | ERW | Explosive Remnants of War |
| ئاگادارکردنەوەی زوو، تۆڕی ئاگادارکردنەوە و وەڵامدانەوە | EWARN | Early Warning, Alert and Response Network |
| رێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ | FAO | Food and Agriculture Organization |
| کۆمەڵی ئاسایشی خۆراک | FSC | Food Security Cluster |
| ئامرازی چاودێریکردنی سایتە فەرمیەکان | FSMT | Formal Sites Monitoring Tool |
| توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر | GBV | Gender-based Violence |
| سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر | GBVIMS | Gender-Based Violence Information Management System |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆ | GDWS | General Directorate of Water and Sewerage |
| ڕوانگەی مرۆیی جیهانی | GHO | Global Humanitarian Overview |
| حکومەتی عێراق | GoI | Government of Iraq |
| پاراستنی گشتی | GP | General Protection |
| رێکخەری مرۆیی | HC | Humanitarian Coordinator |
| تیمی کاری مرۆیی وڵات | HCT | Humanitarian Country Team |
| سیستەمی چاودێری بەردەستی سەرچاوە تەندروستیەکان و خزمەتگوزاریەکان | HeRAMS | Health Resources and Services Availability Monitoring System |
| تیمی ئەرکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ | HERETT | Human Rights Engagement Task Team |
| خانەواده | HH | Household |
| خانووبەرە و زەوی و موڵک | HLP | Housing, Land and Property |
| ڕوانگەی پێویستییە مرۆییەکان | HNO | Humanitarian Needs Overview |

| | | |
|---|---|---|
| خولگەی بەرنامەی مرۆیی | HPC | Humanitarian Programme Cycle |
| پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی | HRP | Humanitarian Response Plan |
| روانگەی گۆڕانکاری کاری مرۆیی | HTO | Humanitarian Transition Overview |
| لیژنەی کارکردنی نێوان ئاژانسەکان | IASC | Inter-Agency Standing Committee |
| گرووپی هەماهەنگی نێوان کۆمەڵەکان | ICCG | Inter-Cluster Coordination Group |
| کۆڕبەندی نەختینەی عێراق | ICF | Iraq Cash Forum |
| ئاوارەی ناوخۆیی | IDP | Internally Displaced Person/s |
| ئامێری تەقەمەنی دروستکراو | IED | Improvised Explosive Device |
| ناوەندی زانیاری عێراق | IIC | Iraq Information Centre |
| ئاژانسی کاروباری مین لەکوردستانی عێراق | IKMAA | Iraq Kurdistan Mine Action Agency |
| گرووپی کاری بەڕێوەبردنی زانیاری | IMWG | Information Management Working Group |
| رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران | IOM | International Organization for Migration |
| دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام | ISIL | Islamic State of Iraq and the Levant |
| هەڵسەنگاندنی خێرای بازاڕ هاوبەش | JRAM | Joint Rapid Market Assessments |
| دەستپێشخەری چاودێریکردنی نرخی هاوبەش | JPMI | Joint Price Monitoring Initiative |
| حکومەتی هەرێمی کوردستان | KRG | Kurdistan Regional Government |
| هەرێمی کوردستانی عێراق | KRI | Kurdistan Region of Iraq |
| کاری مین | MA | Mine Action |
| هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە-کۆمەڵ | MCNA | Multi-Cluster Needs Assessment |
| پێرستی کارکردنی بازاڕ | MFI | Market Functionality Index |
| پشتگیری تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی | MHPSS | Mental Health and Psychosocial Support |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و خانووبەرە و شارەوانییە گشتییەکان | MoCHPM | Ministry of Construction, Housing and Public Municipalities |
| وەزارەتی پەروەردە | MoE | Ministry of Education |
| وەزارەتی دەرەوە | MoFA | Ministry of Foreign Affairs |
| وەزارەتی تەندروستی | MoH | Ministry of Health |
| وەزارەتی داد | MoJ | Ministry of Justic |
| وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | MoLSA | Ministry of Labour and Social Affairs |
| وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران | MoMD | Ministry of Migration and Displacement |
| وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار | MoMT | Ministry of Municipalities and Tourism |
| وەزارەتی لاوان و وەرزش | MoYS | Ministry of Youth and Sports |
| بابەتی ناخۆراکی | NFI | Non-Food Item |
| کۆمەڵەی تەندروستی نیشتمانی | NHC | National Health Cluster |
| رێکخراوی ناحکومی | NGO | Non-Governmental Organization |
| کۆمەڵەی پاراستنی نیشتمانی | NPC | National Protection Cluster |
| نووسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی | OCHA | Office for the Coordination of Humanitarian Affairs |
| گرووپی داکۆکی لە سیاسات | PAG | Policy Advocacy Group |
| چاودێری پاش دابەشکردن | PDM | Post-Distribution Monitoring |
| ئەو کەسانەی کە لە پێویستیدان | PIN | People in Need |
| سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەیی پەنابەران | REIP | The Refugee Education Integration Policy |
| کۆمەڵی-لاوەکی | SC | Sub-Cluster |
| دامەزراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابووری | SEED | Social, Educational, and Economic Development Foundation |
| پەناگە و پێداویستیە ناخۆراکیەکان | SNFI | Shelter and Non-Food Items |
| گرووپی راوێژکاری گۆڕانکاری | TAG | Transition Advisory Group |

| | | |
|---|---|---|
| نەتەوە یەکگرتووەکان | UN | United Nations |
| تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان | UNCT | United Nations Country Team |
| بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان | UNDP | United Nations Development Programme |
| سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان | UNFPA | United Nations Population Fund |
| کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران | UNHCR | United Nations High Commissioner for Refugees |
| سندوقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان | UNICEF | United Nations Children's Fund |
| چوارچێوەی هاریکاریی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان | UNSCDF | United Nations Sustainable Development Cooperation Framework |
| دۆلاری ویلایەتە یەکگرتووەکان | US$ | United States Dollar |
| تەقەمەنی نەتەقێنراو | UXO | Unexploded Ordnance |
| شیکردنەوە و نەخشەدانانی پێگەی لاوازی | VAM | Vulnerability Analysis and Mapping |
| ئاو و پاکژی و تەندروستی | WASH | Water, Sanitation and Hygiene |
| بەشی تواناسازی ژنان | WED | Women Empowerment Department |
| بەرنامەی خۆراکی جیهانی | WFP | World Food Programme |
| ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی | WHO | World Health Organization |

# پێداچونەوەیەک بۆ گۆڕانکاری کاری مرۆیی

## عێراق

لە شوباتی 2023 دەرچووە